حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکــۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییـەکان
سکوڵی زمان

# ڕۆنانی فرێز
# لەزاری کرمانجیی ناوەڕاست و کرمانجیی ژورودا

نامەیەکە

**طە ڕەحیم ڕەشید**

پێشکەشی ئەنجومەنی سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانیی کردووە، بەشێکە لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەزمانی کوردیدا.

سەرپەرشت

**پ.د.فەرەیدون عەبدول محەمەد**

(2715)ی کوردی (1436)ی کۆچی (2015)ی زایینی

ئەم نامەیە (ڕۆنانی فرێز لەزاری کرمانجیی ناوەڕاست و کرمانجیی ژوورودا) لەلایەن خوێندکار (**طه ڕەحیم ڕەشید**)ەوە، بە سەرپەرشتی من لەزانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لەپێداویستییەکانی پلەی ماستەر لەزمانی کوردیدا.

ناو: پ.د. **فەرەیدون عەبدول محەمەد**

ڕۆژ: 7 / 6 / 2015

بەپێی ئەم پێشنیازە ، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: **پ.ی.د. کاروان عومەر قادر**

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕۆژ: 7 / 6 / 2015

**ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (            ) بڕوانامەی ماستەری لەزمانی کوردیدا پێبدرێت.**

**پ. ی. د. عەبدولجەبار  مستەفا مەعروف**
**ئەندام**
2015 / 7 / 28

**پ. د. بەکر عومەر عەلی**
**سەرۆکی لیژنە**
2015 / 7 / 28

**پ. ی. د. مەهاباد کامیل عەبدوڵا**
**ئەندام**
2015 / 7 / 28

**پ. د. فەرەیدون عەبدول بەرزنجی**
**ئەندام و سەرپەرشت**
2015 / 7 / 28

**لەلایەن ئەنجومەنی سکوڵی زمانەوە پەسەندکرا.**

**د.کاوان عوسمان عارف**
**سەرۆکی سکوڵی زمان**
**ڕۆژ:**      /      / 2015

# ئەم نامەیە پێشکەشە بە:

☜ دایکی خۆشەویستم.

☜ هاوسەرو هاوڕێی ژیانم.

☜ جگەرگۆشەی شیرینم (ڤاناس).

☜ هەمو کوردێکی نیشتمانپەروەر.

# سوپاس و پێزانین

**سوپاس و پێزانینم بۆ:**

- خوای گەورە ، کە توا نا و دا نایی و پ شودرێژی و لەش ساغی پێبەخ شیم ، بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە.
- وەزارە تی خوێ ندنی بالاّ و توێژی نەوەی زان ستی و وەزارە تی پەروەردەی حکو مەتی هەرێمی کورد ستان و سکوڵی ز مان و بە شی کوردی، کەهەمی شە پ شتگیریی خوێندنی بالاّ دەکەن‌و بەپەرۆشەوە هەوڵی بەرەوپێشچونی دەدەن.
- پ.د. فەرە یدون عە بدول محە مەد ، مامۆ ستای گەورە و خۆشەوی ستم ، کە بەدڵ سۆزی ئەرکی سەرپەر شتیکردنی نامە کەی گر تە ئە ستۆ و لەبەدە ست خ ستنی سەرچاوەشدا هاوکاریی زۆری کردوم.
- پ.ی.د. عەبدو لجەبار م ستەفا مەعروف، هەمی شە لەخۆبوردووا نە وەلاّ می پرسیارەکانمی بەسەرنج‌و تێبینی ورد داوەتەوە.
- بەڕێزان پ.د. بەکر عو مەر عەلی، پ.ی.د. کاروان عو مەر قادر، بە سەرنج و تێبینییەکانیان هاوکارییان کردوم.
- پ.ی.د. عە بدولوەهاب خال ید مو سا ، کە لەپا سادانکردنی نمو نەکانی کر مانجیی ژورودا هاوکاریی کردوم و وەڵامی پرسیارەکانمی داوەتەوە.
- بەڕێزان پ.ی.د. سەباح ڕە شید قادر، پ.ی.د. ئەبو بەکر عو مەر قادر کە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانمدا هاوکارییان کردوم.
- بەڕێزان هەکار ئام ێدی و فاروق عو مەر محە مەد، لەپا سادانکردنی نمو نەکانی کرمانجیی ژورودا هاوکارییان کردوم.
- گ شت ئەو مامۆ ستا بەڕێزو خۆشەوی ستانەی لەخوێ ندنی باڵادا وا نەیان پێو تو م و دڵسۆزانە هاوکارییان کردوم.
- هەمو ئەو مامۆ ستا و هاوڕێیا نەم، کە لەوەرگێرانی هە ندێك لە سەر چاوەکاندا هاوکاریان کردوم.
- کارمە ندانی کتێبخا نەی سکوڵی ز مان، کتێبخا نەی گ شتیی سلێمانی، کتێبخا نەی ناوە ندیی زان کۆی سلێمانی و زان کۆی کۆ یە و زان کۆی سەلاحەدین، کە لە بەدەستخستنی سەرچاوەدا کارئاسانیان بۆ کردوم.

| هێماوکورتکراوەکان | |
|---|---|
| یان | / |
| دەبێت بە | ← |
| بۆ بەشداربوون یان پێکەوەبەستن | + |
| بۆ بەشدارنەبوون | - |
| ناڕێزمانی/ڕاڤەنەکراو | ★ |
| مۆرفیمی سفر | ∅ |
| بۆ نیشانەی واتایی | [ ] |
| مۆرفیم | / / |
| زاری کرمانجیی ناوەڕاست | ز ك ن |
| زاری کرمانجیی ژورو | ز ك ژ |
| پێشگر | /- .../ |
| پاشگر | /... -/ |
| دەقی وەرگیراو وەك خۆی | (( )) |
| دەقی وەرگیراو بە دەستکارییەوە/بۆ سەرنجڕاکێشان | ( ) |
| و | □ |
| هەتا دوایی/ دەق کۆتایی نەهاتووە | ...هتد |
| دیارخەر | D/Det |
| مۆرفیمی خستنەپاڵ/ کلیتیکی خاوەنێتی | d/det |
| سەر | X |
| فرێزی هەمەجۆر/ پڕۆژەی ناوەند | X' |
| پڕۆژەی گەورە | XP/X'' |

| | |
|---|---|
| وشەی نیشانە | Dem. |
| مۆرفیمی بەستنەوە | Conj |
| ناو | N |
| فرێزی ناوی | NP |
| فرێزی ئاوەڵناوی | AP |
| پێشناو | P |
| فرێزی پێشناوی | PP |
| فرێزی ئاوەڵکرداری | ADVP |
| فرێزی دیارخەری | DP |
| فرێزی کرداری | VP |
| دیاریکار | Spec |
| تەواوکەر | Comp. |
| ڕۆنانی ناوەوە | DS |
| ڕۆنانی دەرەوە | SS |
| یاساکانی ڕۆنانی فرێز | PSRs |
| فۆڕمی لۆژیکی | LF |
| فۆڕمی فۆنەتیکی | PF |
| ڕستە | S |
| فرێزی (کات و کەس) | IP |
| فرێزی تەواوکاری/پاڕستە | CP |

| | |
|---|---|
| **لیستی زاراوەکان** | |
| **ئـ** | |
| ئابوری | Economy |
| ئاوەڵکردار | Adverbial |
| ئاوەڵناوئاسا | Adjectival |
| ئەکوزەتیڤ | Accusative |
| ئەرکی | Functional |
| ئێرگەتیڤ | Ergative |
| **ب** | |
| بەستنەوە | Binding |
| بنکە | Base |
| بەند | Bound |
| بەرکاری ناڕاستەوخۆ | Indirect object |
| **پ** | |
| پارامیتەر | Parameter |
| پارامیتەری سەر | Head Parameter |
| پلە | Degree |
| پلەی بەراورد | Comparative |
| پلەی باڵا | Superlative |
| پەیوەندی ڕێزمانی | Grammatical Relation |
| پێکهاتە | Component |
| **ت** | |
| تاکبەند | Distributive |
| تەواوکەر | Complement |

| | |
|---|---|
| Transitive | تێپەڕ |
| Intransitive | تێنەپەڕ |
| Government Theory | تیۆری دەسەڵات |
| Binding Theory | تیۆری بەستنەوە |
| X-bar Theory | تیۆری ئێکس  باڕ |
| Government and Binding Theory | تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە |
| Performance | توانا |
| Competence | توانست |
| | **ج** |
| Position | جێکەوتە |
| Maximal Projection | جێکەوتەی گەورە(مەزن) |
| Intermediate Projection | جێکەوتەی ناوەند |
| Lexical Projection | جێکەوتەی فەرهەنگی |
| Kind | جۆر |
| | **چ** |
| Type | چەشن |
| Context  | چوارچێوەی قسەکردن |
| Concept | چەمك |
| | **خ** |
| Sisterhood | خوشکایەتی |
| | **د** |
| Case | دۆخ |
| Nominative case  | دۆخی بکەری |
| Accusative case  | دۆخی بەرکاری |
| Dative case/Prepositional case  | دۆخی پێشناوی |
| Genitive case  | دۆخی خستنەپاڵ |
| Grammatical case | دۆخی ڕێزمانی |

| | |
|---|---|
| Structural Case | دۆخی ڕۆنانی (تیان) |
| Determiner | دیارخەر |
| Adverbial utterances | دەربڕراوە ئاوەڵکردارییەکان |
| Binary | دوانەیی |
| | ڕ |
| Structure | ڕۆنان |
| Interpretable | ڕاڤەکراو |
| Principle | ڕێسا |
| Principles and Parameters | ڕێساکان و پارامیتەرەکان |
| Agreement | ڕێککەوتن |
| Sentence | ڕستە |
| Sentence Structure | ڕۆنانی ڕستە |
| | س |
| Head | سەر |
| Optionally | سەرپشکی |
| Functional Head | سەری ئەرکی |
| Lexical Head | سەری فەرهەنگی |
| Semantic Head | سەری واتایی |
| Head Initial | سەر سەرەتا |
| Head Final | سەر کۆتا |
| Interface | سنورهاوبەشی |
| Specifier | سپێسی فایەر/دیاریکار |
| Adjunct | سەربار |
| Context | سیاق (دەوروبەر) |
| Free | سەربەست |

| | |
|---|---|
| Lexical Feature | سیمای فەرهەنگی |
| Feature | سیما/نیشانە |
| | ش |
| Infection | شکاندنەوە |
| Analysis | شیکاری |
| | ف |
| Phrase | فرێز |
| Noun Phrase | فرێزی ناوی |
| Adjectival Phrase | فرێزی ئاوەڵناوی |
| Determiner Phrase | فرێزی دیارخەری |
| Prepositional Phrase | فرێزی پێشناوی |
| Adverbial Phrase | فرێزی ئاوەڵکرداری |
| Verbal Phrase | فرێزی کرداری |
| Complementizer Phrase | فرێزی تەواوکاری (پاڕستە) |
| Inflectional Phrase | فرێزی کات و کەسدار |
| Logical Form | فۆڕمی لۆژیکی |
| Phonetic Form | فۆڕمی فۆنەتیکی |
| Genitive Phrase | فرێزی خستنەپاڵ |
| Possessive Genitive Phrase | فرێزی خستنەپاڵی خاوەنداری |
| Proper Genitive Phrase | فرێزی خستنەپاڵی تایبەتی |
| Adjective Genitive Phrase | فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی |
| Simple Noun Phrase | فرێزی ناویی سادە |
| | ك |
| Lexical Category | کەتیگۆری فەرهەنگی |
| Syntactical Category | کەتیگۆری سینتاکسی |

| | |
|---|---|
| Head Category | کەتیگۆری سەر |
| Redundant | کەمبەها (چەندبارەبوی ناپێویست) |
| Inflection (INFL = I) | کات و کەس |
| Verb | کردار |
| Defective Verb | کرداری ناتەواو(بێهێز) |
| | گ |
| Pronunciation | گۆکردن |
| | م |
| Morpho Syntax | مۆرفۆسینتاکس |
| | ن |
| Article | ناسراوی و نەناسراوی |
| | ه |
| Syntactical conduct | هەڵسوکەوتی سینتاکسی |
| Stress | هێز (قورسایی خستنەسەر) |
| | و |
| Constituent | وەچەپێکهاتە |
| Demonstrative | وشەی نیشانە |
| | ی |
| Phrase Structure Rules | یاساکانی ڕۆنانی فریز(فریز پێکهێنان) |

# ناوەرۆك


| ژ. لاپەڕە | ناونیشانی بابەت |
|---|---|
| | **پێشەکی** |
| 1 | 1/0 ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە |
| 1 | 2/0 هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە |
| 2 | 3/0 کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە |
| 2 | 4/0 ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە |
| 2 | 5/0 گرفتی لێکۆڵینەوەکە |
| 3 | 6/0بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە |
| 5 | **بەشی یەکەم: ڕۆنانی فرێز لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا** |
| 5 | 1/1) ڕێڕەوی قۆناغە مێژوییەکانی گەشەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (GB) |
| 7 | 1/1- 1) ڕۆنانە سینتاکسییەکان (Syntactic Structure) |
| 9 | 1/1- 2) تیۆری ستاندارد (Standard Theory) |
| 10 | 1/1- 3) تیۆری ستانداردی فراوانکراو ( Extended Standard Theory) |
| 11 | 1/1- 4) بەسەرداچونەوەی تیۆری ستانداردی فراوانکراو (REST) |
| 12 | 1/1- 5) تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (Government and Binding Theory) |
| 15 | 1/1- 6) تیۆری X- باڕ (X-bar Theory) |
| 20 | 2/1) فرێز |
| 21 | 2/1- 1) ڕۆنانی فرێز |
| 22 | 3/1 ) چەشنەکانی فرێز |
| 22 | 3/1- 1 ) فرێزی ناوی (NP) |
| 22 | 3/1- 1 - 1 ) جۆرەکانی فرێزی ناوی |
| 22 | 3/1- 1- 1- 1 ) فرێزی ناوی سادە |
| 24 | 3/1- 1- 1- 2) فرێزی ناویی نادە (فراوانکراو) |
| 25 | 3/1- 1- 2) ڕۆنانی ناوەوەی فرێزی ناوی |

| | |
|---|---|
| 28 | 3/1 -1 -3 ) ڕۆنانی دەرەوەی فرێزی ناوی |
| 29 | 3/1 -1 -4 ) دەرخەرەکانی فرێزی ناوی |
| 29 | 3/1 -1 -4 -1 ) دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی ناوی |
| 35 | 3/1 -1 -4 -2) دەرخەرەکانی دواوەی فرێزی ناوی |
| 43 | 3/1 -1 -5) دیارخەرەکان |
| 43 | 3/1 -1 -5 -1 ) ناسراوی و نەناسراوی |
| 44 | 3/1 -2 ) فرێزی دیارخەری (DP) |
| 51 | 3/1-2 -1 ) دەرخەرەکانی فرێزی دیارخەری |
| 51 | 3/1-2 -1 -1 ) دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی دیارخەری |
| 55 | 3/1 -3 ) فرێزی ئاوەڵناوی (AP) |
| 56 | 3/1 -3 -1 ) ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناوی |
| 56 | 3/1 -3 -1 - 1 ) ڕۆنانی ناوەوەی فرێزی ئاوەڵناوی |
| 59 | 3/1 -3 - 1 -2 ) ڕۆنانی دەرەوەی فرێزی ئاوەڵناوی |
| 60 | 3/1 -1 -4 -2 ) دەرخەرەکانی پاش سەر |
| 62 | 3/1 -4 ) فرێزی پێشناوی/بەند(PP) |
| 65 | 3/1 -4 -1 ) دەرخەرەکانی فرێزی پێشناوی (بەند) |
| 66 | 3/1 -4 - 1 - 1 ) دەرخەرەکانی پێش سەر |
| 67 | 3/1 -5 ) فرێزی ئاوەڵکرداری (ADVP) |
| 69 | 3/1 -5 - 1 ) دەرخەرەکانی فرێزی ئاوەڵکرداری |
| 70 | 3/1 -5 - 1 -1 ) دەرخەرەکانی پێش سەر |
| 71 | 3/1 -6 ) فرێزی کرداری (VP) |
| 72 | 3/1 -6 -1 ) ڕۆنانی ناوەوەی فرێزی کرداری |
| 73 | 3/1 -6 -2 ) ڕۆنانی دەرەوەی فرێزی کرداری |
| 79 | **بەشی دووەم: ڕۆنانی فرێز لە زاری کرمانجیی ژوورودا** |
| 79 | 1/2 ) هەندێ تایبەتێتی زاری کرمانجیی ژورو |
| 79 | 1/2 -1 ) دیارخەرەکان |
| 79 | 1/2 -1 -1 ) ناسراوی و نەناسراوی |
| 81 | 1/2 -2 ) مۆرفیمی خستنەپاڵ |
| 82 | 1/2 -3 ) مۆرفیمەکانی دۆخ لە کرمانجیی ژوروودا |

| | |
|---|---|
| 84 | 1/2 -4) دۆخی ڕێزمانی |
| 84 | 1/2 -4 -1 ) جێکەوتەی دۆخ |
| 90 | 2/2 ) چەشنەکانی فرێز |
| 90 | 2/2 -1 ) فرێزی ناوی (NP) |
| 90 | 2/2 -1 -1 ) جۆرەکانی فرێزی ناوی |
| 91 | 2/2 -1 -1 -1) فرێزی ناویی سادە |
| 92 | 2/2 -1 -1 -2) فرێزی ناویی ناسادە |
| 93 | 2/2 -1 -2) دەرخەرەکانی فرێزی ناوی |
| 93 | 2/2 -1-2 -1) دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی ناوی |
| 96 | 2/2 -1-2 -1) دەرخەرەکانی دواوەی فرێزی ناوی |
| 99 | 2/2-2 ) فرێزی دیارخەری (DP) |
| 105 | 2/2 -2 - 1 ) دەرخەرەکانی فرێزی دیارخەری |
| 105 | 2/2 -2 -1 -1 ) دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی دیارخەری |
| 106 | 2/2 -3 ) فرێزی ئاوەڵناوی (AP) |
| 106 | 2/2 -3 -1) فرێزی ئاوەڵناویی سادە |
| 107 | 2/2 -3 -2) فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی |
| 110 | 2/2 -3 -3 ) دەرخەرەکانی پێش سەر |
| 111 | 2/2 -3 -4 ) دەرخەرەکانی پاش سەر |
| 113 | 2/2-4 ) فرێزی پێشناوی/ بەند (PP) |
| 115 | 2/2-4 - 1 ) دەرخەرەکانی فرێزی پێشناوی |
| 115 | 2/2-4 - 1 -1 ) دەرخەرەکانی پێش سەر |
| 116 | 2/2 -5 ) فرێزی ئاوەڵکرداری (ADVP) |
| 118 | 2/2 -5 - 1 ) دەرخەرەکانی فرێزی ئاوەڵکرداری |
| 118 | 2/2 -5 - 1 -1 ) دەرخەرەکانی پێش سەر |
| 119 | 2/2 -6 ) فرێزی کرداری (VP) |
| 124 | **بەشی سێیەم: ڕۆنانی فرێز لە هەردو زارەکەدا** |
| 124 | 1/3 **کۆی گشت یاسا بەدەستهاتووەکان لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا** |
| 124 | 1/3 -1) یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فرێزی ناویدا |

| | |
|---|---|
| 124 | یەکەم/ فرێزی ناویی سادە |
| 124 | دووەم/ دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی ناویی سادە |
| 125 | سێیەم/ فرێزی ناویی خستنەپاڵ |
| 125 | 3/1- 2) یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فرێزی دیارخەریدا |
| 125<br>126 | یەکەم/ یاساکانی ڕۆنانی فرێزی دیارخەری<br>دووەم/ دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی دیارخەری |
| 127 | 3/1- 3) یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناویدا |
| 127 | یەکەم/ فرێزی ئاوەڵناویی سادە |
| 127 | دووەم/ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی |
| 127 | سێیەم/ فرێزی ئاوەڵناوی لە سەر و تەواوکەر بەبێ خستنەپاڵ پێکهاتبێت |
| 128 | چوارەم/ دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی ئاوەڵناوی |
| 128 | 3/1- 4) یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فرێزی پێشناویدا |
| 128 | یەکەم/ یاساکانی ڕۆنانی فرێزی پێشناوی |
| 128 | دووەم/ دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی پێشناوی |
| 129 | 3/1- 5) یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵکرداریدا |
| 129 | یەکەم/ یاساکانی ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵکرداری |
| 129 | دووەم/ دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی ئاوەڵکرداری |
| 129 | سێیەم/ جێکەوتەی پێکەوەهاتنی فرێزە ئاوەڵکرداری و پێشناوییەکان |
| 130 | 3/1- 6) یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فرێزی کرداریدا |
| 130 | یەکەم/ یاساکانی ڕۆنانی فرێزی کرداری (کرداری تەواو) |
| 131 | دووەم/ یاساکانی ڕۆنانی فرێزی کرداری (کرداری ناتەواو) |
| 132 | 3/2) کۆی گشت یاسا بەدەستهاتووەکان لە زاری کرمانجیی ژوورودا |
| 132 | 3/2- 1) یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فرێزی ناویدا |
| 132 | یەکەم/ فرێزی ناویی سادە |
| 132 | دووەم/ دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی ناویی سادە |

| | |
|---|---|
| 133 | سێیەم/ فرێزی ناویی خستنەپاڵ |
| 133 | 2/3- 2) یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فرێزی دیارخەریدا |
| 133 | یەکەم/ یاساکانی ڕۆنانی فرێزی دیارخەری |
| 134 | دووەم/ دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی دیارخەری |
| 135 | 2/3- 3) یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناویدا |
| 135 | یەکەم/ فرێزی ئاوەڵناویی سادە |
| 135 | دووەم/ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی |
| 135 | سێیەم/ فرێزی ئاوەڵناوی لە سەر و تەواوکەر بەبێ خستنەپاڵ پێکهاتبێت |
| 135 | چوارەم/ دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی ئاوەڵناوی |
| 136 | 2/3- 4) یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فرێزی پێشناویدا |
| 136 | یەکەم/ یاساکانی ڕۆنانی فرێزی پێشناوی |
| 136 | دووەم/ دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی پێشناوی |
| 137 | 2/3- 5) یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵکرداریدا |
| 137 | یەکەم/ یاساکانی ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵکرداری |
| 137 | دووەم/ دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی ئاوەڵکرداری |
| 137 | سێیەم/ جێکەوتەی پێکەوەهاتنی فرێزە ئاوەڵکرداری و پێشناوییەکان |
| 138 | 2/3- 5) یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فرێزی کرداریدا |
| 138 | یەکەم/ یاساکانی ڕۆنانی فرێزی کرداری (کرداری تەواو) |
| 138 | أ) ڕابردو و ڕانەبردوی تێنەپەڕ |
| 139 | ب) ڕابردو و ڕانەبردوی تێپەڕ |
| 140 | دووەم/ یاساکانی ڕۆنانی فرێزی کرداری (کرداری ناتەواو) |
| 141 | 3/3) جیاوازی نێوان ڕۆنانی چەشن و جۆرەکانی فرێز لە هەردو زارەکەدا |
| 146 | ئەنجام |
| 148 | سەرچاوەکان |
| 154 | ملخص |
| 155 | Abstract |

## پێشەکی

### 1/0) ناونیشانو بواری لێکۆڵینەوەکە

ناونیـ شانی لێکۆڵینەوە کە بریتیـ یە  لە (ڕۆ نانی فر ێز  لە زاری کر مانجیی ناوەڕا ست و کر  مانجیی ژورودا)، لێکۆڵینەوە کە  بۆ ڕۆ نانی چە شن و جۆرە کانی فر ێز لە هەردو زاری کر  مانجیی ناوەڕا  ست و کر  مانجیی ژورودا  تەرخانکراوە، کارە  کە لا  یەنی ڕستە  سازی لەخۆدەگرێت و لەبەڵگە هێنانەوەکانیـ شدا  بەپێی پێویـ ستیی لێکۆڵینەوە کە  ئاوڕ لەلا یەنی واتاسازی و مۆرفۆلۆجی دراوەتەوە.

### 2/0) هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە

فرێز یەکێکە لەبابەتە گرنگەکانی ڕستەسازی، ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە  لەڕۆنانی ڕ ستەدا و پێکهێ نەری بنـ چینەیی ڕ ستەیە، گرنـ گی و ڕۆ ڵی لەژیا ندا و  کەمی لێکۆڵیـ نەوەی زانـ ستی  لەزمانی کورد یدا  لەم  بوارەدا، هۆ کارێکی  سەرەکی  بووە  بۆ هەڵبژاردنی بابەتە کە، وێڕای ئەوەش لەنێوەندی زمانەکانی جیهاندا بابەتێکی زیـ ندو و قسەلە سەرکراوە، لە گەڵ  ئەو ڕۆ ڵە گرنگە شیدا،  لە ز مانی کورد یدا وەك پێویـ ست  ئاوڕی لێنەدراوە تەوە و زۆر بەی  ئەو کارانە شی  کە  لەو  بوارەدا  کراون،  بەپێی لێکدا نەوەی کلا سیکی  بووە  و  بە جـ یا لەزارەکا ندا بەئەنجام گەیەنراون، ئەو کارانەش کە بەپێی ڕێز مانی  نوێ لەڕستە سازیدا  کراون، لەپە نجەی دەست تێناپەڕن و زیاتر بەلایەنی تیۆریـ یەوە  خەریك بون،  بەڵام ئەم لێکۆڵینەوە یە  کارێکی نوێیە و بەپێی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و لقە تیۆری (X- باڕ) بە سەر فرێزە کانی ز مانی کوردیدا پراکتیزەکراوە،  تـ یۆری  ئێکس  باڕیش  بە تـ یۆری ڕۆ نانی فر ێز نا سراوە،  بەوەی  کە لەسەر بنەمای لقکردنی کەتیگۆری سەر و تەواوکەر دا مەزراوە،  هەمو پەیوەندیـ یەکانی نـ ێوان سەر و تەواو کەر لەلا یەك و  سەر و  سپێك لەلا یەکی  تر ڕۆ نانین، لەبەر ئەوە دەبـ ینین ڕۆ نان ڕۆڵێکی  گرنـگ  لەم لێکۆڵینەوە یەدا دەبینـ ێت، وەك ئا ماژەی پـ ێدرا تیۆرە کەش بە سەر ز مانی کورد یدا پراکتیزە کراوە و هەوڵێ کە  بۆ خـ ستنەڕوی ڕۆ نانی فر ێز و چە شن و جۆرەکانـ یان لە هەردو زاری کر مانجیی ناوەڕا ست و کر مانجیی ژورودا و خـ ستنەڕوی یا ساکانیان و پا شان بەراوردکردنیان، بەراوردکردنی نێوان دو زاریش نرخ و بەهای تایـ بەتیی  خۆی هە یە،  چونکە لا یەنی لێك چون و جـ یاوازی کەرە ستە  بەراوردکراوەکان دەردە خات و تایبەتمە ندی  هەردو زارەکەش دەخاتەڕو،  بەمەش  هەندێ لایەنی تاریکی تیۆرەکە بۆ یە کەمجار  لەزمانی کورد یدا ڕوناك دەکرێنەوە .

## 3/0) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە

کەره ستەو نمو نەکانی ئەم لێکۆڵینەوه یه جگه لەهه ندێ نمو نەی سەر چاوه بەکارهاتووەکان، لەئاخاوتنی ئێستای قسەپێکەرانی زاری کرمانجیی ناوەڕاست ( شێوەزاری سلێمانی) و زاری کرمانجیی ژورو (ناوچەی بادینانی هەرێمی کوردستان )، بە تایبەتی (دهۆك و ئامێدی)وەرگیراوه .

## 4/0) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆ نانی فر ێز لەچوار چێوەی ئەم نامه یەدا ڕێبازی شیکردنەوەی په سنکەرانه پەیرەوکراوە، تیۆری بەکارهاتوش تیۆری دەسەڵات و به ستنەوەیە، بۆ چۆنێتی ڕۆ نانی فرێزه کان و خستنەڕوی یاساکانیان پشت بە تیۆری ($X$- باڕ) بەستراوە لە ($GB$)دا لە هەردو زارەکەدا.

## 5/0) گرفتی لێکۆڵینەوەکە

لەهەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا کۆ مەڵێك گر فت لە بەردەم لێکۆ ڵەردا درو ستدەبێت، ئەو گرفتا نەی لەکاتی ئا مادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوە یەدا هاتۆ تە ڕێ گەمان، لەم خاڵا نەدا کورتیدەکەینەوە:

1- کارکردن لەڕێزماندا بە پێی تیۆرێکی ڕێزمانیی تازه و جیهانی، کارێکی ئاڵۆز و گرا نه، بەتایبەتی کە تا ئێستاش لەزما نەکانی جیها ندا مشتومڕ لە سەر گریما نەکانی ڕۆ نانی هه ندێ لەفرێزەکان هه یه و به تەواوەتی ساخ نەکراونه تەوه، ساخ کرد نەوەی گریمانەکان و پراکتیزەکردنیان بەسەر زمانی کوردیدا یەکێك بووه لەگرفتەکان.

2- کەمی سەرچاوەی پێویست لەو بارەیەوه لەزمانی کورد یدا و زۆر بەی سەر چاوەکان بە زمانی ئینگلیزی و پەیداکردن و وەرگێڕانی ئەو سەرچاوانە بۆ زمانی کوردی گرفتێکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیە بووه.

3- فره شێوەزاری لەزاری کرمانجیی ژورودا، وایکردووه کە لەناوچەیەکەوه بۆ ناو چەیەکی تری بادینان، جیاوازی لەڕۆنان و دەربڕینی کەرەستەکاندا هەبێت، ئەمە جگە لەوەی جیاوازیی زمانی لە نێوان پار چەکانی کورد ستانی گەورەدا هه یه، ڕەنگە کاریگەربونی ناوچەیەك بە پارچەیەك ڕەنگدانەوەی ئەو جیاوازییانه بێت، کە د یاریکردن و سنوردار کرد نی زاری کر مانجیی ژورو لە شێوەزارێکدا وەك زاری کر مانجیی ناوەڕا ست لەشێوەزاری سلێمانیدا، گرفتێکی تر بو، هەر لەبەرئه مه ئەم جیاوازییا نه پسپۆڕانی

زارەکەشی گرتۆتەوە و تێکەڵ بوونێك لەبارەی ناو نانی کەرەستەکان و نێر و مێیی و مۆرفیمی دۆخ و کەرەستەمۆرفۆسینتاک سیەکان و ئەر کە سینتاک سییەکەیان لە نو سینەکانیاندا هە یە، بۆ ڕەواند نەوەی ئەم گرفتە پشتم بە سەردانی مە یدانی بۆ دەڤەری بادینان بە ست ، تا لەنزیکەوە پسپۆڕان و قسەرپێکەرانی زارە کە بدوێنم و هاوبەشییەك لەنێوان ناوچەکاندا دروستبکەم، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا گرفتێکی تر بو.

## 6/0) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەپێشەکی و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە.

**بەشی یەکەم لەسێ پار پێکهاتووە.**

لەپاری یەکە مدا ڕ ێڕەوی قۆنا غە مێژوی یەکانی گە شەی ت یۆری دە سەڵات و بە ستنەوە خراوە تەڕو، تیا یدا بە کورتی سیما سەرەکییەکانی هەر قۆناغ ێك و کەموکورتی یەکان و هۆکارەکانی گەشە و گۆڕانی هەر قۆناغێك بۆ قۆناغێکی تر خراوە تەڕو، لە گەڵ ڕونکرد نەوەی تیۆری ئێکس باڕ و یاساکانیدا، کە لە بەش و پارەکانی دواتردا بۆ ڕۆ نانی فر ێز بە سەر ز مانی کوردیدا جێبەجێ کراوە.

پاری دووەم بۆ فر ێز و ڕۆ نانی فر ێز تەرخانکراوە، تیا یدا فر ێز و ڕۆ نانی فر ێز وەك زاراوە ڕونکراونەتەوە و سنور و هاوبەشیی ئاستەکانی زمان پەیوەست بە فرێزەوە خراوەتەڕو.

پاری سێیەم بۆ ڕۆنانی چەشن و جۆرەکانی فرێز لەزاری کرمانجیی ناوەڕاست (شێوەزاری سلێمانی) تەرخانکراوە، هەوڵدراوە مۆدێلەکانی چەشن و جۆرەکانی فرێز و یاساکانیان، بەپێی تیۆری بەکارهاتو بە نمونەوە لەم زارەدا دەستنیشانبکرێن، نمونەکانیش بۆ خستنەڕوی ڕۆڵی فرێزەکان لەڕستەدا خراونەتەڕو.

**بەشی دووەم بە ناونیشانی (ڕۆنانی فرێز لە زاری کرمانجیی ژورودا)یە، لەدو پار پێکهاتووە.**

پاری یەکەم بۆ هەندێ تایبەتێتی سینتاکسی زاری کرمانجیی ژورو لەخز مەتی لێکۆڵینەوە کەدا تەرخانکراوە، چونکە ئەم زارە خاوەنی هە ندێ تای بەتێتی سینتاک سییە، کە پێوی ستی بە ڕونکردنەوە هەیە، وەك (دیار خەرەکان (نا سراوی و نەنا سراوی)، و شەکانی نی شانە و جێ ناوە

**کەسییەکان، مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ، مۆرفیمەکانی دۆخ و نێر ومێیی و دۆخی ڕێزمانی )، کە هەمو ئەمانە لەم پارەدا تیشکیان خراوەتەسەر و بە نمونەوە لەم زارەدا خراونەتەڕو.**

**پاری دووەم بۆ ڕۆ نانی چە شن و جۆرە کانی فر ێز لەزاری کر مانجیی ژورودا تەرخانکراوە، هەوڵدراوە مۆدێل و چەشن و جۆرەکانی فرێز و یاساکانیان لەم زارەشدا دەستنیشانبکرێن.**

**بەشی سێیەم لەسێ پار پێکهاتووە.**

**لەپاری یەکەمدا کۆی گشت یاسا بەدەستهاتووەکانی ڕۆ نانی چە شن و جۆرە کانی فر ێز لەزاری کر مانجیی ناوەڕا ستدا بۆ هەر یەکێك لە فرێزە کان و ڕیز بونی کەرە سەکانی فر ێز و دەر خەرەکانیان خراونە تەڕو، کە ئەو یا سایانەن لە ئەنجامی شیکردنەوەکانماندا بۆ هەر فرێزێك بەدەستمان هێناون، لەگەڵ نمونەی ڕوت (مجرد) ی فرێزەکاندا.**

**لەپاری دووەمدا کۆی گشت یاسا بەدە ستهاتووەکانی ڕۆ نانی چە شن و جۆرە کانی فر ێز لەزاری کرمانجیی ژورودا لەگەڵ نمونەی ڕوتی فرێزەکان و سەرو ڕیزبونی دەرخەرەکان لە فرێزەکا ندا خراونەتەڕو.**

**پاری سێیەم بۆ ج یاوازی ن ێوان ڕۆ نانی چە شن و جۆرە کانی فر ێز لە هەردو زارە کەدا تەرخانکراوە.**

**لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا، ئەو ئەنجامانەی بەدەست هاتون خراونەتەڕو.**

# بەشی یەکەم

## 1) ڕۆنانی فرێز لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا

### 1/1) ڕێڕەوی قۆناغە مێژووییەکانی گەشەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (GB)

بەر لەتیۆری دەسەڵات و بەستنەوە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لەئەوروپا و ئەمەریکا ڕەوتێکی تازە لە زمانەوانیدا[1] هاتبووە ئاراوە، کە بەڕێبازی ڕۆنانکاری ناوبانگی دەرکردبو[2]، ئەم ڕەوتە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ باڵی بەسەر زۆربەی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی ئەوروپا و ئەمەریکادا کێشابو و لەزۆربەی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا جێبەجێ دەکرا، ڕێبازی ڕۆنانکاری زۆر لەداب و نەریتەکانی زمانەوانیی کۆنی لەبرەو خست، بە واتایەکی تر سەبارەت بە ڕۆنانی زمان تێڕوانینی تازەی داهێنا و ڕێگای شیاو و گونجاویشی لەلێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا بەکار دەهێنا، لەبەرئەوە کارێکی وا ئاسان نەبو، کە ڕەوتێکی تری زمانەوانی بتوانێت شوێن بەم ڕەوتە زمانەوانییە چۆڵ بکات، لەم ڕێبازەدا ڕۆنانکارەکان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا گرنگییان بەلایەنە هەستپێکراوەکانی زمان (فۆڕم) دەدا، واتە گرنگیدانی زیاد لە پێویست بە فۆڕم و بە هەند وەرنەگرتن و پشتگوێخستنی واتا، ئەمەش وایکرد تەنها چوارچێوە دیارەکانی زمان دەستنیشانبکرێت و گرنگییان بە زانیاریی زمان بەگشتی و زانیاریی قسەکەریش نەدەدا، هەروەها پەسنی حاڵەتی ئێستای زمانی (قسەکردن/ئاخاوتن) یان دەکرد، بە بۆچونی ئەوان فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی دو بابەتی بەرجەستەن، لەبەرئەوە جێی بایەخ و گرنگیپێدانیان بو، هەروەها باوەڕیان وابو کەهیچ پێکهاتەیەکی زمانیی لەمێشکی مرۆڤدا خۆرسك نییە، بەڵکو دەبێت لە ڕێگای کۆمەڵ و دەوروبەرەوە فێربکرێت (حاتەم ولیا محەمەد 2006: 7 ، سەلام ناوخۆش 2008: 46-47 ، 60-61)

1- چەمکی زمانەوانیی بە واتاو بوارە فراوانەکانی تەمەنێکی هێندە درێژی نییە و دەتوانین بڵێین لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی فردیناند دی سۆسێر و هاوڕێکانییەوە دەستپێدەکات، چونکە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و بەر لەویش ناچنە ناو خانەی لێکۆڵینەوەی زانستیی سیستماتیکیی زمانەوە، بەڵکو زیاتر چەند هەوڵێك بون بۆ نزیکبونەوە لە بەشێك یان چەند بەشێکی زمان یان چەند زمانێك (سەلام ناوخۆش 2008: 7) ، یان بارگاوی بون بە تێڕوانینە فەلسەفسییەکان و ئەو پرسیارانەی لەڕوانگەی فەلسەفییەوە دەربارەی گەردون دەکران ، هەر بەو شێوەیە لە زمانیان دەڕوانی و پرسیاریان لەبارەیەوە دەکرد .

2- لەم نامەیەدا (و) ی درێژ زۆر بەکەمی بەکارهێنراوە، تەنها لەو شوێنانەدا نەبێت، کە پێویستی بڕگە کردن ئەیهێنێتە ئاراوە وەك (کردووە، داڕشتووە، بووە...)، ئەویش بۆ جیاکردنەوەی دو ڤاوڵ لە یەکتری، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی باسێکی (د.بەکر عومەر عەلی ) ، لەسەر ( فۆنیمی (و) ی درێژ لە زمانی کوردیدا) داڕێژراوە، کە سەلماندویەتی (و)ی درێژ فۆنیمێکی زۆر سستە. بڕوانە ( بەکر عومەر عەلی 2005: 7- 18) گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارە (15) شوباتی 2005 ، بەشی B .

هەروەها کەموکورتییەکی تری ڕۆنانکارەکان ئەوەبو کە لەبەشەوە دەچون بۆ گشت، بەمەش دەوتریت (induktive)(محەمەدی مەحوی 2001: 11-12)

ئەو کەموکورتییانەی لە ڕێبازی ڕۆنانکارەکاندا هەبو و ئەو ڕەخنانەی لێیان دەگیرا، بووە هۆی ئەوەی کە قوتابخانەیەکی تری زمانەوانی بەناوی (ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە/گوێزانەوە) سەرهەڵبدات، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە چۆمسکی کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی بەناوی: (ڕۆنانە سینتاکسییەکان Syntactic Stracture)ەوە، لەساڵی (1957)دا بڵاوکردەوە، چۆمسکی بەهۆی بیروڕا زانستییەکانییەوە دەربارەی زمان و ڕێزمان، توانی ڕۆنانکارەکان تێپەڕێنێ و قوتابخانەیەکی نوێ و هاوچەرخیش بکاتە جێگرەوەی، چۆمسکی بۆ خۆی لەڕێبازی ڕۆنانکاریدا پەروەردە بوبو و شارەزای کەموکورتییەکانیشی بو، بەو واتایەی چۆمسکی سەرەتای لێکۆڵینەوەکانی لەناو پانتایی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆنانکارەکاندا دەستپێکرد و لەوێوە لەسەر زمان وەستا، بەڵام لە ئەنجامی تێبینی و تێڕامانی قوڵەوە، توانی ڕۆنانکارەکان تێپەڕێنێ و لێکۆڵینەوەی ڕێزمانیی بەئاراستەیەکی تردا بەرێت، بەوەی سەرلەنوێ بە دوای واتای وردو قوڵی ڕێزماندا گەڕا و هەوڵی دەسنیشانکردنی سنورەکانی دا(حاتەم ولیا 2006: 7 و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دراون)، هەروەها (ڕێزمانی لە بیرۆکەی ئەگەرە ئامارییەکان بردە دەرەوە)(Noam Chomsky1957:20) .

ئەگەر چاوێك بە کارەکانی چۆمسکیدا بخشێنینەوە، دەبینین هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکییەوە لەساڵی (1957) تا ئەمڕۆ، چەندین گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، ئەو گۆڕانکارییانەش لە ئەنجامی پێداچونەوەی چۆمسکی بووە بەسەر تیۆرەکانیدا بەپیی قۆناغەکان، چونکە لەهەر قۆناغێکدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری لەچوارچێوەی تیۆرێکی سەربەخۆدا خستۆتەڕو(تارا موحسین قادر 2011: 5)، کە ئەو بەرەوپێشچونانە لەم ڕیزبەندییەی خوارەوەدا بەپێی ڕێڕەوە مێژووییەکانی گەشەی تیۆرەکە دەخرێنەڕو:

1 ڕۆنانە سینتاکسییەکان (پێکهاتەی ڕستەسازی) ساڵی (1957).

2 تیۆری ستاندارد یان (هەندێ لایەنی تیۆریی سینتاکس) ساڵی (1965).

3 تیۆری ستانداردی فراوانکراو (لە ناوەڕاستی حەفتاکان).

4 بەسەرداچوونەوەی تیۆری ستانداردی فراوانکراو (1977) .

5 تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە ( GB ) ساڵی (1981).

6 مینیماڵ پرۆگرام ( MP ) (لەسەرەتای نەوەدەکان) .

## 1-1/1) ڕۆنانە سینتاکسییەکان (Syntactic Structure)- (1957)

**ئەم قۆناغە بە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە دادەنرێت و لەو کاتەوە دەستپێدەکات، کە چۆمسکی لەساڵی (1957)دا کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی بڵاوکردەوە، ئەم کتێبە شۆڕشێکی گەورەبو بۆ سەر ڕۆنانکارەکان و وەرچەرخانێکی گەورەش بو لەڕەوتی بەرەو پێشچونی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا، چونکە چۆمسکی باوەڕی وابو، کە ڕێبازی ڕۆنانکارەکان توانای لێکدانەوەی هەمو پەیوەندییە ناوەکییەکانی ناو ڕستەی نییە، ئەو بۆچونەشی ڕەتکردەوە کە ڕێزمان تەنها ئامێرێك بێت بۆ بەرهەمێنانی ڕۆنانی واتادار، بەڵکو ڕێزمانی بە تیۆریی زمان پەسنکرد، کە ڕونکردنەوەی وردمان دەداتێ دەربارەی زمانەکان**(Barwari 2004:5).

**هەروەها لەو کتێبەدا ئەوەش خراوەتەڕو، کە ئەو تیۆرانەی دادەنرێن یان پێشنیاز دەکرێن بۆ زمان، دەبێت ژمارەیەکی کەم لەیاسا لەخۆبگرێت، بۆ ئەوەی قسەپێکەرانی زمان ژمارەیەکی بێ سنور ڕستەی پێ بەرهەم بهێنن**(Noam Chomsky1957:13-17)**، واتە دەتوانرێت لەڕێی ژمارەیەك یاساوە ژمارەیەکی بێ سنور لەڕستەی پێبەرهەم بهێنرێت، کە توانای جیاکردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی و ناڕێزمانیی هەیە، هەروەها ئاماژەی بەوەش داوە، کە ئەو یاسایانە تەنها ڕستەی ڕێزمانی بەرهەمدەهێنن و ڕێگە بەبەرهەمهێنانی ڕستەی ناڕێزمانی نادەن، ئەم کتێبە سێ بنەمای لەخۆ گرتبو** (سەرچاوەی پێشو لاپەڕە 114)**، کە بریتی بون لە :**

**أ- یاساکانی ڕۆنانی فرێز/ (یاساکانی فرێزپێکهێنان)**

**ب- یاساکانی گواستنەوە**

**پ- یاساکانی مۆرفۆفۆنیمی**

**چۆمسکی لەم کتێبەدا هیچ ئاماژەیەکی بەلایەنی واتایی نەداوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زیاتر گرنگی بە لایەنی ڕێزمانیی داوە و واتای فەرامۆش کردووە، چونکە باوەڕی وابو، کە ناتوانرێت چەمکی ڕێزمانێتی ڕستەیەك بەهۆی پێوەری واتاییەوە دیاری بکرێت، چونکە مەرج نییە هەمو ڕستەیەك کە واتای هەیە یان مەبەستێك دەگەیەنێت ڕێزمانی بن**[1]**، هەروەها بۆ جیاکردنەوەی ڕۆنانە ڕێزمانییەکان لە ناڕێزمانییەکان تەنها سیستەمی ڕێزمانی قسەکەرانی کردووە بە پێوانە، چونکە باوەڕی وابو، قسەکەر بەهۆی ئەو شارەزاییەی کە هەیەتی دەربارەی زمانەکەی، دەتوانێت کۆمەڵە ڕستەیەکی نوێی بێ سنور بەرهەمبهێنێت و تێیانبگات**(حاتەم ولیا 2006: 8-9)**، خاڵی لەیەکچونی ئەم تیۆرە لەگەڵ ڕۆنانکارەکاندا لەوەدا بو، کە هەردولا واتایان پشتگوێ خستبو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە چۆمسکی لەسەرەتای ڕێزمانی بەرهەمهێنان و**

---

1- بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی لایەنی واتایی و ڕێزمانێتی ڕستە و ناڕێزمانێتی و نمونە لەو بارەیەوە بڕوانە (حاتەم ولیا 2006: 8-9 و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دراون).

گواستنەوەدا کاریگەری بیروبۆچونەکانی ڕۆنانکارەکانی لەسەربووە و بەتەواوی لەبیروبۆچونەکانیان ڕزگاری نەبووە، بەتایبەتی کە دەیگوت (دەبێت کردە سینتاکسییەکان سەربەخۆبن لەکردە واتاییەکان، بەوەی کە دەشێت هەندێ ڕستە لەزماندا پەسەند نەبن واتە (بێ واتا بن) بەڵام ڕێزمانیی بن، هەروەها بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە دەبێت ڕستەسازی سەربەخۆ بێت لە واتاسازی.)(سەرچاوەی پێشو: 9 )

یەکێك لەبنەماکان لەکتێبی ڕۆنانە سینتاکسییەکاندا (یاساکانی ڕۆنانی فرێز/فرێزپێکهێنان) بو (Phrase Structure Rules)، کە PSRs کورتکراوەکەیەتی. یاساکانی ڕۆنانی فرێز تواناى بەرهەمهێنان و شیکردنەوەی زنجیرەیەك کەرەسەی زمانی هەبو.(Crystal 2003:353)

ئەم یاسایانە سەرەتا و دەسپێکی بۆچونە زمانییەکانی چۆمسکی نەبو، بەڵکو تیۆرەکە لەدوای گەلێك بۆچونی تری سەبارەت بە تیۆری زانستی زمان هاتۆتە کایەوە، ئەمەش وەکو چاکسازی یان تەواوکەری نمونەیەکی داڕێژراوتری شیکردنەوەی ڕۆنانی ڕستەبو، کە بە ناوی ڕێزمانی بارەسنوردارەکان (Finite State Grammer) بلاَکرابۆیەوە، ئەم بۆچونە زمانییە لەسەر بنەمای داڕشتنێکی بیرکارییانە داڕێژرابو، کە پەیوەندی نێوان چەند هەنگاوێك دەخاتەڕو، هەر هەنگاوێکیش پشت بە هەنگاوەکەی پێش خۆی دەبەستێ، ئەم بۆچونە وەکو سەرەتا و دەستپێکی بۆچونێکی نوێی زمان، کە لەتوانا شاراوەکانی مێشکەوە دەستیپێدەکرد، پێشوازییەکی بەرچاوی لێکرا، بەتایبەتی لەشیکردنەوەی کەرەسەکانی ڕستەدا، بەلاَم هەمو بۆچونێکیش خۆی لەخۆیدا هەڵگری درز و کەموکورتییەکانی خۆیەتی، میکانیزمی بەرهەمهێنانی ڕستەکان لە بواری بیرکاریدا بە بارە سنوردارەکانی کردەکانی مارکۆف (Finite State Markov Processes) دەناسرا، لەڕێزمانی بارە سنوردارەکاندا، ڕستەکان لە ژێر باری زنجیرەیەك هەڵبژاردن لە چەپەوە بۆ ڕاست وەك زمانی ئینگلیزی و لە ڕاستەوە بۆ چەپ وەك زمانی کوردی و عەرەبی بەرهەم دەهێنرێن، هەر ڕستەیەکیش خاڵێکی سەرەتا و خاڵێکی کۆتایی دەبێت، ئەو کەرەسەیەی دەکەوێتە سەرەتا وشەیەکی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێ کە گونجاو و هاوسێی بێت لەهەمان سیاقدا، ئەم وشەیەش بەهەمان شێوە بەپێی شوێنەکەی خۆی وشەی دوای خۆی هەڵدەبژێرێ و دەیهێنێتە ناو هەمان سیاقەوە، بەم پێیە قسەکەر بەردەوام دەبێت تاوەکو ڕستەکە بە تەواوی بەرهەمدەهێنرێت.(سەباح ڕەشید قادر 2009: 17- 19 و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دراون)، بەلاَم یاساکانی ڕۆنانی فرێز لەبارتربو، لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای کەموکورتییەکانی پێشتر بونیاتنرابو، کە تیایدا پێکهاتەکانی فرێزیی ڕستەی بۆ کەرەستەی وردتر شیدەکردەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی بنەماکان لەشێوەی یاسادا دادەڕێژرێن، لەڕستەوە دەستپێدەکات، کە گەورەترین یەکەی شیکردنەوەی زمانە، ئەم کۆمەڵە یاسایەش بۆ ڕۆنانی فرێز لەڕستە جیاوازەکاندا لەسەر کەتیگۆرییە ڕێزمانییەکان کاردەکات، نەك پەیوەندییە

**ڕێزمانییەکان، یەکەم یاساش بە شیکردنەوەی ڕستە دەستپێدەکات بۆ کەرەستە پێکهێنە ڕاستەوخۆکانی(فریزی ناوی و فریزی کرداری)، ئەمەش هەمان شیکردنەوەی بلۆمفیلدییەکانە بۆ ڕستە، دواتر ئەو یاسایانە دێن کە لەپۆلی ڕێزمانی بچوکتردا کار دەکەن و کەرەسەکان شیدەکەنەوە بۆ یەکەی ڕێزمانی بچوکتر کە ئیتر لەوە زیاتر کەرت ناکرێن و بچوکتر ناکرێنەوە[1]**.(چومسکی 1985: 9)

**لەیاساکانی ڕۆنانی فریزدا چۆمسکی پشتی بە بەکارهێنانە بیرکارییەکان بەستووە، وەك دانانی هێما و کەوانەی بیرکاری. یاساکانی ڕۆنانی فریز ئاستی ژێرەوەی ڕستە پێکدەهێنن و دەشێت بەهۆی یاساکانی گواستنەوەوە چەندین ڕستەی تری لێبەرهەمبهێنرێت، وەك ڕستەی بکەر نادیار، پرسیاری، نەرێ و ... هتد، لە کۆتاییشدا هەندێ یاسای مۆرفۆفۆنیمی زنجیرە وشە و مۆرفیمەکان دەکەنە زنجیرە یەکەیەکی فۆنەتیکی**.(جون لاینز 2001: 99)

**بەم پێیە چۆمسکی بە تێکهەڵکێشکردنی ئەم سێ بنەمایە توانی هەندێ جۆری ڕستەی سادە پەسن بکات، بەڵام بێ کەموکورتیی نەبو، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لایەنی تری پێویست بە لێکۆڵینەوە مانەوە، کە قۆناغەکانی تری خولقاند.**

## 2 - 1/1) تیۆری ستاندارد (Standard Theory)

**تیۆری ستاندارد لەوکاتەوە دەستپێدەکات, کە چۆمسکی کتێبی دووەمی بە ناونیشانی (هەندێ لایەنی تیۆری سینتاکس) لەساڵی (1965)دا بڵاوکردەوە، کە بە تیۆری ستاندارد ناسراوە، چۆمسکی لەم کتێبەدا لەهەندێ بۆچونی پێشتری خۆی پاشگەزدەبێتەوە و هەوڵدەدات لەم بەرهەمەیدا ڕاستیان بکاتەوە، بەوەی دەیویست لێکدانەوەیەکی واتایی بداتە ڕێبازی بەرهەمهێنان و گواستنەوە، هەروەها توانی نواندنێکی واتایی بۆ ڕستە زیادبکات، کە سیمای سەرەکی جیاکردنەوەی ئەم قۆناغەبو لەقۆناغەکانی پێشتری، بەڵام ئەم نواندنە واتاییەی لەسەر بنەمای ڕۆنانی ناوەوەی ڕستەبو، واتە دەبێت واتاکان لە ڕۆنانی ناوەوەدا جێگیر بکرێن و لەڕۆنانی دەرەوەدا بپارێزرێن**.(حاتەم ولیا 2006: 10 و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دراون)، **بەو واتایەی دەبێت ڕستە لەڕۆنانی دەرەوەدا هەمان واتای ڕۆنانی ناوەوەی هەبێت[2]، ئەم بەستنەوەیەی پێکهاتەی سیمانتیکی تەنها بە ڕۆنانی ناوەوە، یەکێك بو لەکەموکورتییەکانی تیۆری ستاندارد، بەڵام لە قۆناغی دواتردا لە(تیۆری ستانداردی فراوانکراو)دا، پێکهاتەی سیمانتیکیی بە هەردو ڕۆنانی**

---

1- بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی یاساکانی ڕۆنانی فریز و کەموکورتییەکانی بڕوانە (سەباح ڕەشید قادر 2009: 17- 29 ، ڤیان سلێمان حاجی 2007: 11- 12) .

2- هەندێك لە ڕێزماننوسان (ڕۆنانی ناوەوە) بە (دروستەی قوڵ/ئاستی قوڵ) و (ڕۆنانی دەرەوە)ش بە (دروستەی ڕوکەش/ئاستی ڕوکەش) ناودەبەن.

ناوەوە و دەرەوە دەبەستراپەوە، هەروەها لەم تیۆرەدا چۆمسکی بۆ دیاریکردنی چۆنێتی فێربونی زمان، توانست و توانا (Competence and Performance)ی بەکارهێناوە و توانستی لە توانا جیاکردەوە، بەوەی کە توانست (Competence)ی بۆ ئەو زانیارییە زمانییانە بەکارهێناوە کە قسەکەری زمانێکی تایبەتی هەیەتی، بەڵام توانا (Performance)ی بەواتای بەکارهێنانی ئەو زانیارییانە بۆ ڕۆنانی ڕستە بەکارهێناوە.(Chomsky 1965:4)

چۆمسکی لەتیۆری ستانداردا مشتومڕی ئەوە دەکات (argued that)، کە تیۆری زمانەوانی پێویستە هەمو پەیوەندییە زمانییەکانی نێوان سیستمێتی دەنگ و سیستمێتی واتایی زمان ڕونبکاتەوە، بۆ بەدەستهێنانی ئەمەش پێویستە ڕێزمان یان ڕستەی نمونەیی ئەم سێ بەشە لەخۆ بگرێت: پێکهاتەی سینتاکسی، پێکهاتەی سیمانتیکی، پێکهاتەی فۆنۆلۆژی.( Barwari 2004: 8- 9 و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دراون )، پێکهاتەی سینتاکسیی دابەش دەبێت بەسەر دو لقی سەرەکیدا کە (بنج و یاساکانی گواستنەوە)یە، بنج لەیاساکانی ڕۆنانی فرێز و یاسا فەرهەنگییەکان (فەرهەنگی وشەیی) پێکدێت، بەهۆی یاساکانی ڕۆنانی فرێز و هێڵکاری هەرەمییەوە پەیوەندییە ڕێزمانییەکان دەستنیشان دەکرێن، پاشان وشەی فەرهەنگیی گونجاو بەپێی یاساکانی ڕۆنانی فرێز لەهێڵکارییەکەدا دادەنرێن.(Thomas & Kintgen 1974:75)، بەو واتایەی بنج(بەشی بناغە) پەیڕەوی هەمو ئەو یاسایانە دەکات، کە دەبێت لەڕۆناندا تێبینی بکرێن، ئەمەش پێکهاتووە لەکۆمەڵە یاسایەکی ڕۆنانی فرێز و فەرهەنگێك، یاساکان قاڵبە ڕێزمانییەکان دادەڕێژن و فەرهەنگەکەش بە وشە پڕیان دەکەنەوە.(چاوپێکەوتن، ئەبوبەکر عومەر قادر 2014)

## 3 - 1/1) تیۆری ستانداردی فراوانکراو (Extended Standard Theory )

تیۆری ستانداردی فراوانکراو کە کورتکراوەکەی (EST)یە، مۆدێلێکی تری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکییە، کە لە ساڵانی (1971 ، 1972) و دواتردا بەکارهاتووە و لەلایەن جاکندۆفەوە پەرەی پێدراوە، سەرهەڵدانی ئەم تیۆرییەش وەڵامدانەوەبو بۆ ئەو ڕەخنانەی کە لە تیۆری ستاندارد دەگیرا، یان بۆ چارەسەری ئەو گرفت و کەموکورتییانە هاتبووە کایەوە، کە توشی تیۆری ستاندارد هاتبو، بۆ نمونە توندترین بەربەست (code) لەسەر یاساکانی گواستنەوە دادەنرا بۆ ئەوەی ڕێگا بە گۆڕینی واتا نەدەن، لەبەرئەوە ئەگەر ڕستەیەك زیاتر لە واتایەکی هەبو، ئەوە مانای ئەوەیە کە زیاتر لە یەك ڕۆنانی ناوەوەی هەیە، چونکە گۆڕانی واتایان دەبەستەوە بە ڕۆنانی ناوەوە نەك بە یاساکانی گواستنەوەوە، ئەم تیۆرە لەچەند ڕویەکەوە لەتیۆری ستاندارد جیادەبێتەوە، بە تایبەتی لەو ڕووەوە کە ڕۆنانە سینتاکسییەکان لێکدانەوەیەکی واتایی بەخۆوە دەگرن، واتە لەسەر ئەو بناغەیە بنیاتنراوە، کە هەردو ڕۆنانی ناوەوە و دەرەوە

**واتای ڕستە دیاریدەکەن**.(Trask 1993: 26,130) ، (حاتەم ولیا 2006: 11 و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دراون)، **ئەوەی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە هەردو ڕۆنانی ناوەوە و دەرەوە واتای ڕستە دیاریدەکەن، ئاواز** (intonation)**ە، کە پەیوەندی بە ڕۆنانی دەرەوە هەیە و بڕیار لەسەر واتا دەدات، لەم تیۆرەدا بە بەراورد بە تیۆری ستاندارد ڕۆڵی ڕۆنانی ناوەوە لە دیاریکردنی واتادا کەمکرایەوە و زیاتر گرنگی بە ڕۆنانی دەرەوە دەدرا، لەبەرئەوەی ڕۆنانی دەرەوە ڕۆڵی لە گۆڕینی واتادا هەیە، بۆ نمونە (ئەوان هاتن.)، (ئەوان هاتن؟) ئەم دو ڕستەیە واتایان جیاوازە، ئەم جیاوازییەش بەهۆی (ئاواز)ی ڕستەکانەوەیە، کە بە ڕۆنانی دەرەوەوە بەستراوەتەوە**.(تارا موحسین 2011: 12- 13)


**لەم تیۆرەدا یاساکانی بنکە ڕۆنانی ناوەوە بەرهەمدەهێنن، پەیوەندیی واتایی نێوان کردار و فرێزە ناوییەکان لەم ئاستەدا دیاری دەکرێت، بەڵام تایبەتمەندییە سیمانتیکییەکانی تر لەڕۆنانی دەرەوەدا دیاریدەکرێن، بنکە یاساکانی ڕۆنانی فرێزی تیادایە لەگەڵ فەرهەنگ، کە تیایدا وشەکان یەکدەگرن و گواستنەوەکان دروستدەکەن، بنکە ڕۆنانی ناوەوە بەرهەمدەهێنێت، پاشان یاساکانی گواستنەوە ڕۆنانی ناوەوە بە ڕۆنانی دەرەوەوە دەبەستێتەوە، پێکهاتەی فۆنۆلۆجیش بە ڕۆنانی دەرەوەوە بەستراوە ، دواتر بەرەو نواندنی فۆنەتیکی دەڕوات**.(Barwari 2004:12-13)

## 4 - 1/1) بەسەرداچونەوەی تیۆری ستانداردی فراوانکراو

## (Revised Extended Standard Theory) / REST

**ئەم تیۆرە لەناوەڕاست و کۆتایی حەفتاکاندا لە لایەن چۆمسکییەوە خرایەڕو، بەتایبەتی لەساڵی (1977)دا چۆمسکی و لاسنیك** (Chomsky and Lasnik) **پێشنیاری هەندێ پێداچونەوەو چاوپێداخشاندنەوەیان لەتیۆری ستانداردی فراوانکراودا کر**.(Robert, N. St. Clair 2011:6)**، لەم تیۆرەدا چۆمسکی بەسەر تیۆری ستانداردی فراوانکراودا چۆتەوە، ئەو پەیوەندییەی هەڵوەشاندەوە، کە لەنێوان ڕۆنانی ناوەوە و پێکهاتەی سیمانتیکیدا هەبو، لەم تیۆرەدا لەجیاتی ئەوەی کە ڕۆنانی ناوەوە واتای ڕستە دیاریبکات، ڕۆنانی دەرەوە واتای ڕستەی دیاریدەکرد، واتە هەمو زانیارییە سیمانتیکییەکان لەلایەن ڕۆنانی دەرەوەوە دیاریدەکرا، هەروەها لەلایەن یاساکانی گواستنەوەوە ئاماژە بە شوێنپێ دراوە و ژمارەی یاساکانی گواستنەوەش کەمکرانەوە**.(تارا موحسین 2011: 13- 14 و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دراون).

ئەم مۆدێلە لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دەخرێتەڕو :




## 1/1- 5) تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (Government and Binding Theory)

شێوازێکی نوێ یان مۆدێلێکی نوێی ڕێزمان بو، لەساڵی (**1980**) لەلایەن چۆمسکییەوە خرایەڕو، سەرەتا لەچەند زنجیرە وانەیەك پێکهاتبو، پاشان لە ساڵی (**1981**)دا لەژێر ناونیشانی وانەکانی دەسەڵات و بەستنەوە (Lectures on Government and Binding)ەوە لەچاپدرا ، کە بە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (GB) ناسرا.(سەرچاوەی پێشو: **14**)، چونکە هەردو وەچە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە دو لقی سەرەکی تیۆری (GB) بون، هەرچەندە کە تیۆرەکە بە ناوی ئەو دو لقە تیۆرییەوە ناونراوە، بەڵام لەڕاستیدا تیۆری (GB) لەچەند لقە تیۆرییەکی جۆراوجۆر پێکهاتووە، ئەم لقە تیۆرییانەش تێکەڵ بەیەکتر دەبن و کار لەیەکتر دەکەن، بۆ ئەوەی ڕێگا بە بەرهەمهێنانی ڕاستترین ڕۆنان بدرێت، بەهۆی ئەوەی کە ئەم تیۆرانە کار لە یەکتری دەکەن، (GB) وەك تیۆرێکی مۆدیولاری وەسف دەکرێت (Crystal 2003:206) .

پەسن و پێکهاتن و کارکردنی ئەم تیۆرە، زیاتر لەکتێبەکانی چۆمسکیی ساڵانی (**1981**، **1982** ، **1986**a ، **1986**b)دا خۆی دەنوێنێت، هەرچەندە چۆمسکی لە ساڵی (**1991**)دا پێی باشترە، تیۆری (بنەما و پارامیتەرەکان Principle and parameters) لەجیاتی تیۆری(GB) بەکاربهێنرێت، چونکە بنەما و پارامیتەرەکان گشتگیرترە یان تیۆرێکی

ڕێزمانی جیهانییە(Universal Grammar)ە، هەمو تیۆرەکانی (GB) لەخۆ دەگرێت، بەوانەشەوە کە لە گەشەسەندندان یان لەدایك دەبن وەك مینیماڵ پرۆگرام ( Cook & Newson, 1997:40) ، بەپێی بنەما و پارامیتەرەکان هەمو زمانەکانی جیهان یەك ڕێزمانیان هەیە، کە لەسەر چەند بنەمایەك بنیادنراوە، لەناو ئەو بنەمایانەشدا چەندین پارامیتەری جیاواز هەن، لەئەنجامی کارلێکی نێوانیان سیماکانی زمانێکی تایبەت دیاریدەکرێن (Chomsky 1981:6)، بۆ نمونە لەهەمو زمانێکدا فرێز دەبێت سەرێکی هەبێت یان لەسەرێك و تەواوکەرێك پێکدێت، کە ئەمە بنەمایەکە ، بەلاّم چۆنێتی ڕیزبونی سەر لەڕۆنانی فرێزدا پارامیتەرەکەیە، کە لە زمانە جیاوازەکاندا بە دوشێوە دەنوێنرێت، یان سەر سەرەتا دەبێت، یان سەر کۆتا دەبێت، واتە یان سەر دەکەوێتە سەرەتا یان سەر دەکەوێتە کۆتایی، ڕێزمانی هەر زمانێکیش یەکێك لەم دو پارامیتەرە هەڵدەبژێرێت (Fromkin & etal 2000:178).

مەبەستی چۆمسکی لە (GB)دا ئەوە بو، کە ڕێزمانێکی جیهانی دابنێت، چونکە وایدادەنێت کە بەشێکی گەورەی ڕێزمان لەهەمو زمانێکدا هاوبەشە، ئەمەش دەبێتە بەشێك لەڕێزمانی جیهانی، بەو واتایەی دەتوانرێ بوترێ، ڕێزمانی جیهانی ئەو هاوبەشییەیە، کە لەنێوان زمانەکانی جیهاندا هەیە، جیاوازی زمانەکانیش لەلایەن پارامیتەرەکانەوە نیشاندەدرێت، واتە سیما تایبەتییەکانی هەر زمانێك لەڕێی ژمارەیەکی کەم لەپارامیتەرەکان لەناو چوارچێوەی ڕێزمانی جیهانیدا دەستنیشاندەکرێن (Chomsky 1982:1).

لەتیۆری (GB)دا ڕێزمانی جیهانی بۆ دو ڕۆنانی سەرەکی دابەشدەبێت، کە ئاستەکانی نواندن (Levels of Representation) و سیستەمی سنوردارکردن (System of Constraint)ن. (Black 1998:2).

لەتیۆری (GB)دا چوار ئاستی نواندن دیاریکراوە[1]:

1- فەرهەنگ (Lexicon)

2- ڕۆنانی ناوەوە (DS)

3- ڕۆنانی دەرەوە (SS)

4- أ- فۆڕمی لۆژیکی (LF)


ب-فۆڕمی فۆنەتیکی (PF)

---

1- لە هەندێ سەرچاوەدا سێ ئاستی نواندن دیاریکراوە و فەرهەنگ بە ئاستێکی نواندن دانەنراوە، بڕوانە : ( Trask 1993:120) , (Crystal 1992:147) ، چۆمسکیش فەرهەنگی لەگەڵ ڕۆنانی ناوەوەدا داناوە، بەلاّم چوار ئاستی نواندنی دیاریکردووە، بەوەی کە هەردو فۆڕمی لۆژیکی و فۆڕمی فۆنەتیکیی بە دو ئاست داناوە، بڕوانە ( Chomsky 1995: 22-26)، هەروەها بشڕوانە (Heagman1994:493).

کەواتە بە پێی تیۆری (GB) مۆدێلی هەر داڕێژراوێك (Derivational Model) لەچوار ئاستی نواندن پێکدێت، سەرەتا لەفەرهەنگەوە دەستپێدەکات، کە فەرهەنگی هەڵگیراوی ناو مێشکی قسەپێکەرانی زمانە (Mental dictionary)، کە پێکدێت لەلیستی وشەکانی زمان لەگەڵ تایبەتمەندییە سیمانتیکی و سینتاکسییەکانی ئەو وشانەدا، لەئەنجامی یەکگرتنی یان لێکدانی ئەو وشانە بەپێی یاساکانی تیۆری X-Bar، ڕۆنانی ناوەوە بەرهەمدەهێنرێت، تیۆری (X-Bar)یش وەچە تیۆر یان مۆدیولێکی تیۆری (GB)ە، کە بە تیۆری ڕۆنانی فرێز ناسراوە.( Chomsky 1981:41)، لەڕۆنانی ناوەوە لەئەنجامی ئەلفا بجوڵێنە (Move - a) ڕۆنانی دەرەوە بەرهەمدەهێنرێت، کە a- بجوڵێنە لە تیۆری (GB)دا ڕێدانە بە جوڵاندنی هەر کەرەسەیەك بۆ هەر شوێنێك، لەکاتێکدا سیستەمی سنورداركردن بەرپرسیارە لەسنوردانان لەسەر جوڵاندنەکان، ئەم دو ڕۆنانەش ئەبستراکتن و لەمێشکی مرۆڤدان، ڕۆنانی دەرەوەش ڕاستەوخۆ ڕاڤەناکرێت، بەڵکو بۆ فۆڕمی فۆنەتیکی و فۆڕمی لۆژیکی دابەشدەبێت، واتە زانیارییەکان لەڕۆنانی دەرەوەوە دەنێررێن بۆ فۆڕمی لۆژیکی (LF)، تاوەکو پشکنینی واتایی بۆ ئەنجام بدرێ لەڕوی ژمارەی ئارگومێنتەکان و ڕۆڵی واتایی و دۆخەوە، بەو واتایەی کە فۆڕمی لۆژیکی سنوری هاوبەشی لەگەڵ واتادا هەیە، ڕۆنانەکە لەم ئاستەدا ڕاڤەکردنی سیمانتیکی وەردەگرێت، خۆ ئەگەر یەکێك لەو بنەمایانە تێکبچێت ئەوا ڕۆنانەکە دەکەوێت و دەرکراوەکە ڕاڤەنەکراو دەبێت.( Chomsky 1995: 220)، پاشان زانیارییەکانی (LF) دەنێررێن بۆ فۆڕمی فۆنەتیکی (PF) تاوەکو پشکنینی دەنگییان بۆ بکرێت، چونکە فۆڕمی فۆنەتیکی سنوری هاوبەشی لەگەڵ فۆنتیکدا هەیە و کەرەسەکان لەشێوەی دەنگدا ڕاستەوخۆ دەنوێنرێن.(تارا موحسین 2011: 16 و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دراون) و (ڤیان ئیبراهیم عەلی 2015: 8 و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دراون).

ئاستەکانی نواندنی مۆدێلی تیۆری (GB) لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دەخرێتەڕو (Heagman1994:493):



پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە تیۆری (GB) لەچەند لق (وەچە) تیۆرێکی جۆراوجۆر پێکدێت, بەرلەوەی باس لە تیۆری (X-bar) بکەین وەك وەچە تیۆرێك، ئاماژەیەك بەوەچە تیۆرەکانی (GB) دەدەین، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1- تیۆری ( X- باڕ) (X-bar Theory)
2- تیۆری دەسەڵات (Government Theory )
3- تیۆری بەستنەوە (Binding Theory )
4- تیۆری دۆخ ( Case Theory)
5- تیۆری ثیتا ( Theta Theory)
6- تیۆری کۆنترۆڵ (Control Theory )
7- تیۆری بەندێتی (Bounding Theory).

## 1/1- 6) تیۆری X- باڕ (X-bar Theory):

تیۆری (X- باڕ) بە تیۆرییەکی بنەڕەتی بۆ دیاریکردنی سیماکانی ڕۆنانی فرێز لەزمانە سروشتییەکاندا دەژمێرریٚ، مەودای کارکردنی ئەم تیۆرە لەڕۆنانی ناوەوەی ڕستەدایە[1]، کۆمەڵێك بنەما پێکەوە لەپێکهێنانی تیۆرەکەدا بنەڕەتین، سیما و تایبەتێتیەکانی دەردەخەن (ڤیان سلێمان حاجی 2007: 51 و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دراون)، واتە تیۆری (X- باڕ) تیۆری ڕۆنانی فرێزە، ڕۆنانی فرێزیش یەکێکە لە بابەتە گرنگەکان، کە چۆمسکی هەر لەسەرەتای ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە گرنگیی زۆری پێداوە، بۆ نمونە وەك پێشتر باسکرا لە تیۆری ڕۆنانە سینتاکسییەکانی (1957)دا، ئاماژەی بەیاساکانی ڕۆنانی فرێز داوە، بۆ نمونە یاساکانی ڕۆنانی فرێزی کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕی بەم شێوەیە خستۆتەڕو (تارا موحسین 2011: 60) :

تێپەڕ VP ⟶ verb NP
تێنەپەڕ VP ⟶ verb

بۆ ڕۆنانی فرێزی ناوییش ئەم یاسایەی خستۆتەڕو :

NP ⟶ N.....

ئەم یاسایانە لە تیۆری (X- باڕ)یشدا هەیە، بەڵام لەچوارچێوەی چەمکی دەسەڵات یان حوکمکردندا دەنوێنریٚ، ئەوەش بەوەی هەر فرێزێك سەرێکی هەیە، کە دەسەڵاتی بەسەر

1- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (ڤیان سلێمان حاجی 2007: 40)

**کەرەستە شوێنکەوتووەکانی خۆیدا هەیە، هەر فرێزێك یان هەر کەرەستەیەکیش لە هێڵکاری هەرەمیدا سەری هەرەمەکە بگرێت دەسەڵاتی بەسەر کەرەستەکانی ژێر خۆیدا دەبێت.**( Cook & Newson 1997:134).

**لەئەنجامی بەرەو پێشچونی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە، جارێکی تر لەتیۆری ستانداردا گەشە بەم لایەنەی زمان دراوە، بەتایبەتی لە ساڵی (1970)دا، دوای ئەوەی چۆمسکی کتێبی (چەند سەرنجێك دەربارەی بەناوکردن** Remark on Nominalization**)ی بڵاوکردەوە، کە تیایدا یاساکانی ڕۆنانی فرێز زیاتر گەشەی پێدرا، چونکە ڕۆنانی فرێز لەڕوانگەی (**X**- باڕ)ەوە لێکدانەوەی بۆ کرا.**(تارا موحسین 2011: 60)، **هەروەها دەتوانرێ بوترێ خودی تیۆری (**X**- باڕ) گەشەپێدانی یاساکانی ڕۆنانی فرێز(فرێزپێکهێنان)ە لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا ، کە پشت بەسەرو تەواوکەر دەبەستێت، چۆمسکیش لەتیۆری (ئیکس-باڕ)دا یەك یاسای بۆ هەمو فرێزەکان دانا، واتە هەمو فرێزێك لەسەرێك و تەواوکەرێك پێکدێت و فرێزەکە ناوی سەرەکە هەڵدەگرێت.**(ویویان جیمزکوك 1374: 152 )، (ابوبکرعمرقادر 2007 : 28 )

**کەواتە دەتوانرێ بوترێ کە تیۆری (**X**- باڕ) سیستەمێکی شیکاریی ڕێزمانییە، لەمیانەی زمانەوانی بەرهەمهێنانی نوێدا گەشەی کرد، وەکو جێگرەوەی لێکدانەوە کۆنەکانی ڕۆنانی فرێز هاتە کایەوە، بە تایبەتی بۆ دارِشتنەوەی بیرە کۆنەکەی (سەری پێکهاتەکان) و کۆتبەندکردنی ئەو زنجیرە ئەگەرە زۆرەی، کە لەیاسای فرێزپێکهێناندا هەبو.**(سەباح ڕەشید قادر 2009: 29 و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دراون)، **واتە بیرۆکەی تیۆری (**X**- باڕ) هەر لەسەرەتای ساڵی (1970)ەوە گرنگی پێدراوە و لە(**GB**)شدا لقە تیۆرییەکی سەرەکی بو، کە بە گۆڕانکاریی تازەوە خرایەڕو، یەکێك لەگۆڕانکارییەکانیش بریتی بو لەوەی، کە بیرۆکەی سەر (**Head**) تیشکی زیاتری خرایەسەر، هەروەها ئاسانتر کردنی گشتاندنی پۆلە ئاخاوتنەکان، لەڕێگای یەکتربڕین و هاوبەشی کردن و شکانەوەی فرێزەکان لەناو یەکتردا و سنووردارکردنی یاساکانی ڕۆنانی فرێز، بەوەی کە لەهەمو جۆرەکانی فرێزدا پۆلی سەر هەمان پۆلی فرێزەکەیە.**(ڤیان سلێمان 2007: 50)، **فرێزەکەش ناوی سەرەکە هەڵدەگرێت، هەروەها دەستنیشانکردنی سیستەمێکی زنجیرەیی پلەدار (هەرەمی) بۆ ڕۆنانی فرێز، کە تیایدا نزیکی و دوریی کەرەسە بە ئارەزوییەکان لە(سەر)ەوە دیاریبکرێت، چونکە تیۆری (**X**- باڕ) لەڕوی سینتاکسەوە جیاوازی لەنێوان تەواوکەر (**Complement**) و سپێك (**Specifier**) و کەرەسە سەربارەکان (**Adjuncts**)دا دەکات، هەروەها کەمکردنەوەی ژمارەی هەڵبژاردنەکان لەو زنجیرەیەدا تا ئەو ڕادەیەی کە بتوانرێ دەستە یاسایەکی جیهانی دەستەبەر بکرێ، کە ببنە بنەمای یاساکانی ڕێزمانی جیهانی** (سەرچاوەی پێشو، هەمان لاپەڕە)، **ئەو بنەمایانەش وەکو بنەمای سەر و بنەمای باڕ و بنەمای ژمارەی باڕەکان، کە لەهەمو زمانەکاندا دەبینرێن،**

چۆمسکی بۆ ڕۆنانی فرێز لەتیۆری (X- باڕ)دا سێ یاسای کورتی داڕشتووە، کە لە خوارەوە دەخرێنەڕو:

(1) XP = Spec X'
X' = Adjunct X'
(2) X' = Comp. X

دەتوانین یاساکان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ڕونبکەینەوە:

1- سەری فرێز (X)ە، X یش هێمایەکی بیرکارییە لە بری (س ، ص)ی بیرکاری بەکاردێت، کە لەبیرکاریدا بەهایەکی جەبریی هەیە، لەزمانیشدا بەهایەکی زمانیی هەیە و لەبری یەکێك لەکەتیگۆرییەکان بەکاردێت.

2- تەواوکەر، (X) لە (X')دا فراوان دەکات. (Bar- باڕ)یش بەشێوەی فاریزە لەلای سەرەوەی لای ڕاستی (X)ەوە دەنوسرێ، بەو شێوەیەی لەیاساکەدا نوسراوە، یان بەشێوەی پارچەڕاستەهێڵی بچوك یان بە ژمارە دەنوسرێ، وەکو X' ، X̄ کە هەمویان بە یەك بەها بەکاردێن.

3- سەربارەکان X' لە X' دا فراوان دەکەن، واتە دەتوانرێ X' وەك داواکراوێك دوبارە ببێتەوە و فرێزێك لەناو فرێزێکی تردا بشکێتەوە.

4- دیاریکارەکان (Specifiers) X' لە X'' دا یان لە XP دا فراواندەکەن. (ئەبوبەکر عومەر قادر 2007: 28-29) ، (سەباح ڕەشید قادر 2009: 29).


ژمارەی باڕەکانیش بە یەك باڕ یان جوت باڕ دیاریدەکرێن ، کە X یەك باڕ پڕۆژەی ناوەندییە و X جوت باڕ پڕۆژەی گەورەیە یان جێکەوتەی مەزنە، واتە بەپێی یاساکان تیۆری (X- باڕ) ئەوە دەخاتەڕو، کە لەڕۆنانی هەمو جۆرە فرێزێکدا دو ئاست هەیە ( X'' ⟵ X' ⟵ X) ، کە ئاستێکیان (X'')ە و پڕۆژەی گەورەیە، پێکدێت لە(X') لەگەڵ (Spec)، ئاستەکەی تریان (X')ە و پڕۆژەی ناوەندییە، پێکدێت لەسەرێك کە (X)ە لەگەڵ تەواوکەرێك.

---

1- ئاراستەی یاساکان بەپێی زمانی ئینگلیزییە لە چەپەوە بۆ ڕاستە ، بەڵام لە زمانی کوردیدا بە پێی ئەلف و بێی عەرەبی لە ڕاستەوە بۆ چەپە و شوێنی (X) و کەرەسەکانی تر پێچەوانەیە ، هەروەها دەشێ سەربار یان تەواوکەر لە پێش یان لە پاش (X) ەوە بێن .

2- دەشێ تەواوکەری فرێزەکە دەرنەبرڕێ ، یان فرێزێك لە سەرێك پێکبێت ، کە لە پارەکانی دواتردا بەدرێژی ڕونکراوەتەوە.

بۆ نمونە (هەر بە دەست نانەکەی خوارد.) بەپێی یاساکانی تیۆری (X- باڕ) ئەم هێڵکارییەی هەیە :




لەهێڵکارییەکەدا (Specifier) ئەو کەرەستەیەیە، کە خوشکی ئاستی (X')ە و کچی (XP)یە، واتە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی پڕۆژە گەورەکەوە (جێکەوتەی مەزن)(Carnie 2002: 127).

(Specifier) زاراوەیەکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو جۆرە کەرەستانە بەکاردێت کە دەرخەری لایەنێکی سەرن لەفرێزەکاندا، لەزمانی کوردیدا سێ کەرەستە بۆ شوێنی ( Specifier) لەفرێزی ناویدا دیاری کراوە، وەك تاکبەندەکان ( Distributives)، هەروەها (وشەی نیشانە (Demonstratives)) و (ڕادە (Quantifiers))ش دو جۆری تری (Spec)ن ( Fattah,M.M 1997:197) .

تەواوکەریش (Complement) لە هێڵکارییەکەدا ئەو کەرەستەیەیە، یان ئەو فرێزەیە کە خوشکی سەرە، واتە خوشکی (X)ە و کچی ئاستی (X')ە ، واتە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی پڕۆژەی ناوەندییەوە، هەروەها سەرباریش (Adjunct) ئەو کەرەستانەن، کە بەشێوەیەکی سەرەکی خوشکی ئاستی (X')ە و کچی ئاستی (X')ە لەئەنجامی دوبارە بونەوەی (X')ەوە، کە زانیاری بە ئارەزوویی و زیاتر لە بارەی سەرەوە دەدەن، دەشێ لەپێش یان لە پاش (X')ەوە بێن، بەم شێوەیە تیۆری (X- باڕ) ئابوریکردنێکی زۆر بە دەستەوەدەدات، بەوەی کە هەمو چەشنەکانی فرێز دەبەستێتەوە بە سەرەوە و لەچوارچێوەی هێمایەکدا کە (X)ە کۆیاندەکاتەوە و بە سێ یاسای کورت دەریان دەبڕێت.(Finch 2000: 138).

لەتیۆری (X- باڕ)دا، هەمیشە ئاماژە بە پارامیتەری سەر دەدرێت، واتە چۆنێتی ڕیزبونی سەر و تەواوکەر لەفرێزەکەدا، بەوەی ، کە ڕۆنانەکە سەر سەرەتایە یان سەر کۆتاییە، واتە لە(GB)دا پارامیتەرەکان وەك سێتێکی تەواو (finite set) لەهەڵبژاردەی دوانی (binary choices)دا

خراونەتەڕو (تارا موحسین قادر 2011: 62)، وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا جیاوازی زمانەكانیش لەڕێزمانی جیهانیدا لەلایەن پارامیتەرەكانەوە نیشاندەدرێت، سەریش لەهەندێك زماندا لەڕۆنانی فرێزدا پێش تەواوكەر دەكەوێت وەك زمانی ئینگلیزی، بەڵام لەهەندێ زمانی تردا دەكەوێتە كۆتایی، واتە سەركۆتایی دەبێت، وەك زمانی كوردی، توركی، یابانی...هتد، دابەشبونی فرێزەكە لەگەڵ سەری فرێزەكەدا گونجاوە، ئێمە لەدۆزینەوەی سەری ڕێزمانیدا پێویستمان بە پێوەرێكی سینتاكسی و مۆرفۆلۆجی دەبێت، بەپێی ئەو پێوەرە، (سەر) ئەم تایبەتێتیانەی هەیە، كە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەخرێنەڕو:

1- سەر هەڵگری گرنگترین زانیاری سیمانتیكی فرێزەكەیە.

2- كەتیگۆری سەر، جۆری فرێزەكە دیاری دەكات، هەروەها پۆلە وشەییەكانی تر لەناو فرێزەكەدا دیاری دەكات.

3- سەر پلەیەكی مۆرفۆسینتاكسیی هەیە و هەڵگری نیشانەیەكی ڕێزمانییە، كە بۆ هەمو فرێزەكە دەگەڕێتەوە.

4- سەر لەڕوی كەس و ژمارەوە لەگەڵ كەرەسە شوێنكەوتووەكانی ڕێدەكەوێت.

(Haspelmath 2002 :90).

5- سەرەكان كەرەسە شوێنكەوتووەكانی خۆیان داوادەكەن و لەپۆلی وشەی تایبەت هەڵیان دەبژێرن و دەیانگونجێنن لەگەڵ هەمو/بەشێك لەسیما ڕێزمانییەكانیان .(Tallerman 1998:93)

6- سەر دەسەڵاتی بەسەر كەرەسە شوێنكەوتووەكانی خۆیدا هەیە. ( Daniel W. Bruhn 2006:5 )

لەتیۆری (X- باڕ)دا، دو جۆر فرێز بەپێی (سەر) جیاكراونەتەوە، كە یەكێكیان فرێزی فەرهەنگییە و تیایدا كەتیگۆرییە فەرهەنگییەكان دەبن بە سەری فرێزەكە، بەڵام جۆرەكەی تریان فرێزی ئەركییە، كە فرێزی دیارخەری (DP) و فرێزی كات و كەسدار (IP)و فرێزی تەواوكاری (CP) دەگرنەوە، هەرچەندە ئەو دوانەی دواییان بە فرێزی ئەركی دانراون، بەڵام ناچنە ناو سنوری لێكۆڵینەوەكەی ئێمەوە، لەبەرئەوەی كە هەردوكیان جۆرێكن لەڕستە، واتە (IP) بە ڕستەدانراوە و زۆر جاریش هێمای (S)یشی بۆ بەكاهێنراوە، (CP)ش بە پاڕستە(Clause) دانراوە[1].

---

1- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی (IP) و (CP) بڕوانە (ویویان جیمزكوك 1374: 171) ، (Black 1998:10-11) ، (Radford 1997:226) ، (Fattah, M. 1997:212) ، (ئەبوبەكر عومەر قادر 2007: 33-45)

## 2/1) فرێز :

فرێز پێکهاتەیەکی گرنگی ڕستەسازییە، هەر کەرەستەیەکیش لەئاستێکی زماندا دانەیەکی دابڕاو نییە لەگەڵ ئاستەکانی تری زمان و پەیوەندیی بەئاستەکانی ترەوە هەیە، بۆ نمونە (فرێز لەڕوی ڕۆنانەوە لەڕستە بچوکترە و لە وشەش گەورەترە، بەوەی کە لەڕیزبونی هەرەمیدا شوێنی ڕۆنانێکی نزمتر لەڕستە و ڕۆنانێکی بالاتر لەوشە دەگرێت.(Fattah,M.M 1997:188)، لەمەوە دەتوانرێ بوترێ فرێز کەرەستەیەکی ناوەندییە لەنێوان وشە و ڕستەدا، بەو واتایەی ڕستە لە فرێز پێکدێت و فرێزیش لە وشەو مۆرفیم، کەواتە فرێز کەرەستەیەکی ئاستی ڕستەسازییە، ڕستەسازیش وەك ئاستێکی پێکهێنەری زمان، بریتییە لەلێکدانەوەی چۆنێتی ڕیزبونی کەرەستەکان لەفرێزدا و ڕیزبەندی فرێزەکان لەڕستەدا، کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانیش ئەگەر لە ڕۆناندا شوێنێکی بالاتر لە وشە و شوێنێکی نزمتر لە ڕستە بگرن، ئەوا دەبن بە فرێز و بە پێی سەری فرێزەکە ناویان لێدەنرێت، وەك (فرێزی ناوی ، فرێزی ئاوەڵناوی ، فرێزی کرداری..هتد) ، پاشان ئەمانیش لە هێڵکاری هەرەمیدا شیدەبنەوە بۆ کەرەستە پێکهێنەرەکانیان ، کە پێیان دەوترێت (ناو ، ئاوەڵناو ، کردار..هتد) ، هەروەها (فرێزەکان : فرێزی ناویی ، فرێزی کرداری ، فرێزی ئاوەڵناوی ، فرێزی بەند لە کەتیگۆرییە لێکسیکییەکان (Lexical Categories)ەوە بەرهەم دێن و ناوی کەتیگۆرییە لێکسیکییەکە هەڵدەگرن.)(سەباح ڕەشید قادر 2009: 31 )

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، هەر فرێزێك بەپێ سەرە ڕێزمانییەکەی ناو دەنرێت و دەناسرێتەوە، سەری فرێزێکی ناوی ناوێکەو سەری فرێزێکی کرداریش کردارێکە و... هتد (حاتەم ولیا محەمەد 2006:25)، ئەو کەرەسانەی کە دەبن بە سەری ڕێزمانیی فرێزەکانی زمانی کوردی بریتین لە (ناو و ئاوەڵناو و پێشناو و دیارخەرەکان و کردار )ن.

پێشتر ئاماژە بەوە درا، کە سەری فرێز لەڕۆنانی فرێزەکاندا چەند تایبەتێتییەك لەخۆ دەگرێت و خۆی جیادەکاتەوە لەبەشەکانی تر، لەبەرئەوەی ( سەر ) لەهەمو فرێزێکدا هەیە و هاتنی بەخورتییە و لانابرێت ( ئەگەر لاشبرێت ئەوا لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بونی هەبووە)(قەیس کاکل توفیق 2002:160) ، بڕوانە (3/1-1-3)، واتە سەر ئەو بەشەی فرێزە، کە هەبونی نەك دەرکەوتنی لەفرێزدا پێویستییە و لەفراوانکردنی فرێزیشدا کەرەسەکان بەپێی ئەو ڕیزدەبن، بەلام دەتوانرێت کەرەستەکانی تر لابرێن ، چونکە ( بۆ زیاتر ڕونکردنەوە و دەرخستنی واتای سەرەکە دێن و سەرپشکین)(Leech 2006:50)، لەمەشەوە دەوترێ (هەمو فرێزێك ناوکییە  Endocentric )ە، بەوەی دابەشبونی فرێزەکە لەگەڵ سەری فرێزەکەدا گونجاوە)(سەباح ڕەشید 2009 :31)، لەو پێشینەیەوە دەتوانرێت بوترێت، کە فرێز وشەیەکە یان زنجیرە وشەیەکە، کە وەك یەکەیەکی سینتاکسی ، گۆکردنێکی سینتاکسیی هەبێت و لە جێکەوتەی تری ڕستەدا وەك ئەو یەکەیە

بەکاربهێنرێتەوە (Burton,R.N. 1997:14)، یان دەوترێت (فرێز یەکەیەکی زمانییە، کە لە وشەیەك یان زیاتر پێکهاتووە) (تقی وحیدیان کامیار 1389 :9)، هەروەها دەوترێت ( فرێز پێکهاتەی ناو وەچەپێکهاتەیەکە، دەشێت وەچەپێکهاتەیەك فرێزێك یان چەند فرێزێکی لەخۆ گرتبێت)(محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر ئەحمەد 2004 : 38)، هەر وەچە پێکهاتەیەك لەڕوی دابەشبونەوە وەك یەکەیەکی ڕۆنانی ڕەفتار دەکات و لەجێکەوتەی دیکەی ڕستەدا وەك تەنیا یەکەیەك دەردەکەوێتەوە، واتە بەشەکانی، یەکەیەکی پێکەوە بەستراون و پێکەوە لەجێکەوتەی تری ڕستەدا دەردەکەون، وەچەپێکهاتە ڕێگە بەهێنانەناوەوە و تێئاخنین نادات، هێنانەناوەوە تەنیا لەجەمسەرەکانەوە ڕێگەی پێدەدرێت. (سەرچاوەی پێشو:38)،(عەبدولجەبار مستەفا مەعروف:2010: 13) .

بۆ نمونە

- جوتیارەکە نەمامەکەی چاند .

٭ ەکە نەمامەکەی جوتیار چاند .

- سێ جوتیارەکە نەمامەکەیان چاند .

٭ جوتیارەکە ەکە نەمام چاند .

- جوتیاری دێکە نەمامەکەی چاند .

## 1-2/1 ) ڕۆنانی فرێز

لەڕۆنانی فرێزدا بەوردی هەنگاوەکانی پێکهێنانی فرێز دیاری دەکرێت و یاساکانیان دەسنیشان دەکرێن، بەو هۆیەوە ڕۆنانی فرێز لە زماندا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە بەهۆی یاساکانی ڕۆنانی فرێزەوە دەتوانرێت بەوردی ستراکچەری زمان دیاری بکرێت و ئاماژە بۆ ڕێکخستنەکانی زمان بکرێت.(Fromkin 2002:138)، لەمەوە دەتوانرێ بوترێ کە لێکۆڵینەوە لە ڕۆنانی فرێز ڕێگەیەکە بۆ شارەزابونی پەیوەندییە پێکهاتووەکانی ناو ڕستە، چونکە ڕستە لە فرێز پێکدێت و فرێزیش لە وشەو مۆرفیم، ڕستەسازیش وەك ئاستێکی پێکهێنەری زمان لە لێکدانەوەی چۆنێتی ڕیزبونی کەرەستەکان لە فرێزدا و ڕیزبەندی فرێزەکان لە ڕستەدا دەکۆڵێتەوە.

لەمەوە دەوترێت، لەسەرەتادا ڕستە دابەش دەبێت بۆ ڕۆنانی پێکهێنی ڕاستەوخۆ کە فرێزەکانن، دواتر ئەمانیش دابەش دەبن بۆ پێکهێنی ڕاستەوخۆی تر کە وشەکانن، ئەمانیش بۆ مۆرفیم و تا دوا پێکهێن، کە چیتر لەوە بچوکتر ناکرێتەوە.(Rodney 1984 :3)

## 3/1 ) چەشنەکانی فرێز

## 3/1- 1 ) فرێزی ناوی (NP)

فرێزی ناوی لەسادەترین شێوەیدا لەناوێك پێکدێت، کە ناوەکە دەبێتە سەری فرێزەکە، دەشێت ئەو ناوە ناوێکی تایبەتی بێت، یان جێناوێك بێت کە بەتەنها گۆکردنی فرێزی ناوی دەبێت، یان (ناوێکی گشتی بێت و بەهۆی قورسایی خستنەسەرەوە گۆکردنی فرێزی ناوی پێبدرێت) (عەبدولجەبار مستەفا 2010: 15)، هەروەها دەوترێت (بناغەی فرێزی ناوی ناوێکە، کە سەری واتاییەتی)(Burton,R. N. 1997:14 ).

دەکرێت ناوەکە ناوێکی تایبەتیی یان گشتیی (ئەبستراکت/کۆنکرێت) بێت، ئەم ناوەش دەبێت بە سەری فرێزەکە و دەتوانرێت بە چەند کەرەستەیەك لە پێش یان لە دواوە فراوان بکرێت، کە لەوەچە پارەکانی دواتردا ڕون دەکرێتەوە.

### 1-1-3/1)  جۆرەکانی فرێزی ناوی

فرێزی ناوی لە ڕوی ڕۆنانەوە دەکرێت بە دو جۆری سەرەکییەوە ، کە ئەوانیش فرێزی ناویی سادە و فرێزی ناویی ناسادەن .

### 1-1-1-3/1 ) فرێزی ناوی سادە

مەبەست لە فرێزی ناویی سادە ئەوەیە، کە فرێزە ناوییەکە لە تەنها ناوێك پێکهاتبێت، کە دەبێت بە سەری فرێزەکە، سەری فرێزی ناوی بەهۆی ناوێکەوە دەنوێنرێت، ئەگەر فرێزی ناوی تەنیا لەسەرێك پێکبێت، ئەوا بەفرێزی ناویی سادە ناودەبرێت. ئەو ناوەش دەشێت ناوێك بێت کە نیشانەی [+ تایبەتی ] هەبێت، چونکە ئەو ناوەی دەبێتە بناغەی فرێزی ناوی سادە بەشێوەیەکی چالاك، ناوی تایبەتییە(محەمەد عومەر عەول 2008 :7) هەروەها (ناوی تایبەتیی کەس[1] لە جێکەوتەی فرێزی ناویدا دەردەکەوێت و هەمان گۆکردنی فرێزی ناوی دەبێت.)(عەبدولجەبار مستەفا 2010: 42)، جێناوە کەسییە سەربەخۆکانیش وەك فرێزی ناوی گۆدەکرێن، چونکە دەگوترێت (ناوی تایبەتی و جێناو لەناو خۆیاندا هەڵگری نیشانەی واتایی [+ ناسراو ] ین.) (Burton,R. N. 1997:155)، فرێزە ناوییەکەش دەتوانێت هەمو ئەرکە سینتاکسییەکان لەڕستەدا ببینێت، چ وەك فرێزێکی ناویی

---

1- ناوی تایبەتیی کەس لە ناوی تایبەتیی تر جیاکراوەتەوە ، چونکە ناوی تایبەتیی کەس بۆ ناوی مرۆڤەو لە ڕۆنانی ژێرەوەدا هیچ ناوێکی گشتی نییە ، بەڵام ناوی تایبەتی بۆ ناوی شوێن و جێگا ، لە ڕۆنانی ژێرەوەیاندا ناوێکی گشتی هەیە ، وەك (سلێمانی – شاری سلێمانی) بڕوانە (عەبدولجەبار مستەفا 2010: 27).

**سەربەخۆ و چ وەك تەواوكەر یان فرێزێكی شكاوە لەناو فرێزێكی تردا، دەتوانین بەم نمونانەی خوارەوە زیاتر ڕونی بكەینەوە :**

**(1)أ- ئازاد هات.**

**ب - ڤاناس وانەكەی نوسییەوە.**

**پ - ئەو بۆ بازاڕ چو.**

**(2)- من ڤاناسم بینی.**

**(3)- نامەكەم بۆ ئازاد نارد.**

**(4)- دوێنێ ئازاد لە زانكۆ بو.**

**(5)- پەرتوكەكە هی ئازادە.**

**(6)- كتێبەكە بە ئازاد بو.**

**(7)- ئازاد بینرا.**

**لەو ڕستانەی سەرەوەدا فریزە ناوییەكان هێڵیان بەژێردا هاتووە، كە ناوێكی تایبەتین ، جگەلە (1-پ)دا كە فرێزەكە جێناوە و لە جێكەوتەی فرێزی ناویدا دەركەوتووە، هەمو ئەو ڕستانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن كە فرێزی ناویی سادە، دەشێ لە تەنها ناوێكی تایبەتی یان جێناوێك پێكبێت و بە سەربەخۆیی و بە شكانەوەی لەناو فرێزێكی تردا وەك تەواوكەر گۆكردنی سینتاكسیی هەبێت، ناوی تایبەتی و جێناو وەك ئاماژەی پێدرا هەڵگری نیشانەی [ + ناسراوی ]ن، دەشێت ناوەكە نیشانەی [+ گشتی ] هەبێت، بەڵام بەهۆی قورسایی خستنەسەرەوە دەتوانرێت گۆكردنی فرێزی ناوی بدرێتێ[أ،ب]، واتە بەو هۆیەوە ئاوازێكی تایبەتی پێدەدرێت و وەك ناسراو دەردەكەوێت، بەمەش نیشانەی [+ ناسراوی]ی وەردەگرێت.**

---

1/ أ - عەبدولجەبار مستەفا مەعروف لەو باوەڕەدایە كە ئەگەر ناوەكە نیشانەی [+ گشتی ] هەبێت ، نابێتە فرێزی ناوی ، مەگەر بەهۆی قورسایی خستنەسەرەوە و دەركەوتنی لە هەمان جێكەوتەدا ئەو گۆكردنەی بدرێتێ ، هەروەها ناو جگە لەنیشانەی[+ گشتی ] ، دەتوانێت نیشانەی [+ كۆنكرێت ] و [- كۆنكرێت] یشی هەبێت ، بەڵام هەر بەهۆی قورسایی خستنە سەرەوە ئەو گۆكردنەی دەبێت . بڕوانە(عەبدولجەبار مستەفا 2010: 42-43)، هەروەها دەربارەی بەڵگەی پێویست بونی دیاردەی قورسایی خستنەسەری فۆنۆلۆژی بۆ ڕونكردنەوەی ڕاستییە سینتاكسییەكان، بڕوانە (محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر ئەحمەد 2004:29،30).

ب- پێویستە ئەوە بوترێ، كە قورسایی خستنەسەری كەتیگۆرییەكانی زمانی كوردی بە خەملاندن دانراون و بیستەنی دەناسرێنەوە ، هەرچەندە بە ئامێرو دەزگای زانستی نەپێوراون و لەیەك جیانەكراونەتەوە ، بەڵام مەیلی گشتین و بەهاو شوێنی زانستی خۆیان، بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر بۆچون و لێكدانەوەكان هەیە، بەتایبەتی تا ئەوكاتەی بەو ئامێرو دەزگایانەی فۆنەتیكی پێوانە ، پێچەوانەكانیان دەسەلمێنرێت.(سەرچاوەی پێشو :30)

ناوە گشتی و گشتییە ناسراوەکان[ت] بەخشکەیی ناسراوی دەردەبڕن.(Burton,R.N. 1997:155)، هەندێ جار پەیوەست دەکرێت بە دروستەی زانیارییەوە، کە سەرتۆپ لە ئاوەزی قسەکەردا پێشبینی لێکراوە و زانراوە، چونکە ئەگەر نەزانراو بێت، ئەوا زنیارییەکانی دواتر بێسود دەبێت (عەبدولجەبار مستەفا و کاروان عومەر 1155:2012)بۆ نمونە:

ناوی گشتیی کۆنکرێت:

(8) أ - کوڕ دەبێت وەك تۆ بێت .

ب- شێر ئاژەڵێکی گۆشتخۆرە.

پ- ئاو لە پلەی سفردا دەیبەستێت .

لە (8) دا هێڵ بەژێردا هاتووەکان فرێزی ناویین و لە ناوێکی گشتی پێکهاتون.

ناوی گشتیی ئەبستراکت :

(9) أ- شەرم بۆ مرۆڤ پێویستە .

ب- هێز لە یەکگرتندایە .

کەواتە دەتوانین سادەترین ڕۆنانی ئەم جۆرە فرێزە بەم شێوەیە بخەینەڕو:

(N' ⟵ N)

## 2-1-1-3/1) فرێزی ناویی نادادە (فراوانکراو)

سەری ئەم جۆرە فرێزە لە ناوێکی سادە پێکدێت، کە (دەتوانین ئەم سەرە بەچەند یەکەیەکی ڕێزمانیی وەك: مۆرفێم ، فرێز ، ڕستە فراوان بکەین.)(ئومێد بەرزان برزو 2012: 20)

واتە بە پێی سەرەتای گریمانەی (NP) سەری فرێزی ناویی، کە ناوێکە بە دەرخەرەکان لە پێش و لە دواوە فراوان دەکرێت، بەڵام لەگەڵ گەشەی تیۆرەکەدا ئەگەر فراوانکردنەکە بەیارمەتی مۆرفیمی خستنەپاڵ بێت، ئەوا فرێزەکە بەپێی گریمانەی (DP) و بەپێی بۆچونێکی لارسۆن لە فرێزی ناوی دەردەچێت و دەبێتە فرێزی دیارخەری واتە ( DP= det + N' )، کەواتە دەرخراوەکە دەبێتە فرێزی دیارخەری، ئەم لێکدانەوەیەش لە فرێزی دیارخەریدا لە دواوە بە وردی ڕونکراوەتەوە، ئەگەر ئاوەڵناوێکیش بو بەدەرخەری فرێزەکە، ئەوا فرێزەکە دەبێت بە

---

1- ناوی گشتی لەو ڕستانەی کە ڕاستییەکی نەگۆڕ دەردەبڕن وەك لە (8 پ)دا خرایەڕو، هەمیشە دەرخەرەکانیان دەرنابڕێت، لەبەرئەوە ناو دەنرێن ناسراو، چونکە بەپێچەوانەی ناوە گشتییەکانی ترەوە لە ڕۆنانیاندا لەڕستەدا هیچ دەرخەرێك لەپێشەوە وەرناگرن، بۆ نمونە : * ئاوێك لە پلەی سفردا دەیبەستێت.

*سێ ئاو لەپلەی سفردا دەیبەستێت.

* هەندێك ئاو لەپلەی سفردا دەیبەستێت.

* ژێر ئاو لەپلەی سفردا دەیبەستێت. بڕوانە(عەبدولجەبار مستەفا و کاروان عومەر 1155:2012)

فرێزی ئاوەڵناوی و ڕۆنانەکەی دەگۆڕێت، چونکە ئاوەڵناوەکە دەبێت بە سەر و فرێزەکە ناوی سەرەکە هەڵدەگرێت، واتە فرێزەکە لە فراوانکردن دەردەچێت و دەبێتە فرێزی ئاوەڵناوی[1]

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، سەرەکان کەرەستە شوێنکەوتووەکانی خۆیان هەڵدەبژێرن و ڕێکدەکەون لەسەر هەندێ یان هەمو نیشانە واتایی و ڕێزمانییەکانیان، فرێزیش لەم فراوانکردنەدا لەسەرێك و تەواوکەرێك پێکدێت و فرێزەکە ناوی سەرەکە هەڵدەگرێت، ( دیاریکردن و ناسینەوەی سەریش لەڕۆنانی فرێزدا، بەهۆی ئەو پەیوەندییە گرنگەوەیە، کە سەر دروستی دەکات لەگەڵ پێکهێنەکانی دیکەیدا) (دیار عەلی کەمال 2002: 43).

بۆئەوەی ڕۆنانی ئەم جۆرە فرێزە بە وردی دەستنیشان بکەین، دەیکەین بە ڕۆنانی ناوەوە و ڕۆنانی دەرەوە، کە هەریەکەیان فۆڕم و ڕۆنانی جیاوازی خۆی هەیە.

### 2-1-3/1) ڕۆنانی ناوەوەی فرێزی ناوی

مەبەست لە ڕۆنانی ناوەوەی فرێزی ناوی بەپێی گریمانەی (NP)، هاتنی ناوە لەگەڵ ئەو مۆرفیمانەی لەپێکهێنانی ناوەوەی فرێزەکەدا بەشدارن، کە تایبەتن بەناوەوە و ئەرکی دیاریکەر دەبینن، کە ئەوانیش ئارتیکڵەکانن، سەرەکیترینی ئارتیکڵەکانیش (/- ەکە/ ، /- ێك / ، /- ەکان / ، /- ان /) ن.

دەوترێت (ئارتیکڵەکان دەستەیەکی دیاریخەری ناسراوی و نەناسراوی و کەتیگۆری ناون، ئارتیکڵەکان پێکهێنەری ڕۆنانی فرێزی ناوین و لەناو فرێزی ناویدان.)(عەبدولجەبار مستەفا 2010: 16)، فۆڕمی (ەکە) بۆ ناوی تاکی ناسراو و (ەکان) بۆ ناوی کۆی ناسراو و فۆڕمی(ێك/ەك) بۆ ناوی تاکی نەناسراو و ( ان )بۆ کۆی نەناسراو بەکاردێن.

---

1- ئەوەی کە بە فراوانکردن ناوبراوە بەپێی سەرەتای گریمانەی (NP)ە ، ئەو لێکدانەوەیە هەڵدەگرێت کە لەسەرەوە خستمانەڕو ، ئەم خستنەڕووە لە زاری کرمانجیی ژوروشدا بۆ ئەو فرێزەی کە بە فرێزی ناویی فراوانکراو ناوبراوە ڕاستە و هەمان لێکدانەوە هەڵدەگرێت.

کەواتە ئەو ناوەی کە ئەم مۆرفێمانە وەردەگرێت بەهۆیانەوە ئەم نیشانانەش وەردەگرێت، کە لە (10)دا دیاری دەکرێن[1]:

| (10) | ەکە | ەکان | ێك /ەك | ان |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| | + ناسراو | + ناسراو | - ناسراو | - ناسراو |
| | +دیاریکردن | +دیاریکردن | - دیاریکردن | - دیاریکردن |
| | + تاك | + کۆ | + تاك | + کۆ |

دەتوانرێ بوترێ، بەکاریگەریی یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی فۆڕمەکانی سەرەوە لەکاتی بەکارهێناندا لەگەڵ ناوەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، ئەویش بەوەی هەندێك لە ناوەکان بە ڤاوڵێك کۆتاییان دێت، ئەو فۆڕمانەی سەرەوە کە لە(10)دا خرانەڕو بە پیتە ڤاوڵێك دەستپێدەکەن، لەبەر ئەوەی دو پیتی ڤاوڵ نەکەونە دوای یەکتر، پیتێکی کۆنسۆنانتی گونجاو بەکار دەهێنرێت بۆجیاکردنەوەیان لەیەکتر، یان پیتە ڤاوڵی (ە) دەفرتێنرێت، لە کاتێکدا ناوەکە بە ڤاوڵێك کۆتایی هاتبێت و مۆرفیمی ناسراوی بخرێتە سەر، وەك (مامۆستاکە)، چونکە بە پێی یاسا فۆنۆلۆجییەکان، لە زمانی کوردیدا دو پیتی ڤاوڵ لە بڕگەیەکدا بەدوای یەکدا نایەن، بەمەش فۆڕمەکانی سەرەوە گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەڵام هەڵگری هەمان نیشانەن کە لە (10)دا خرانەڕو. هەروەها هەندێ جار بۆ کورتکردنەوە و مەبەستی ئابوریکردن (کە) لە /- ەکە/ دەرنابڕرێ، کە دەکرێ وەك ئەلۆمۆرفی (ەکە) دابنرێت، چونکە ئەرکی ناسراوییەکە جێبەجێ دەکات، واتە دەزانرێت کە قسە لەسەر ناوێکی تاکی ناسراو دەکرێت، بۆ نمونە (ژنە هەژار بو، بۆیە دەگریا.)

لێرەدا دەزانرێ کە (ژنە) ناوێکی تاکی ناسراوە و کورتکراوەی (ژنەکە)یە، هەروەها لە مۆرفیمی /- ێك/ی تاکی نەناسراودا هەندێ جار (ك) دەفرتێنرێ و دەرنابڕرێ وەك (کوڕێ/کچێ بو.)، (پیاوێ هات.)، هەرچەندە (یەك) بە ئەلۆمۆرفی/- ێك/ دادەنرێت و (کە) بەئەلۆمۆرفی /- ەکە/ دادەنرێت، بەڵام لێرەدا ئەوە دەخرێتەڕو کە دەشێ ئەو (یەك)ە، مۆرفیمی /- ەك/بێت و بە پێی یاسای نەهاتنی دو ڤاوڵ لەبڕگەیەکدا، کۆنسۆنانتی(ی-y) وەرگرتبێت و وەك ئەلۆمۆرفی/-ێك/ دەرکەوتبێت، مۆرفیمی /- ەك/ لەکرمانجی ژوروشدا وەك مۆرفیمی تاکی نەناسراو بونی هەیە،

1- هێڵکاری ژمارە (10) م ، بە کەمێك دەستکارییەوە لە (عەبدولجەبار مستەفا 2010 : 14) وەرگرتووە .

هەرچەندە عەبدولجەبار مستەفا وایدادەنێت ، کە هەر فۆڕمێکی تر لەجێی ئەوانەدا دەرکەوت ، ئەوا ئەلۆمۆرفی ئەوانن ، نمونەی (مامۆستایەك ، چەقۆیەك ، ماسییەکە، چەقۆکە،مامۆستاکە) ی هێناوە ، لەو باوەڕەدایە کە ئەو ناوەی بە /- ان / کراوە بە کۆ، یان بە مۆرفیمێکی کۆی دیکەی وەك (کوڕگەل ، میوەهات ، دێهات،...) نیشانەی کۆی پێدراوە ، بە قورسایی خستنەسەر گۆکردنی فرێزی ناوی دەبێت . بڕوانە (عەبدولجەبار مستەفا 2010 :17)، هەروەها محەمەدی مەحوی (یەك) بە ئەلۆمۆرفی /- ێك / دادەنێت. بڕوانە(محەمەدی مەحوی 92:2011).

بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدایە، لەکرمانجی ژورودا دەچێتە سەر ناوێك کە بە کۆنسۆنانت کۆتایی هاتبێت.

دەوترێ کە (دیاریکارەکان هەمیشە لەگەڵ ناودا بەکاردەهێنرێن)(Tallerman 1998:37)، ئەو ناوەی کە ئەم دیارخەرانەیان لەگەڵدا بەکاردێت، دەشێت ناوێك بێت، کە هەڵگری نیشانەی [+ گشتی] و [+کۆنکرێت] و [+ ژمێرراو ] بێت، وەك لە (11- أ ب پ )دا دەخرێنەڕو:

(11) أ- کوڕەکە(تر) ب- کوڕێك پ- کوڕەکان

بەڵام ناوی تایبەتی ئەم مۆرفیمانە وەرناگرێت(تر) ، چونکە ناوی تایبەتی خاوەن نیشانەی [+تاك] و [+ناسراوی ]و [+کۆنکرێت ]ن ، وەك لە (12- أ ب پ )دا دەردەکەوێت:

(12) أ- ٭ ڤاناسەکە هات .

ب- ٭ ڤاناسێك هات .

پ- ٭ ڤاناسان هاتن .

ئەگەر چی هەندێ ڕۆنان بەرچاو دەکەون ، وەك:

(13) أ- <u>خەوێکی</u> خۆشم بینی. ب - <u>خەوەکە</u>ی من بینیم زۆر خۆش بو.

پ - <u>برایەتییەکە</u> دروستبووەتەوە. ت <u>خۆشەویستییەکی</u> بەهێزە.

لە (13)دا مۆرفیمی ناسراوی و نەناسراوی چووەتە سەر ناوی ئەبستراکت، ( بەڵام /-ەکە/ و /-ێك/ بۆ مەبەستی بەخشینی [+تاك ]نییە، بەڵکو بۆ ڕێکخستنی نیشانەی [+ناسراوی ] و [+جیاکردنەوە]یە.)(عەبدولجەبار مستەفا 2010: 19)، ئەویش بۆ جیاکردنەوەیەتی لە خەوێکی تر لە (13- أ ب) دا و لە (13- پ) دا لە برایەتییەکی ترو لە (13- ت) دا لە خۆشەویستییەکی تر.

کاتێك دەوترێت ناوەکە هەڵگری نیشانەی [+ ژمێرراو ]بێت، (بۆ ئەوەیە کە ڕێکەوتنی واتایی ڕوبدات، چونکە مۆرفیمی ناسراوی و نەناسراوی لە خۆیاندا هەڵگری نیشانەی[+ تاك ]یان[+ کۆ]ن، لەبەرئەوە ئەگەر ناوەکە [- ژمێرراو ]بێت، ئەوا ڕەنگە ڕێکەتنی واتایی ڕونەدات) (سەرچاوەی پێشو:18)

لە ئاخاوتنی ڕۆژانەماندا ، ڕۆنانی لە شێوەی (14- أ ب پ) دێنە بەرچاومان، کە ناوەکە نیشانەی [ - ژمێرراو ]ی هەیە، بەڵام مۆرفیمی ناسراوکردن و نەناسراوکردنی دەچێتەسەر، بڕوانە (14).

---

1- تا ئێستا (DET+N) وەك فرێزی ناوی خراوەتەڕو ، چونکە گریمانەی (NP) و (DP) لە ململانێدان، بەڵام لە دواتردا ئەوە دەخەینەڕو ، کە کاتێك دیارخەرەکانی ناسراوی و نەناسراوی وەك (Determiner)، دەبن بەسەری فرێزێکی ناوی، فرێزی دیارخەری بەرهەمدێنن. بڕوانە 1/3-2 ی ئەم بەشە.

2- لە چوارچێوەی بارێکی تایبەتیدا، یان لە چوارچێوەیەکی سنورداری نێوان دو کەس یان چەند کەسێکدا ، هەندێ لەم مۆرفیمانە لەگەڵ ناوی تایبەتیدا دەردەکەون و ڕێیان پێدەدرێت.

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (محەمەد عومەر عەول 2008 : 8) و (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف 2010 : 17- 18)

(14) أ- <u>ئاوەکە</u> بهێنە.          ب - <u>ئاوێکم</u> خواردەوە.          پ - <u>ئاوەکان</u> گەرم بون.


ئەوەی لە(14)دا ڕویداوە، لە دو ئەگەر زیاتر نییە وای بۆدەچین، یان لە ڕۆنانی ژێرەوەیاندا ناوێك هەبووەو لابراوە کە [+ ژمێرراو ]ە، یان دەشێ بۆ هەڵبژاردنی شتێك بێت لە نێوان دو شتدا، لە وەڵامی پرسیارێکی وەك (ئاوت بۆ بهێنم یان ساردی؟)دا (14)ڕویدابێت، کە ئەوەش سیاق/دەق(Context) ڕونی دەکاتەوە.

کەواتە ئەو نمونانەی لە (14- أ ب پ)دا خرانەڕو، دەکرێ لەڕۆنانی سەرەوەیاندا بەم شێوەیەبن:

(15) أ- <u>ئاوی تەرمۆزەکە</u> بهێنە.   ب- <u>پەرداخێك ئاوم</u> خواردەوە.   پ- <u>ئاوی ڕوبارەکان</u> گەرم بون.

فۆڕمەکانی (11، 13، 14) بە پێی گریمانەی (DP)، دەبن بە فرێزی دیارخەری، بەڵام وەك گریمانەیەك باس لەوە دەکرێت کە هێشتا لە زمانەکاندا نەچەسپیوە و لە زمانی ئینگلیزیشدا قسەی زۆری لەسەرە[1]، وە هەندێك[2] پێیان وایە لە زمانی کوردیشدا هەروا بەئاسانی ناتوانرێت فرێزە ناوییەکانی پێ شیبکرێتەوە.

بۆ نمونە فرێزی (کوڕەکە) بەپێی گریمانەی (DP) ئەم هێڵکارییەی هەیە:




هێڵکاری ژمارە (1)

بەڵام لە وەچە پارەکانی دواتردا هەوڵدراوە بەشێوەیەکی ورد و زانستییانە، ڕۆنانی فرێزی دیارخەری لەزمانی کوردیدا بخرێتەڕو.

٧

1، 2- بڕوانە (محەمەد مەحویی 2001: 66-80 ) و (حاتەم وليا محەمەد : 2006: 75-76) و ( Tanmoy Bhattacharya 1998:1-26 ) و (Martine Coene and Yves Dhulst 2003:1-28) .
هەروەها بشڕوانە (Daniel W. Bruhn2006:1-14) و (Zeljko Boskovic 2008:6-13)

### 3-1-3/1 ) ڕۆنانی دەرەوەی فریزی ناوی :

مەبەست لە ڕۆنانی دەرەوەی فریزی ناوی، فراوانکردنی (سەر)ی فریزێکی ناوییە، بەهۆی دەرخەرەکانی پێش سەر و پاش سەرەوە، کە ((هەریەکەیان دەتوانرێ بەهۆی چەند دانەیەکی ڕێزمانیی فراوانەوە بنوێنرێ))(محەمەد عومەر عەول 2008 :8)، جا ئەگەر ناوەکە ناوێکی گشتی ڕوت بێت، یان مۆرفیمی ڕێزمانیی تایبەت بەناوی چوبێتەسەر، وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، (سەر) لە هەمو فرێزێکدا هەیە و هاتنی بەخورتییە و لانابرێت، ئەگەر لاشبرێت ئەوا لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بونی هەبووە، ئەم لابردنەش لە چوارچێوەیەکی سنورداردا لە (سیاق)دا ڕودەدات، واتە لە گفتوگۆی نیوان دو کەس یان دو لایەندا ڕودەدات و بە مەبەستی ئابوریکردن دەرنابڕرێ، بەڵام لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بونی هەیە، بۆ نمونە لە فریزێکی خستنەپاڵی خاوەنداریێتیدا کە ناوەکان وابەستەی یەکتری بون و هیچ ناوێکی تر لە ڕوی واتاوە لە جێگەیان دانانرێت، دەشێ (سەر) دەرنەبڕرێت، چونکە لە ئاوەزی قسەکەردا پێشبینی لێکراوە و زانراوە، بۆ نمونە (جریوەی چۆلەکە)، دەوترێت (گوێم لە جریوەیە.)، واتە لە هەندێ باردا سەر لە ڕۆنانی سەرەوەدا دەرنابڕرێت، ئەمەش نیشانەی نەبونی نییە، (چونکە لەڕێگەی واتاو سەلیقەی زمانییەوە هەست بە بونی دەکرێت و پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی نێوان پێکهێنەکانی فرێز، هەبونی سەر لە ڕۆنانی ژێرەوەدا ئاشکرا دەکەن.)(دیارعلی کەمال 2002:42).

### 4-1-3/1 ) دەرخەرەکانی فریزی ناوی :

### 1-4-1-3/1 ) دەرخەرەکانی پێشەوەی فریزی ناوی :

پێکهاتەی فریزی ناوی بەکۆمەڵێك کەرەسە فراوان دەکرێت و لە پێش سەرەوە دەردەکەون، کە بە دەرخەرەکانی پێش سەر ناو دەبرێن و بە بێ یاریدەی مۆرفیمی خستنەپاڵ، لە پەیوەندییەکی ئاسۆییدا لە پێش سەرەوە دەردەکەون، دەشێ شوێنی (Specifier) لە فرێزە ناویەکەدا پڕبکەنەوە و پرۆژەی فرێزەکە تەواو بکەن، ئەوانیش وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، کە هەریەکەیان دەتوانرێت بەهۆی چەند دانەیەکی ڕێزمانی فراوانەوە بنوێنرێت، کە لە خوارەوە دەیانخەینەڕو :

1) تاکبەندەکان(ت) : جۆرێکن لە دیاریکار ( Specifier ) ەکان ، کە ئەرکی دیاریکردن و سنوردانان دەبینن ، وەك ( تەنیا ، هەر )، لەپێش ناوی دەرخراوەوە دێن ، وەك لە (16- أ ب) دا روندەبێتەوە:

(16) أ - تەنیا ئازاد دەبینم . ب - هەر ڤاناس نەهات .

2) ژمارە ( بنجی ، پلەیی) : بڕوانە (17- أ ب پ)

(17) أ - سێ خوێندکار هاتن . ب - یەکەم خانو ماڵی ئازادە .

پ  چوارەمین خوێندکار گەڕایەوە .

لە نمونەکانی (17- أ ب پ) دا دیارە، کە ژمارەی بنجی و پلەیی(ڕێکخستن) بە بێ یاریدەی مۆرفیمی خستنەپاڵ لەپێش سەری فرێزە ناوییەکەوە دەرکەوتون.

3) ڕادە ( تۆزێك ، هەندێك ، زۆر ، کەم ، هەمو ، کەمێك ...)، بڕوانە (18-أ ب)

(18) أ - کەم کەس وەك تۆ زیرەکن . ب- هەندێك خوێندنگە نمونەیین .

ژمارە و ڕادە هەردوکیان چەندێتی فرێزە ناوییەکە دەردەخەن ( ژمارە چەندێتی دیاریکراوی فرێزە ناوییەکە دەردەخات و ڕادەش چەندێتی دیارینەکراوی دەردەخات)(عەبدولجەبار مستەفا 2010: 44) ژمارە و ڕادە لەبەر ئەوەی ژمارەو بڕ، یان چەندێتی ناوەکە دەردەخەن ناچنە سەر ناوی تایبەتی، چونکە ناوی تایبەتی هەڵگری نشانەی [+ژمێرراو ] و [ +دیاریکراوی ] و[ + ناسراوی ]یە، وەك لە (19- أ ب)دا دەردەکەوێت:

(19) أ - ★ سێ ڤاناس ڕۆشتن . ب - ★ هەندێك ئازاد هاتن .

هەندێ جار ئەوەش دەوترێ، کە پاش لابردن و دەرنەبڕینی سەر، فرێزەکە بە جۆرێکی تری فرێز ناوی دەبرێت کە( فرێزی ڕادە)یە ، بۆ نمونە بڕوانە (20) .

(20) أ - تۆزێك ئاوم خواردەوە . ⟵ تۆزێکم خواردەوە .

ب - هەندێك خوێندکار هاتن . ⟵ هەندێك هاتن .

بەڵام ئەوە خرایەڕو کە هاتنی سەر بەخورتییە، ئەگەر دەرنەبڕێ مانای نەبونی نییە، سەرەڕای ئەوەش، لە ڕێزمانی کوردیی خوێندنگا ئامادەییەکاندا هاتووە، ئەو وشانەی کە ئێمە بەڕادە ناومان بردن، لەوێدا بە ئاوەڵناوی نادیار ناویان دەبات کاتێك کە لەگەڵ ناودا بەکاردێن(لیژنەیەك لە وەزارەتی

---

(1) محەمەد مەعروف فەتاح لە زمانی کوردیدا ، سێ کەرەسەی بۆ شوێنی ( Specifier) لە فرێزی ناویدا دیاری کردووە ، کە یەکێکیان تاکبەندەکانە ( Distributives) ، هەروەها (وشەی نیشانە (Demonstratives)) و (ڕادە (Quantifiers))ش دو جۆری تری (Spec)ن ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (Fattah,M.M 1997:197).

- ئەبوبەکر عومەر قادریش (تاکبەند) بەو وشانە دادەنێت ، کە ئەرکی سنوردانان دەبینن.(چاوپێکەوتن 2014) ، بەڵام ئومێد بەرزان برزو بە (ئامرازی دەرهاویشتن) ناوی بردون. بڕوانە(ئومێد بەرزان برزو2012: 22).

پەروەردە 2010، 49-51)، بەڵام وشەکانی وەك (زۆر ، کەم ، تۆزێك، نەختێك ، هیچ ، هەمو، هەندێك ، فلان ، فیسار ، کابرا، هین..) ئەگەر بەبێ ناو بەکار بهێنرێن، بە جێناوی نادیار ناویان دەبات، بەڵام بە بڕوای ئێمە دەکرێت وشەکانی (فلان ، فیسار ، کابرا ، هین ) وەك جێناوی نادیار بەکار بهێنرێن، بەڵام (زۆر ، کەم ، هیچ ، تۆزێك..) وەك جێناوی نادیار بەکار ناهێنرێن، واتە بەکارهێنانی ئەو وشانە بەبێ ناو نایانکاتە جێناوی نادیار، بەڵام دەشێ وەك ئاوەڵناو ببنە تەواوکەری کرداری بێهێز بۆ نمونە (خواردنەکە کەمە.)، یان دەشێ وەك ئاوەڵکردارئاسا لەجێکەوتەی فرێزی ئاوەڵکرداریدا بەکار بهێنرێن، وەك (باران زۆر باری.)

لەبەر ئەوە ئەگەر ئەوە بەڕاست دابنرێت کە ڕادە بەبێ (ناو/سەر) ببێتە فرێزی ڕادە و هاوشێوەی فرێزی دیارخەری بێت، ئەوا ئەوەش ڕاستە کە ببێتە جێناوی نادیار ، بۆ نمونە :

(21) أ- هەندێك کوڕ دەبینم . ←—— هەندێك دەبینم . ←—— کوڕ دەبینم .

کەواتە ئەو دو بۆچونە دژبەیەك دەوەستنەوە، بەڵام لێرەدا ئەوە خراوەتەڕو کە ڕادە لە ناو فرێزی ناوی و جۆرەکانی تری فرێزدا دەشکێتەوە، واتە لەناو فرێزی ناوی و جۆرەکانی تردا وەك دەرخەر ڕۆڵ دەبینێت.

دەتوانرێ بوترێ ڕادە بەتەنیا دێت، بەڵام لەڕۆنانی ژێرەوەیدا ناوێك هەیە، هەروەها لە ناو فرێزەکانی تریشدا دەشکێتەوە. (ئەگەر ڕادە لەگەڵ ناوی ژمێرراودا بەکارهات، ئەوا ئەو ناوە دەبێت مامەڵەی کۆی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام ئەگەر لەگەڵ ناوی نەژمێرراودا بەکارهات، ئەوا ئەو ناوە دەبێت مامەڵەی تاکی لەگەڵدا بکرێت) (بێستون حەسەن ئەحمەد 2012:39) بڕوانە (22- أ ، ب).

(22) أ- هەندێك خوێندکار هاتن. ب- تۆزێك شەربەت خورایەوە.

4 ) وشەی پرس : ( کام ، چەند)

(23) أ - کام خوێندکار نەهاتووە ؟ ب - چەند پیاو هاتن ؟

وشەی پرسی (کام) لەگەڵ ناوی تایبەتیشدا بەکاردێت، کاتێك کە ناوەکە بۆ لایەنی دووەم ڕون نەبێت یان نەناسراو بێت، یان چەند کەسێك بەو ناوەوە هەبن، بۆ هەڵبژاردن یان جیاکردنەوەی یەکێکیان لەوانی تر، بڕوانە (24) .

(24) ئازاد هات . ←—— کام ئازاد هات ؟

5) وشەی نیشانە :

وشەی نیشانەش دەبێتە دەرخەری پێشەوەی فرێزی ناوی بە بێ یاریدەی مۆرفیمی خستنەپاڵ، لەفرێزەکاندا شوێنی (Spec) پڕدەکەنەوە، هەرچەندە فۆڕمەکانی خشتەی ژمارە (1) فۆڕمی داڕێژراون، بەشێکی فۆڕمەکە دەکەوێتە دوای فرێزەکەوە کە ئەو (– ە)یە و کۆتایی ئەو فرێزە نیشاندەدات کە نیشانە کراوە و فرێزەکە دادەخات.

**فۆڕمەکانی وشەی نیشانە لەم دو خشتەیەی خوارەوەدا دەخرێنەڕو :**

| کۆ | تاك | |
|---|---|---|
| ئەم ..... انە | ئەم ..... ە | نزیك |
| ئەو ..... انە | ئەو ..... ە | دور |

**خشتەی ژمارە (1)**

| کۆ | تاك | |
|---|---|---|
| ئەمانە | ئەمە | نزیك |
| ئەوانە | ئەوە | دور |

**خشتەی ژمارە (2)**

**فۆڕمەکانی خشتەی یەکەم، لەگەڵ فرێزی ناویدا دێن و دەبنە دەرخەری ناوەکە، دەشێ بە ئاوەڵناوی نیشانە ناوببرێن، چونکە پەسنی ناو دەکەن بەوەی کە لەڕوی واتاوە ناوەکە دەستنیشاندەکەن و جیایدەکەنەوە لە ناوێکی تر، وەك لە (25- أ ب پ ت) دا دەردەکەوێت:**

**(25) أ- <u>ئەم خوێندکارە</u> ، زیرەکە . ب- <u>ئەم خوێندکارانە</u> زیرەکن .**

**پ- <u>ئەو کوڕە</u> دەناسم . ت- <u>ئەو کوڕانە</u> دەناسم .**

**لەبەر ئەوەی وشەکانی نیشانە هەڵگری نیشانەی واتایی [+ دەستنیشانکردن ]، [+جیاکردنەوە]ن، ئەو ناوەی کە بەکاردێت لەگەڵیاندا دەیکەن بە [+ ناسراو]، ئەمەش ڕێ لەوە ناگرێت، کە فۆڕمەکانی تاکی دور و نزیك لەگەڵ ناوی تایبەتیدا بەکار بهێنرێن، هەرچەندە ناوی تایبەتیش خاوەنی نیشانەی [+ناسراو]یيە، بەڵام وایدادەنێین کە بۆ ئاماژەو دەستنیشانکردن و جیاکردنەوە بێت لە ناوێك یان چەند ناوێکی تری تایبەتی، بڕوانە (26 - أ ب ) .**

**(26) أ- <u>ئەم ئازادە</u> کارەکەی ئەنجامدا. ب- <u>ئەو ڤاناسە</u> کچێکی ژیرە.**

**فۆڕمەکانی خشتەی ژمارە(1) لەگەڵ ناوی گشتیی کۆنکرێتدا بەکارهات، کە لە (25- أ ب پ ت)دا خرایەڕو، لەگەڵ ناوی تایبەتیشدا بەکارهات، وەك لە (26- أ ، ب)دا دەردەکەوێت، کە (ئەم ئازادە) کارێکی ئەنجامداوە نەك کوڕێك یان ئازادێکی تر، بەهەمان شێوە فرێزی ناوی (ئەو ڤاناسە) کچێکی ژیرە نەك کچێك یان ڤاناسێکی تر، هەروەها لەگەڵ ناوی ئەبستراکتیشدا بەکاردێن، ئەویش بۆ جیاکردنەوە و دەستنیشانکردنی ناوە ئەبستراکتەکەیە لە ناوە ئەبستراکتەکانی تر، وەك لە (27 - أ ب) دا دیارە:**

(27) أ- ئەم خەمە زۆر گەورەیە .                ب- ئەو خەونە، دێتەدی .

**هەروەها لەگەڵ ناوی نەژمێرراویشدا بەکاردێن ، کە لە ڕۆنانی ژێرەوەدا ناوێکی ژمێرراو هەبووەو لە ڕۆنانی سەرەوەدا دەرنەبڕراوە. بڕوانە (28)**

(28) أ ئەم ئاوە ببە. ← ئەم دەبە ئاوە ببە.

ب ئەم ئاوانە ببەن. ← ئەم دەبە ئاوانە ببەن.

پ- ئەو شیرە بخۆرەوە. ← ئەو پەرداخە شیرە بخۆرەوە.

**هەروەها فۆڕمەکانی (ئەمە ، ئەمانە ، ئەوە ، ئەوانە)[1] لە خشتەی ژمارە (2) دا وشەی نیشانەن[2]، لە فۆڕمەکانی خشتەی یەکەمەوە دەستکەوتون کە بەبێ ناو بەکاردێن، ئەگەر بەبێ ناو و بەتەنیا بەکار بێن، لە ڕۆنانی ژێرەوەدا ناوێك هەبووەو لە ڕۆنانی سەرەوەدا دەرنەبڕراوە، ئەمەش بۆ مەبەستی ئابوریکردنە، بە واتا فۆڕمەکانی خشتەی دووەم کورتکراوەی فرێزەکەن، بۆ نمونە لە (29 - أ)دا فۆڕمی (ئەمە) کورتکراوەی فرێزی (ئەم مناڵە)یە، واتە دەشێ بە جێناوی نیشانە ناوببرێن، چونکە جێی ناو یان فرێزێکی ناوی دەگرنەوە، بڕوانە (29- أ ب ).**

(29) أ - ئەمە پەنجەرەکەی شکاند. ← لە ڕۆنانی ژێرەوەدا - ئەم مناڵە پەنجەرەکەی شکاند.

ب - ئەوانە زۆر کاردەکەن. ← لە ڕۆنانی ژێرەوەدا - ئەو کرێکارانە زۆر کاردەکەن.

**لە (29 أ ب)دا ئەگەر بە وشەی پرسی (کامە) بۆ تاك و (کامانە) بۆ کۆ لە ناوەکە پرسیار بکەین، ئەوا لە وەڵامدا ناوەکە دەردەکەوێتەوە، کە لەڕۆنانی سەرەوەدا دەرنەکەوتبو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە دەشێ ئەو فۆڕمانە وەك جێناوی نیشانە جێی فرێزێکی ناوی بگرنەوە.**

**دەبێت ئەو ڕاستییەش لە یاد نەکرێت، کە (زۆرێك لە دەرخەرەکان جگەلەوەی بۆ پەسنکردنی ناوێکی دوای خۆیان بەکاردێن، بە تەنیاش لەڕستەدا دێن، بەبێ ئەوەی ناوێکیان بەدوادا بێت)** (Radford 1997:41) .

**6) بریناو : (ناوی زانستی و ناوی پیشەو پلەی کۆمەڵایەتی) وەك (دکتۆر ، مامۆستا ، وەستا ، کاك ، مەلا ، حاجی ، شێخ ، سەید ، سۆفی ...تاد) ، ئەمانەش دەبنە دەرخەری پێشەوەی فرێزی ناوی بەبێ یاریدەی مۆرفیمی خستنەپاڵ، وەك لە (30- أ ب پ) دا ڕوندەبێتەوە:**

(30) أ - دکتۆر ئازاد هات .

ب- حاجی عومەر گەڕایەوە.

---

(1) ئەوڕەحمانی حاجی مارف فۆڕمەکانی (ئەم)بۆ تاکی نزیك و (ئەو) بۆ تاکی دور و فۆڕمەکانی (ئەمان)بۆ کۆی نزیك و (ئەوان)ی بۆ کۆی دور دیاریکردوە ، وەك فۆڕمێکی سادە . بڕوانە( ئەوڕەحمانی حاجی مارف 1987، 264).

(2) تارا محسن قادر وایدادەنێت ، ئەگەر بەتەنیا بێن لە ڕستەدا ، بەبێ ئەوەی ناوێکی بەدوادا بێت ، ئەوا گۆکردنی جێناویی هەیە، بەڵام ئەگەر ناوێکی بەدوادا بێت ، ئەوا گۆکردنی ئاوەڵناو یان دەرخەرییان هەیە.(تارا موحسن قادر 2004، 102) ، هەروەها بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف 1987، 12) ، (کوردستان موکریانی 1980، 243)

پ- وەستا محەمەد خانووەکەی تەواوکرد.

هەندێك جار دو بریناو یان زیاتر پێکەوە دەبنە دەرخەر بۆ فرێزە ناوییەکە، بەڵام سەرەو ڕیزبونیان لەخۆوە نییە، بۆ نمونە:

(31) أ- حاجی شێخ عەلی

ب- حاجی مامۆستا مەلا عەزیز

لەمەوە دەتوانرێت ئەوە بوترێت (ئەو بریناوانەی ، کە واتای پلەی کۆمەڵایەتی و ئاینی جیاواز دەبەخشن، ئەگەر هاتو کەسێك لە پلەیەك زیاتری پێبەخشرابو، ئەوا هەر نوێکەیان لەچاڵە ئەندامییەکەدا دەکەوێتە پێش بریناوەکانی تر)(محمد فاروق عومەر1990: 33)

7) ئاوەڵناو (لە پلەی باڵای بەراورد) دا : وەك لە (32-أ ب) دا دەردەکەوێت.

(32) أ- باشترین کتێب بڵاوکرایەوە.

ب- ئازاترین پێشمەرگە لەشەڕەکەدا بەشدارە.

ئەم ئاوەڵناوە دەبێتە دەرخەری پێشەوەی فرێزە ناوییەکە، لەگەڵ ناودا دێت و پەسنی ناوەکە دەکات بەوەی کە لەبەراوردکردندا ئەندازەی باڵای ناوێك نیشاندەدات لەنێوان کۆمەڵە ناوێك کە هەمویان هاوبەشن لە سیفەتێکدا، بەڵام پلەی یەکێکیان پترە لە هەمویان، ئاوەڵناو بەبێ ناو گۆکردنی نییە(عەبدولجەبار مستەفا 2010: 60)، کەواتە ئاوەڵناو لەناو فرێزی ناوی و فرێزەکانی تردا دەشکێتەوە.

8) ناوی ئاوەڵکرداری (سەر ، ژێر ، بن ، پێش ، بەرامبەر ...تاد)

(33) أ - سەر شاخ

ب - بن بەرد

پ- بەرامبەر ئازاد دانیشتم .

9) فرێزی ناوی: دەکرێت فرێزێکی ناوی، لەژمارەو ناوێکی پێوانە کە وەکو یەکەی پێوانە بەکاردێن پێکهاتبێت، ببێتە دەرخەری پێشەوەی فرێزێکی ناویی تر، وەك لە(34-أ ب)دا دەردەکەوێت.

(34) أ - سێ تەن چیمەنتۆ دەکڕم .

ب - چوار تەنەکە ڕۆن دەهێنم .

لە نمونەکاندا ئەوە دەردەکەوێت، کە دەرخەرەکانی پێش سەر بە گشتی دەچنە سەر ناوی گشتی، جگە لە بریناو کە تەنها دەچێتە سەر ناوی تایبەتی، بەڵام دەشێ هەندێك لە دەرخەرەکان لەگەڵ ناوی تایبەتیشدا بێن، بۆ نمونە (تاکبەندەکان، وشەی پرسی (کام )، ناوی ئاوەڵکرداری )، کە لە نمونەکاندا خرانەڕو، هەروەها دەشێت زیاتر لە دەرخەرێك لەپێش سەری فرێزەکەوە دەربکەوێت،

ئەوەش بەپێی یاسا سینتاکسییەکانی زمانی کوردی، کە ڕێدەدات کام دو یان زیاتر لە دەرخەر لەپێش ناوەوە و پێکەوە دەربکەون، یان ڕێنادات دو دەرخەر یان زیاتر لە پێش ناوەوە دەربکەون، بۆ نمونە (ژمارە و ڕادە) لەبەر ئەوەی هەردوکیان چەندێتی فرێزە ناوییەکە نیشاندەدەن، یاسا سینتاکسییەکانی زمانی کوردی ڕێنادات هەردوکیان پێکەوە ببنە دەرخەری پێشەوەی یەك فرێزی ناوی، چونکە ڕۆنانەکە نادروست دەبێت، ئەم دروست و نادروستییەش بە (ڕاڤە نەکراو/ڕاڤەکردنی تەواو و ڕێزمانی لە فۆڕمی لۆژیکی و فۆڕمی فۆنەتیکی)دا ناودەبرێن، بۆ نمونە:

(35) أ- ٭ سێ هەندێك خوێندکار هاتن.

ب- ٭هەندێك سێ خوێندکار هاتن.

بەڵام یاسا سینتاکسییەکانی زمانی کوردی ڕێدەدات بەوەی کە تاکبەندەکان پێش ژمارە و وشەی نیشانە بێن، ئەم ڕێدان و ڕێنەدانەش بۆ گونجاندنی ڕۆنانەکەیە لەگەڵ یاسا گشتییەکانی ئاخاوتنی قسەکەراندا و یاسا سینتاکسییەکانی زمانی کوردیدا، کە دەربڕراوێکی ڕاڤەکراو و ڕێزمانی لە فۆڕمی لۆژیکی و فۆنەتیکیدا بەرهەم دەهێنێت.

بۆ نمونە بڕوانە (36) .

(36) أ- تەنیا چوار خوێندکار نەهاتون .

ب- تەنیا ئەم خوێندکارە نەهاتووە .

پ- تەنیا هەر ئەم چوار خوێندکارە نەهاتبون.

ت- تەنیا هەر ئەم سێ تەنەکە ڕۆنە دەهێنم .

ج- ئەو هەمو خوێندکارە هاتن.

بەڵام ڕێگە بە (37- أ ب پ) نادرێت:

(37) أ- ٭ چوار تەنیا خوێندکار نەهاتون .

ب- ٭ هەر تەنیا چوار ئەم خوێندکارە نەهاتون.

پ- ٭ ئەم سێ هەر خوێندکارە نەهاتون.

کەواتە دەتوانین ئەوە بڵێین، کە سەرەو ڕیزبونی ئەم دەرخەرو دەرخراوانە سەرەو ڕیزبونێکی یاسا بەندە و لەخۆوە نییە.

### (2-4-1-3/1 دەرخەرەکانی دواوەی فرێزی ناوی :

زۆربەی ئەو کەرەسانەی وەك دەرخەری پێشەوەی سەری فرێزی ناوی ڕۆڵیان دەبینی، وەك دەرخەری دواوەش دەردەکەون، بەڵام بەیاریدەی مۆرفیمی خستنەپاڵی /- ی/، /- ە/[تر]، پێشتر لە (3/1- 1- 1- 2)دا ڕۆنانی فرێزە بەرهەمهاتووەکە خرایەڕو ، بڕوانە (3/1- 1- 1- 2).

دەرخەرەکانی پاش سەر لە خوارەوە دەخرێنەڕو:


1) ناو (فرێزی ناوی): بڕوانە(38).

(38) أ- تەنیا دەستی نەسرین شکاوە.

ب- کرێکارانی کارگە دڵسۆزانە کاردەکەن.

پ- هۆنراوەی نالی دەخوێنمەوە.

بڕوانە هێڵکاری ژمارە (2)، کە ڕۆنانی فرێزێکی ناویی خستنەپاڵ دەخاتەڕو.




هێڵکاری ژمارە (2)

نمونەکان وەك بەرهەمی ئەم ڕۆنانە بە فرێزی خستنەپاڵی خاوەنداری[یر] ناودەبرێن، لەم ڕۆنانەدا (مۆرفیمی /-ی/ پەیوەندییەکی خاوەندارێتی دەردەبڕێت و دۆخی ڕێزمانیی خستنەپاڵیش لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست بە فرێزێکی ناوی دەبەخشێت) (محەمەدی مەحوی 2001 :53) ، چونکە مۆرفیمی خستنەپاڵ لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست حوکم دەکات، مۆرفیمی خستنەپاڵی /-ی/ لە کرمانجی

---

(1) بۆ جیاوازی نێوان ( ی ، ە ) بڕوانە: (طالب حسێن عەلی، 1998: 19 ) و (ئەبوبەکر عومەر قادر 2003: 42 - 48) (وریا عومەر ئەمین، 2004: 142) ، (محەمەدی مەحوی :2011 : 52 ، 51)، هەروەها(محەمەدی مەحوی 2001: 53-60).

(1)بۆ زانیاری لەبارەی فرێزی خستنەپاڵی خاوەندارێتییەوە بڕوانە: (محەمەد مەعروف فەتاح، 1980: 163- 195 ) و (ئەبوبەکر عومەر قادر 2003 : 45 - 46) (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف 2010: 45-54) ، (محەمەدی مەحوی 2011: 51-52).

**ناوەڕاستدا لەگەڵ ناوی تاك و كۆ و نێرو مێدا بەبێ جیاوازی بەكاردێن، چونكە پەیوەندی بە ژمارە و توخمەوە نییە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە كە مۆرفیمی (ی) خستنەپاڵ لەگەڵ ناوی یەكەمدایە نەك لەگەڵ ناوی دووەمدا، چونكە ناوی یەكەم مۆرفیمە خستنەپاڵەكە داوادەكات و لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت ، كە ئەوەش لە كرمانجی ژورودا بەڕونی دەردەكەوێت و لە دواتردا ڕونكراوەتەوە، ئەگەر فرێزە خستنەپاڵەكە بە ناوێكی تایبەتی شوێن دەرخرا ئەوا ڕۆڵی ناونان دەبینێت، بۆ كەرتی یەكەمی فرێزەكە، بۆ نمونە (شاری سلێمانی ، گوێزی هەورامان...).**

**هەروەها دەشێ ناوەكردارییەكانیش ببنە دەرخەری دواوەی فرێزی ناوی، بڕوانە(39-أ ب)**

**(39) أ- ئازاری سوتان بەسوێیە. ب- ژوری نوستن لە سەرەوەیە .**

**2) ئاوەڵناو (فرێزی ئاوەڵناوی) : ئاوەڵناو یەكێكە لە دەرخەرە چالاكەكانی دواوەی فرێزەكە و بەیاریدەی مۆرفیمی خستنەپاڵی /-ی/ و /-ە/ دەدرێتەپاڵ ناو، كە فرێزی ئاوەڵناوی بەرهەمدەهێنێت ئەویش پێویستی بە چەند دەستورێكی تایبەتی هەیە، كە لەخوارەوە دەیانخەینەڕو:**

**(أ) ئەگەر ناوە دەرخراوەكە، ناوێك بێت، هەڵگری نیشانەی واتایی [+ گشتیی ، + تاك ،+ نەناسراو ] بێت، ئاوەڵناوێك ببێت بە دەرخەری ئەوا بەیاریدەی مۆرفیمی /-ی/ی خستنەپاڵ دەدرێتە پاڵ ناوەكە، بڕوانە (40-أ ب پ) .**

**(40) أ- زێڕی پاك ژەنگ ناكات.**

**ب- گوڵی جوان بهێنە.**

**پ- خوێندكاری زیرەك**

**لە (40) دا ڕۆنانی فرێزەكە گۆڕانی بەسەردا دێت و فرێزە ناوییەكە لەناو فرێزێكی ئاوەڵناویدا دەشكێتەوە، چونكە ئاوەڵناوەكە كۆتایی فرێزەكە دەگرێت.**

**(ب) بەڵام ئەگەر ناوە دەرخراوەكە، ناوێك بێت هەڵگری نیشانەی واتایی [ +گشتی ،+تاك ،+ ناسراو ] یان [ +گشتی ،+كۆ ،+ ناسراو ] بێت ، ئەوا ناوەكە و ئاوەڵناوەكە دەخەینە سەر شێوەی دەستەواژیلەیەكی مۆرفۆلۆژی ، بەهۆی مۆرفیمی خستنەپاڵی / - ە/وە، پاشان مۆرفیمی ناسراوی یان ناسراوی و كۆ، دەخرێتە دوای ئاوەڵناوەكەوە، (گەر گوێگر دەرخراو بناسێت، یان زانیاری لە بارەیەوە هەبێت، ئەوا قسەكەر فۆڕمی پێكهاتەی فرێز دەگۆڕێت و مۆرفیمی (- ەكە) ی ناسراوی لە كۆتایی فرێزەكەدا دێنێت و /- ی/ دەگۆڕێت بە /- ە/ وە ئەمەش كاتێك دەبێت، كە دەرخەر ئاوەڵناو یان ئاوەڵناوئاسا بێت و پەسنی دەرخراوێك بكات)**(ئەبوبەكر عومەر قادر 2003 : 45 - 46) ، **بەمەش فرێزی دیارخەری بەرهەمدێت، خۆ ئەگەر ناوەكە بەچەند ئاوەڵناوێكی یەك لەدوای یەك دەرخرا، ئەوا مۆرفیمی ناسراوی یان ناسراوی و كۆ دەخرێتە دوای كۆتا ئاوەڵناوەوە، هەمو**

ئاوەڵناوەکان بە مۆرفیمی /- ە / ی خستنەپاڵ دەدرێنەپاڵ یەکتر، لەم کاتەدا بەهۆی مۆرفیمی خستنەپاڵەکەوە، ئاوەڵناوی دووەم دەبێتە دەرخەری ئاوەڵناوی یەکەم، ئاوەڵناوی سێیەمیش دەبێتە دەرخەر بۆ ئاوەڵناوی دووەم، هەموشیان پێکەوە دەبنە دەرخەر بۆ ناوەکە، وەك لە (41-أ ب پ ت)دا دیارە.

(41) أ- کوڕە زیرەکەکە هات .

ب- کوڕە زیرەکە چالاکەکە هات .

پ- درەختە سەوزەکان ئاودران .

ت- درەختە سەوزە بەرزە جوانەکان ئاودران .

لە (41-أ) دا (کوڕ) ناوێکی گشتییە، بە ئاوەڵناوی (زیرەك) دەرخراوە و مۆرفیمی ناسراوی خراوەتە دوای ئاوەڵناوەکەوە، بەمەش پڕۆژەی فرێزەکە گەورەتر دەکات و فرێزی دیارخەری بەرهەم دەهێنێت، واتە فرێزە ناوییەکە بە ئاوەڵناوێك تەواو کراوە، کە دەستەواژیلەیەکی ئاوەڵناوی بەرهەمهێناوە و دواتر مۆرفیمی ناسراوی خراوەتەسەر، بەمەش پڕۆژەی فرێزە بەرهەمهاتووەکە دەبێتە فرێزێکی دیارخەری، هەروەها لە (41-ب)دا ناوەکە بەدو ئاوەڵناو دەرخراوە و مۆرفیمی ناسراوییەکە خراوەتە دوای دووەم ئاوەڵناوەوە، نیشانەی ناسراوی و کۆ لە (41 پ)دا خراوەتە سەر ئاوەڵناوەکە، لە (41 ت)شدا ناوەکە بەچەند ئاوەڵناوێکی یەك لە دوای یەك دەرخراوە، مۆرفیمی ناسراوی و کۆ خراوەتە دوای کۆتا ئاوەڵناوەوە، واتە پەیوەندیی نێوانیان دەرخەرو دەرخراوییە، بەڵام ڕۆنانی لەجۆری(42) کە لە خوارەوە خراوەتەڕو، ئاوەڵناوەکان بە مۆرفیمی بەستنەوەی / و / لێکدراون، (پەیوەندیی نێوانیان دەرخەرو دەرخراوی نییە) (Fromkin2003:147)، چونکە مۆرفیمی/ و/ هیچ حوکمێك بەلای ڕاست و چەپدا ناکات و (هیچ دۆخێکی ڕێزمانی نادات، تەنیا ڕۆڵی خستنەتەکیەك دەبینێت)(عەبدولجەبار مستەفا 2010:82)، هەردو ئاوەڵناوەکەش بە هاوبەشی وەکیەك و هەریەکەشیان بەجیا بەشدارن لەدەرخستنەکەدا ، بڕوانە (42).

(42) خوێندکارە زیرەك و چالاکەکە هات .

هەندێك جار لەم ڕۆنانەدا، مۆرفیمی خستنەپاڵی / - ە/ دەرناکەوێت، ئەگەر ناوە دەرخراوەکە، لە بڕگەیەك زیاتر بێت و بەپیتە ڤاوڵەکانی (ە ، ا ، ۆ ، ێ) کۆتایی هاتبێت(لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە 2011 :92)، چونکە بەپێی دەستوری بڕگە، دو ڤاوڵ لە بڕگەیەکدا بەدوای یەکدا نایەن. بڕوانە (43).

(43) أ- پێشمەرگە ئازاکان گەڕانەوە.

ب- زانکۆ تازەکە دەکرێتەوە.

پ- خوێندنگا کۆنەکە نۆژەن کرایەوە.

ت- هەرمێ ناسکەکەم خوارد.

لە (43-أ ب پ ت)دا ئەوە خراوەتەڕو، کە دەشێ مۆرفیمی خستنەپاڵی /- ە/ دەرنەکەوێت، بەڵام بەهەمان شێوەی (41 - أ ب پ ت) ئاوەڵناوە دەرخەرەکان، پەسنی ناوە دەرخراوەکان دەکەن، خۆ ئەگەر ناوەکە لە بڕگەیەك پێکهاتبێت، ئەوا مۆرفیمی خستنەپاڵ دەردەبڕرێت، بەڵام بۆ ئەوەی دو ڤاوڵەکە نەکەونە دوای یەکتر، کۆنسنانتی (y- ی) دەخرێتە نێوانیان، پاشان مۆرفیمی ناسراوی و کۆ دەخرێتە دوای ئاوەڵناوەکەوە، بڕوانە (44-أ ب پ).

(44) أ- دۆیە ترشەکەی خواردەوە.

ب- بایە بەهێزەکە هەڵیکرد.

پ- دێیە خۆشەکان ئاوەدانکرانەوە.

هەندێ جار لە (44)دا بۆ ئابوری و ئاسانی دەربڕین مۆرفیمی خستنەپاڵەکە دەرنابڕێ و ڕۆنانی لەشێوەی (دۆ ترشەکە ، دێ خۆشەکە) ڕودەدات، هەندێك جاریش ناوە دەرخراوەکە دەرنابڕرێت و ڕۆنانی لە جۆری (45-أ ب) ڕودەدات.

(45) أ- جوانەکە هات.

ب- گەورەکە بهێنە.

لە (45-أ ب)دا ناوێکی ناسراو لە ڕۆنانی ژێرەوەدا هەبووە و دەرنەبڕراوە، کە لە بنەڕەتدا بەو شێوەیە بووە، کە لە (46-أ ب) دا دەخرێتەڕو.

(46) أ- کچە جوانەکە هات.

ب- بەردە گەورەکە بهێنە.

ئەوەش لەبەرئەوەیە کە ئاوەڵناو سەربەخۆ وەك ئاوەڵناو گۆ ناکرێت و لەچوارچێوەی فرێزێکدا تەواوکەرێك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، یان خۆی بەکردارێکی بێهێزەوە هەڵدەواسێت، زۆر جار ئاوەڵناوەکان پلەکانیان دیاریدەکرێت و لە سادەیی دەردەچن، کاتێك وەك دەرخەری دواوەی فرێزی ناوی دەردەکەون، چونکە ئاوەڵناوەکان پلەدارن، بڕوانە (47-أ ب پ).

(47) أ- خوێندکاری زۆر زیرەك دەناسم.

ب- کچی زۆر باشتر لە نەسرین دەناسم.

پ- نامەی ڕازاوەتر دەنوسم.

هەروەها ڕۆنانی لەجۆری (48) ڕودەدات، کە مۆرفیمی (تر) بە تەنیا دەردەبڕرێت، لەوێدا وەك ئاوەڵناوی نادیار گۆ دەکرێت، نەك وەك پلە. بڕوانە(48-أ ب)

(48) أ - فەرهەنگی تر بەکار دەهێنم .

ب- هۆنراوەی تر دەنوسم .

وشەکانی (زۆر ، کەم ، جوان ...) وەك ئاوەڵناو دەبنە دەرخەری دواوەی فرێزی ناوی، نەك وەك ڕادە[1]. بڕوانە (49أ- ب)

(49) أ- ئاوی زۆر مەخۆرەوە.

ب- خوێندنگاکە خوێندکاری کەم وەردەگرێت.

هەروەها وشەکانی (وا ، وەها) لەپێش ئاوەڵناوی چۆنێتییەوە بەکار دێن و هەردوکیان وەك فرێزێکی ئاوەڵناویی فراوانکراو دەبنە دەرخەری دواوەی فرێزە ناوییەکە، بڕوانە (50أ- ب).

(50) أ- خوێندکاری وا زیرەکم نەبینیوە.

ب- پیاوی وەها باشم نەبینیوە.

هەندێ جار وشەکانی (وا ، وەها) بەبێ ئاوەڵناو بەکاردێن، بەمەش بەنادیاری پەسنی ناوەکە دەکەن و دەبنە دەرخەری دواوەی فرێزە ناوییەکە، بڕوانە (51أ- ب) .

(51) أ- خویندکاری وام نەبینیوە.

ب- خوێندکاری وەهام نەبینیوە.

3) ژمارە ی پلەیی بڕوانە (52 ).

(52) أ- ڕۆمانی چوارەم دەنوسم.

ب- نامەی پێنجەم دەخوێنمەوە.

4) فرێزی پێشناوی : بڕوانە (53أ- ب).

(53) أ- گوندی بێ ئاو ئاوەدان ناکرێتەوە.

ب- ماڵی بێ مناڵ ناخۆشە.

5) فرێزی ئاوەڵکرداری[1]: بڕوانە (54أ- ب)

(54) أ- گۆزەی ناو باخەکە شکا.

ب- ئەو کوڕەی بەر دەرگا دەناسم.

---

(1) هەرچەندە (محەمەد عومەر عەول) بەوشەکانی ڕادە و (ئومێد بەرزان برزو) ش بە فرێزی ڕادە ناوی بردون ، هەردوکیشیان ڕایان وایە، کە دەبنە دەرخەری دواوەی فرێزی ناوی ، بەڵام(ئەوڕەحمانی حاجی مارف) باوەڕی وایە کە مۆرفیمەکانی ڕادە و ژمارەی بنجی و کەرتی وەك دەرخەری پێشەوە گۆدەکرێن ، هەروەها (چیا عەلی مستەفا)ش لەسەر هەمان ڕایە ، کە وشەکانی ڕادە تەنیا وەك دەرخەری پێشەوە ، سەری فرێزە ناوییەکە فراوان دەکەن . بڕوانە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف 1998:62 )(محەمەد عومەر عەول 2008 :11) ، (ئومێد بەرزان برزو2012 :28 ) ،( چیا عەلی مستەفا 2008: 51-56).

(1) بۆ جیاوازی ڕۆنانی نێوان فرێزی پێشناوی(بەند) و فرێزی ئاوەڵکرداری ، بڕوانە (1/3-4 و 1/3- 5) ی ئەم نامەیە ، هەروەها بشڕوانە (عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان 2009: 78-84) .

6) ڕستەی شوێنکەوتو (پاڕستە): بڕوانە (55أ ب)

(55) أ- ئەو خوێندکارەی، کە زیرەك بو خەلاَتکرا.

ب- کوڕەکەی، کە دوێنێ بینیمان برام بو .

7) وشەی پرس (کێ ، چۆن) بڕوانە(56)

(56) أ- قەڵەمی چۆنت دەوێت؟

ب- کوڕی کێ گەڕاوەتەوە؟

8)وشەی نیشانە: (ئەمە ، ئەمانە / ئەوە ، ئەوانە)، بڕوانە (57  أ ب)

(57) أ- کوڕی ئەمە پەنجەرەکەی شکاند.

ب- تۆپی ئەوانە تەقیوە.

ئەو فۆڕمانەی لە (8) دا خراونەتەڕو، دەشێ وەك جێناو جێی فریێزێکی ناوی بگرنەوە، چونکە لەدەرخەرەکانی پێش سەردا ئەوەمان ڕونکردەوە، کە فۆڕمەکانی خشتەی ژمارە (2) لەفۆڕمەکانی خشتەی ژمارە (1)ەوە وەرگیراون، بەلاَم کاتێك لە ڕستەدا بەکاردێن، لە ڕۆنانی ژێرەوەیاندا ناوێك هەبووە و لە ڕۆنانی سەرەوەدا دەرنەبڕاوە، لێرەشدا هەمان لێکدانەوە هەڵدەگرێت، دەتوانرێت بوترێت کە سەری فرێزە ناوییەکە، بەفرێزێکی ناویی فراوانکراو بەهۆی وشەی نیشانەوە دەردەخرێت، بڕوانە (58  أ ب).

(58) أ- کوڕی ئەم پیاوە پەنجەرەکەی شکاند.

ب- تۆپی ئەو کوڕانە تەقیوە.

9) جێناو:

1- جێناوی کەسیی سەربەخۆ(جێناوی کەسیی نەلکاو):

جێناو (( ئەو کۆمەڵە وشەیەیە، کە ڕاستەوخۆ بۆ کەسانی یەکەم و دووەم و سێیەم، یان (قسەکەر و قسەبۆکراو و قسەلێکراو) دانراوە، هەر یەکێك لەو وشانەش لەوێنەیێکی تایبەتی دا دەبێتە هۆی پەیدابونی واتای تەواو لە ئاخاوتنی کوردیدا )) (لیژنەی زمان و زانستەکان 1976: 56) .

یان دەوترێت جێناو ((بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆیەو ئیشارەت بۆ دەلالەت و ماددە دەکا، بەلاَم ناویان نابا))(ئەوڕەحمانی حاجی مارف 1987:128)، کەواتە دەتوانین بڵێین جێناوی کەسیی سەربەخۆ ئەو وشانەن، کە لەجیاتی کەس بەکار دێن، جێناو لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر کراوە، زاراوەی

(ضمیر ، بۆناو ، ڕاناو ، جێناو)ی بۆ بەکارهێنراوە، جێناوە کەسییە سەربەخۆکان وەك وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ لەناو ڕستەدا چالاکانە ڕۆڵدەبینن و دەتوانن وەك کەرەسەکانی تر کە ئاماژەمان پێکردن ببنە دەرخەری دواوەی سەری فرێزی ناوی بەیاریدەی مۆرفیمی خستنەپاڵ، بڕوانە (59 - أ ب).

(59) أ- کوڕی تۆ ژیرە.

ب- باوکی ئیمە دەگەڕێتەوە.

لە کرمانجیی ناوەڕاست (شێوەزاری سلێمانی)دا، یەك کۆمەڵە جێناوی کەسیی سەربەخۆ دیاریکراوە ، کە فۆڕمەکانیان لە خشتەی ژمارە (3) دا پیشاندەدرێت.

| کەس | یەکەم | دووەم | سێیەم |
|---|---|---|---|
| تاك | من | تۆ | ئەو |
| کۆ | ئێمە | ئێوە | ئەوان |

خشتەی ژمارە (3)

2- جێناوی خۆیی : فۆڕمەکانی (خۆم ، خۆت ، خۆی ، خۆمان ، خۆتان ، خۆیان ) دەبن بە دەرخەر بۆ فرێزە ناوییەکەو لەدواوە بەیاریدەی مۆرفیمی خستنەپاڵی /- ی /فرێزە ناوییەکە فراوان دەکەن، بڕوانە (60 أ ب پ) .

(60) أ- کوڕی خۆم زیرەکە.

ب- خوێندکاری خۆمان زیرەکن.

پ وێنەی خۆمم بینی.

3- جێناوی پرس: (کێ ، چی ..)

(61) وێنەی کێ دروستدەکەیت؟

4 - جێناوی نادیار : لە فۆڕمەکانی (فلان ، کابرا ، هین ، ....)دا دەنوێنرێن ، بڕوانە (62).

(62) کوڕی کابرام بینی.

جگە لە جێناوە سەربەخۆکان، جێناوە کەسییە لکاوەکانیش، دەبنە دەرخەری دواوەی فرێزی ناوی، بەڵام ئەم بەدەرخستنە پێویستی بە مۆرفیمی خستنەپاڵ نابێت.

5- جێناوی کەسیی لکاو (کلیتیکی خاوەنێتی): کۆمەلەی یەکەمی جێناوە کەسییە لکاوەکان، کە بریتین لە (م - مان / ت  تان / ی - یان)، لێرەدا وەك دەرخەر بە کلیتیکی خاوەنێتی ناودەبرێن، دەبن بە دەرخەر و لە ڕۆناندا بەبێ یاریدەی مۆرفیمی خستنەپاڵ دەلکێن بە کۆتایی فرێزە دەرخراوەکەوە، بڕوانە (63  أ ب ).

(63) أ- دەستم شکا .

ب- دەستمان شکا .

خۆ ئەگەر فرێزە ناوییەکە بەناوێك یان چەند ناوێك دەرخرا، پاشان بە جێناوی لکاو دەربخرێت، ئەوا جێناوە لکاوەکە بە کۆتایی دوا دەرخەرەوە دەلکێت، بڕوانە(64).

(64) دەستی هەژاری برام شکا.

لە (64)دا (دەستی هەژاری برا)م، بە پێی گریمانەی (NP) دەستەواژیلەیەکی ناوییە و بە کلیتیکی(م) دەرخراوە.

دەشێ ئەوە بخرێتەڕو، کە ئەگەر جێناوێکی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم(کلیتیکی خاوەنێتی)، بو بەدەرخەری فرێزێکی ناوی، ئەوا مۆرفیمە کلیتیکەکە جێی مۆرفیمە خستنەپاڵەکە کە (det)ە دەگرێتەوە و هیچکات پێکەوە کۆنابنەوە، لەم کاتەشدا هیچ کەرەسەیەکی تر لەدوای کلیتیکە خاوەنێتییەکە نابێت بە دەرخەری فرێزەکە، چونکە دەربڕراوەکە ڕاڤەنەکراو و نا ڕێزمانی دەبێت، وای بۆ دەچین کە ئەمەش ببێتە بەڵگەی ئەوەی کە کلیتیکی خاوەنێتی وەك دیارخەر هەڵسوکەوت بکات و لەجێکەوتەی ئەودا دەربکەوێت بۆ جیاکردنەوەش لە دیارخەرەکانی تری ناسراوی و نەناسراوی بە (det) هێمای بۆ کراوە، چونکە لە شوێنی مۆرفیمی خستنەپاڵدا دەردەکەوێت، بەمەش فرێزەکە دەبێتە فرێزێکی دیارخەری و کلیتیکەکە دەبێتە سەری فرێزەکە، وەك لە (65 أ ب)دا ڕوندەکرێتەوە .

(65) أ- دەستم شکا .

ب- * دەستم هەژار شکا .

پ- * کوڕمێك/ەکە هاتەوە.

داخستنی فرێزەکە لەلایەن کلیتیکەکەوە و ڕێگە نەدان بە ڕۆنانێکی لە شێوەی (65- ب پ)، ئەوە دەردەخات کە کلیتیکی خاوەنێتی وەك دیارخەرەکان هەڵسوکەوت دەکات و لە جێکەوتەی ئەواندا دەردەکەوێت.

## 5-1-3/1 ) دیارخەرەکان

### 1-5-1-3/1 ) ناسراوی و نەناسراوی

دیارترین دیارخەرەکانی ناسراوی و نەناسراوی بریتین لە(/- ەکە/ ، /- ێك / ، /- ەکان / ،/ - ان /) کە لەچوارچێوەی فرێزی ناویدا کار دەکەن، واتە دیارخەر (تەنیا تایبەت نییە بەناو، بەڵکو تایبەتە بە فرێزی ناوییەوە و کۆتایی فرێزەکە دەگرێت.)(سەباح ڕەشید قادر 51:2009)، دیارخەرەکان بەپێی گریمانەی (DP) دەبن بەسەری فرێزەکە و فرێزی دیارخەری بەرهەمدەهێنن و تەواوکەرێك بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن، لەبەرئەوەی سەرێکی لکاون، یان دەتوانین بڵێین ئەو کەتیگۆرییە ڕێزمانییانە، شوێنی (Spec) پڕناکەنەوە و خۆیان دەبن بە سەری فرێزەکە. کاتێکیش لەڕێی گیرەکە ڕێزمانییەکانەوە فۆرمی نوێ بە وشە دەدرێت بۆی هەیە ئەرکی نوێ وەربگرێت، سەری ڕێزمانی جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لەگەڵ سەری فەرهەنگی، بەوەی کە سەری ڕێزمانی کۆمەڵەیەکی داخراون، زۆری و کەمی پەنابردنە بەر ئەو کەتیگۆرییە ڕێزمانییانە بەپێی پۆلی زمانەکە لەڕوی مۆرفۆلۆجییەوە دەگۆڕێت.(هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشو).

دیارخەرەکان بۆ تاکی ناسراوی (ەکە) و بۆ کۆی ناسراوی فۆڕمی (ەکان) دەستنیشانکراوە، بۆ تاکی نەناسراویش فۆڕمی (ێك) بۆ ئەو ناوانەی کە بە کۆنسۆنانت کۆتاییان هاتووە، یان (ەك) بۆ ئەو ناوانەی کە بە ڤاوڵ کۆتاییان هاتووە، وەك پێشتر ڕونکرایەوە بە پێی یاسای بڕگە، لە بڕگەیەکدا ڕێگە بە دو ڤاوڵ نادرێت، لەبەرئەوە دەبێتە (یەك) وەك لە (کەوایەك ، چەقۆیەك ، مامۆستایەك)، بۆ کۆی نەناسراویش (ان) دەستنیشانکراوە، کە خاوەنی نیشانەی [+کۆ] یە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە بە ڕۆنانێکی وەك (66-أ) دەدرێت، کە مۆرفیمی تاکی نەناسراوی خاوەنی نیشانەی[+تاك] ە، دەچێتە سەر (ان) کە خاوەنی نیشانەی [+کۆ] یە، بەڵام ڕێگە بە ڕۆنانێکی لە شێوەی (66-ب) نادرێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەشێ (ان) مۆرفیمێکی فەرهەنگی بێت، نەك سینتاکسی.(محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر2004:29) ، بڕوانە (66).

(66) أ - ڕۆژان + ێك = ڕۆژانێك

ب - ٭ کوڕێك + ان = ٭ کوڕێکان .

ئەو مۆرفیمانە ئەو نیشانانەیان هەیە کە لە (10) دا خرانەڕو.

## 2-3/1 ) فرێزی دیارخەری (Determiner Phrase)

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا کە فرێزی دیارخەری و گریمانەی (DP) قسەی زۆری لەسەرەو هێشتا بە تەواوی لە زمانەکاندا نەچەسپیوە ، تەنانەت لە زمانی ئینگلیزیشدا قسە لەسەر ئەوە دەکرێت ، کە ئایا (DP) هەر (NP) یە؟ یان فرێزی دیارخەری جۆرێکی فرێزی ناوییە؟ یان فرێزی دیارخەری لە فرێزی ناوی کەوتۆتەوە؟ یان دو فرێزی جیان، یان فرێزە ناوییەکان فرێزی

دیارخەریین؟ هەروەها هەمان ئەو پرسیارانە بۆ زمانی کوردیش دروستن، کە ئایا فرێزی دیارخەری لە زمانی کوردیدا هەیە؟ ، یان شوێنی (Spec) لەزمانی کوردیدا پڕدەکرێتەوە؟ کە دەبێت ئەم پرسیارانە وەڵام بدرێنەوە.

لێرەدا هەوڵدەدرێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە و لەڕێی ئەو ڕۆنانانەی خوارەوە بسەلمێنرێت کە فرێزی دیارخەری لە زمانی کوردیدا خۆی لەچەشنەکانی تری فرێز جیادەکاتەوە و چ سەربەخۆ و چ لەناو ڕۆنانە فراوانکراوەکاندا بشکێتەوەو بونی هەبێت، دەبێت ئەوەش لەیاد نەکرێت کە سەرەو ڕیزبونی سەرو تەواوکەر لەزمانی کوردیدا پێچەوانەی زمانی ئینگلیزییە، بۆ نمونە لەزمانی کوردیدا (Det + N)ە ، وەك (کوڕ + ەکە)، کە بە هێمای تیشکەکە ئاراستەکەی دیاری کراوە، بەڵام لەئینگلیزیدا (Det + N)ە وەك (The + boy) .

فرێزی دیارخەری لە چەند ڕۆنانێکی جیاوازدا خۆی دەنوێنێت، کە لە خوارەوە دەخرێنەڕو، بڕوانە (67) .


(67) Det + N ⟵ فرێزی دیارخەری بڕوانە (11)

مۆرفیمەکانی ناسراوی و نەناسراوی کە لە (1-5-1-3/1)دا ڕونکرانەوە، دەبن بە سەری ڕێزمانیی فرێزەکە، لە کاتێکدا ناوەکە ناوێك بێت کە نیشانەی [+ گشتی]بێت، کاتێك مۆرفیمی ناسراوی و نەناسراوی وەردەگرێت، ەە ، بۆ نمونە بڕوانە (68) .


(68) أ - کتێبەکە ب- کتێبێك پ- کتێبەکان

بڕوانە هێڵکاری ژمارە (3) .

3) أ -




ب[1] -




1- بڕوانە (Daniel W. Bruhn "DP vs. NP" 2006:1)

**کەواتە ناوە گشتییەکان لە سینتاکسدا لە جێکەوتەی فرێزەکاندا دەردەکەون، لە لایەکی تریشەوە ناوە گشتییەکان، دەبنە کەرەسەی بەرایی فرێزە دیارخەرییەکان و لەناو ڕۆنانی ئەو فرێزەدا جێکەوتەی تەواوکەر(دەرخراو) پڕدەکەنەوە، بەوەش دیارخەرەکانیان دەردەکەوێت و جێکەوتەی خۆی پڕدەکاتەوە و دەبێتە سەری ڕێزمانی و دروستکەری پرۆژەی فرێزەکە.**

**هەروەها لە کتێبەکەی** (Steven Abney) **دا ، ئەوە خراوەتەڕو کە مۆرفیمی خستنەپاڵ دەبێت بە سەری دیارخەری** (DP)[2] **و تەواوکەرێك بۆخۆی هەڵدەبژێرێت**(Radford 1997 :140)**، بەڵام جیاوازی ئەم فرێزە دیارخەرییە لەگەڵ ئەو فرێزە دیارخەرییانەی تر، کە بەهۆی دیارخەرەکانی ناسراوی و نەناسراوییەوە دروست دەبن، لەوەدایە کە ئەم فرێزە سەربەخۆ بەکارهێنانی سینتاکسیی نییە و بەردەوام لەناو فرێزێکی تردا دەشکێتەوە، بۆ جیاکردنەوەی فرێزەکەش لەڕوی ڕۆنانەوە، مۆرفیمی خستنەپاڵ بە** (det) **و مۆرفیمەکانی ناسراوی و نەناسراوی بە** (Det) **ئاماژەی بۆ کراوە. بڕوانە** (73- ب پ ت) **و هێڵکاری ژمارە** (5)**و** (9)**.**


**وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، کلیتیکی خاوەنێتی لە کۆمەڵەی (م ، مان) دەبن بە سەری دیارخەری** (DP) **و تەواوکەرێك لە چەشنی** (D'/ N') **بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن، چونکە مۆرفیمە کلیتیکەکە جێی مۆرفیمە خستنەپاڵەکە کە** (det)**ە دەگرێتەوە و هیچکات پێکەوە کۆنابنەوە، لەم کاتەشدا هیچ کەرەسەیەکی تر لەدوای کلیتیکە خاوەنێتییەکەوە نابێت بە دەرخەری فرێزەکە، لەبەرئەوەی دەربڕراوەکە ڕاڤەنەکراو و ناڕێزمانی دەبێت. بڕوانە** (65)**، بەڵام ئەم ڕۆنانە لەناو فرێزەکانی تردا ناشکێتەوە.**

**بۆ نمونە (دەستم) ، (دایکم) ، (باوکم) تەواوکەرەکەی لەچەشنی** (N')**ە و (کوڕەکەم) ، (کچەکەم) تەواوکەرەکەی لە چەشنی**(D')**ە ، کە هێڵکاری ژمارە** (4)**ی بۆ پێشنیاز دەکرێت.**

**بڕوانە هێڵکاری ژمارە** (4) **.**

---

2- بڕوانە ( Steven Abney (1987)dissertation,"The English Noun Phrase in Sentential Aspect".18)
بشڕوانە (Radford 1997 :140) ، (سەباح ڕەشید قادر 2009: 54)




هێڵکاری ژمارە (4)

ڕۆنانێکی تری فرێزی دیارخەری لە (69)دا دەخرێتەڕو.

(69) Det + [1]sub phrase ⟵ فرێزی دیارخەری

دەستەواژیلەکان (sub phrase) لە زمانی کوردیدا لەم ڕۆنانانەی خوارەوەدا دیاریدەکرێن:

(70) N +[det + N] ⟵ دەستەواژیلەی ناویی سینتاکسی ، وەك :

میژوی شار ، قوتابخانەی ناوەندی .

(71) N +[det + N] ⟵ دەستەواژیلەی ناویی مۆرفۆلۆجی ، وەك :

کوڕە کورد ، کچە کورد

(72) A +[det + N] ⟵ دەستەواژیلەی ئاوەڵناویی مۆرفۆلۆجی ، وەك :

کوڕە ئازا ، کچەجوان ، کوڕە زیرەك

جیاوازی ڕۆنانی(70) لەوەدایە کە (70) بەهۆی مۆرفیمی / - ی/ ەوە دو ناوی گشتی دەداتەپاڵ یەکترو دۆخی ڕێزمانی بە فرێزە ناوییەکە دەدات و دەستەواژیلەی ناوی سینتاکسی دروست دەبێت ، بەڵام لە (71 ) و (72)دا بە هۆی مۆرفیمی /- ە/ وە، ئەو ڕۆڵەی بینیوە.

---

1- sub phrase (دەستەواژیلە) ڕۆنانێکە لە نێوان مۆرفۆلۆجی و سینتاکسدا ، نە وشەی لێکدراون و نە بونەتە فرێزیش ، بۆیە لەڕێی دیارخەرەکانەوە دەکرێنە فرێز . بڕوانە (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف 26:2010)

ئەم دەستەواژیلانە هەڵسوکەوتی هەمان ناویان هەیە، کە لە (67)دا دیاریکرا، بە هەمان شێوە بەهۆی دیارخەرەکانەوە دەکرێن بە فرێزی دیارخەری. بڕوانە (73).

(73) أ - کتێبەکە

ب - مێژوی شارەکە


پ - کوڕە کوردەکە

ت - کچە جوانەکە


ج - کوڕە زیرەکەکە

دەبێت ئەوە لە یاد نەکرێت کە (بونبەلێکسیمی دەستەواژیلەکان، بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە لەڕوی ڕۆنانی سینتاکسییەوە هەن، بەڵام لە ڕوی واتاو ناوەڕۆکەوە، ناڕون و نابەرجەستەو نائازادن، کەواتە بونبەلێکسیمیان واتاو ناوەڕۆکیان پێدەبەخشێت و بەرجەستەو ئازادییان دەکات.) (عەبدولجەبار مستەفا و کاروان عومەر 2012:1155- 1158).

بڕوانە ئەم هێڵکارییانەی خوارەوە: هێڵکاری ژمارە (5) و ژمارە (6).




هێڵکاری ژمارە (5)




هێڵکاری ژمارە (6)

کەواتە دەکرێ لە نمونەی (73) و هێڵکارییەکانەوە، بەو ئەنجامە بگەین، کە دەروازەی فەرهەنگی دیارخەرەکان، جگە لەوەی کە لە (67)دا خرایەڕو، ئەو کەتیگۆرییە سینتاکسییانەی (74)یشی وەك زانیاری سینتاکسی هەڵگرتووە.

(74) أ- D + [ N'] بڕوانە (73 ب پ).

ب- D + [ A'] بڕوانە (73 ت ج) .

لەو یاسایانەی کە لە (70) و (71) و (72)ەوە بۆ دەستەواژیلەکان خرانەڕو، هەروەها لەهێڵکاری ژمارە (4) و (5)ەوە، ئەوە بەدی دەکرێت کە یاسای دەستەواژیلەکان لە زمانی کوردیدا ( N +[det + N] )ە نەك ( [N+det] + N). هەروەها ( A +[det + N] )ە نەك ([A+det] + N)، ئەم ڕاستییە لەهێڵکارییەکەشدا بە ڕونی دیارە، چونکە مۆرفیمی خستنەپاڵ، ناوی یەکەم (دەرخراوەکە) دەیهێنێت، نەك ناوی دووەم (دەرخەر).

بۆ ڕونکردنەوەی ئەم ڕاستییەش لەکرمانجیی ژورودا ئەوە بەڕونی دەردەکەوێت، کە مۆرفیمی خستنەپاڵ، ناوی یەکەم (دەرخراو) دەیهێنێت نەك ئەو دەرخەرەی کە بەدوایدا دێت، چونکە لە کرمانجی ژورودا ناوەکە بەپێی توخم (نێر و مێ) و ژمارەی ناوەکە(تاك و کۆ) مۆرفیمی خستنەپاڵ وەردەگرێت، بۆ نمونە: بۆ ناوی مێی تاك، مۆرفیمی خستنەپاڵی /- ا/ بەکاردێت و بۆ

ناوی نێری تاك مۆرفیمی خستنەپاڵی /- یٚ / بەكاردێت، كە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت ناوی یەكەم ( دەرخراوەكە )، واتە ئەو ناوەی كە لە پێش مۆرفیمە خستنەپاڵەكەوە دێت بەرپرسە لە هێنان و دیاریكردنی مۆرفیمە خستنەپاڵەكە، چونكە بە گۆڕینی دەرخەرەكان مۆرفیمی خستنەپاڵەكە ناگۆڕێت. وەك لە (75)دا دەخرێتەڕو.

بڕوانە (75).

(75) أ- بابیٚ ئازادی ، كوڕیٚ من ، كوڕیٚ زیرەك

ب- دایكا نەسرینیٚ ، كچا تە ، كچا جوان

لەبەر ئەوە پێویستە لە یاساكان و لە هێڵكارییەكەشدا مۆرفیمی خستنەپاڵەكە وەك ئەوەی دیاریكرا لەگەڵ دیارخراوەكەدا دابنرێت، چونكە ناكریٚ دو زار یان دو شێوەزاری زمانێك، یاسا سینتاكسییەكانیان جیاواز بێت، چونكە ئەو كاتە دەبنە دو زمانی جیاواز، بەڵام ئەوەی تا ئێستا لەزمانی كوردیدا لە بەر دەستماندایە و لەو بارەیەوە نوسراوە، چ لەبارەی دەستەواژیلەو چ فرێزی خستنەپاڵی ناوی و خستنەپاڵی خاوەنێتی و چ خستنەپاڵی ئاوەڵناویش، مۆرفیمی خستنەپاڵیان لەگەڵ دەرخەرەكەدا داناوە[1]. بەڵگەیەكی تریش ئەوەیە، كە لە ناوچەی گەرمیان و خانەقیندا لە هەندیٚ كاتدا كە ناوەكە تاكی نەناسراو بێت، مۆرفیمی خستنەپاڵ مۆرفیمی سفرە و دەرناكەوێت، بەڵام شوێنەكەی بە قورسایی خستنەسەر دیاری دەكرێت، هێزەكەش دەخرێتە سەر كۆتایی ناوی یەكەم، وەك (كوڕ من) ، (كچ من).

وشەكانی( كارێزە وشك، ئەسحابە سپی، بەردەڕەش، كێلەشین، دارە زەرد...هتد) بەلێكسیمبوی دەستەواژیلەی مۆرفۆلۆجیی ئاوەڵناویی لە جۆری (A')ن.


هەروەها وشەكانی (كوڕەكورد، كچەكورد، ژنەكورد، بەردەنوێژ، بەردەپیٚ..هتد) بەلێكسیمبوی دەستەواژیلەی مۆرفۆلۆجیی ناویی لە جۆری (N')ن ، لەلایەكی تریشەوە ( قاسپەی كەو ، حیلەی ئەسپ ، جریوەی چۆلەكە ...) بەلێكسیمبوی دەستەواژیلەی سینتاكسیی ناویی لە جۆری (N')ن، كە دەكریٚ مۆرفیمەكانی ناسراوی و نەناسراوی لە دەرەوەی دەستەواژیلەكە وەربگرن و فرێزی دیارخەری بەرهەم بهێنن.

---

1- بڕوانە (محەمەدی مەحوی 2001 : 62- 80) ، (ئەبوبەكر عومەر قادر 2003: 47،46) ، (محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر ئەحمەد 2004 : 32- 36) ،(ڤیان سلێمان حاجی 2007: 66- 67) (سەباح ڕەشید قادر 2009 : 47،53، 93) ، (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف2010 :24-75)، (محەمەدی مەحوی 2011: 115 )، (تارا موحسین قادر 2011: 138-139)، (عەبدولجەبار مستەفا و كاروان عومەر قادر 2012: 1159- 1160).

بەڵام وشەکانی (شەقامی سالم ، شەقامی مەولەوی ، ..) خستنەپاڵی خاوەنێتین و نە لەناوەوە و نە لەدەرەوە مۆرفیمی ناسراوی و نەناسراوی وەرناگرن، چونکە هەردو ناوەکە وابەستەی یەکتربون و نیشانەی [+ تایبەتی ] و [+ تاکێتی]ی ناوە دەرخەرەکە گواستراوەتەوە بۆ هەمو فرێزەکە، هەروەها وشەکانی ( ئەمنەسورەکە، گردەبڕاوەکە، دارەسوتاوەکە، حەوزەوشکەکە... و وشەکانی لەجۆری مزگەوتی هەنجیرەکە، مەیدانی دارەکە) ئەوە دەردەبڕن، کە (D')ن و لەجۆری (دەستەواژیلە + دیارخەر)ن، دەبن بە فۆڕمێکی بەلێکسیمبو، هەرچەندە ئەوە خرایەڕو کە دەشێت فۆڕمە بەلێکسیمبووەکان لەچەشنی (X')بن، بەوەی (Spec) لەڕۆنانی فرێزەکاندا جێکەوتەیەکی بێدۆخن[٢]، بۆیە بەکەرەسەی سەرپشکی پڕدەبنەوە، فرێزەکانی زمانی کوردی لەڕوی ڕۆنانەوە بە سەرو تەواوکەر تێردەبن، بەڵام دەشێت لەم شێوەزارەدا پێشبینی ئەوە بکرێت، کە هەندێ پرۆسەی بەلێکسیمبو بەردەستبکەون، لەچەشنی (XP)بن، بۆنمونە (ژێرپردەکە، سەرپردەکە، دوڕییانەکە، بەربەلەدێکە، ... ) بەلێکسیمبوی (DP)ن. (عەبدولجەبار مستەفا و کاروان عومەر قادر 2012: 1158).

بڕوانە هێڵکاری ژمارە (7).




هێڵکاری ژمارە (7)

2- بڕوانە (محەمەدی مەحوی 2001 : 39-43 ، 66-67) ، (محەممەد مەحوی و نەرمین عومەر ئەحمەد 2004 :35،34) ، بشڕوانە (سەباح ڕەشید قادر 2009 : 50) ، (حاتەم ولیا محەممەد : 75- 76 :2006).

## 1-2-3/1 ) دەرخەرەکانی فرێزی دیارخەری :

ڕۆنانە جیاوازەکانی فرێزی دیارخەری و یاساکانیان لەسەرەوە خرایەڕو ، لە ڕۆنانی ناوەوەی ئەو فرێزەدا مۆرفیمەکانی ناسراوی و نەناسراوی کە بە (Det) ئاماژەیان بۆ کراو مۆرفیمی /- ی / خستنەپاڵ و کلیتیکی خاوەنێتیش کە بە (det) ئاماژەیان بۆ کرا ، بەشدارن و وەك دەرخەر دەبنە سەری ڕێزمانی فرێزەکە ، کە دەشێ لە ڕۆنانی دەرەوەیدا لە پێشەوە بەدەرخەرەکان فراوان بکرێت و پرۆژەی فرێزەکە تەواو بکەن و شوێنی (Spec) پڕبکەنەوە ، واتە دیاریکارەکان دەبنە دەرخەر و شوێنی (Spec) پڕدەکەنەوە ، بەمەش کێشەی پڕکردنەوەی بۆشایی (Spec) نامێنێت و پرۆژەی فرێزەکە تەواو دەکەن .

## 1-2-3/1 -1 ) دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی دیارخەری :

ئەو کەرەسانەن کە لە پێش فرێزە دیارخەرییەکەوە دەردەکەون ، ئەوانیش وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا ، هەریەکەیان دەتوانرێت بەهۆی چەند دانەیەکی ڕێزمانی فراوانەوە بنوێنرێت ، کە لە خوارەوە دەخرێنەڕو .

1 ) تاکبەندەکان : وەك ( تەنیا ، هەر ) بۆ نمونە بڕوانە (76) .

(76) أ- تەنیا کوڕەکە دەبینم.


ب- هەر کوڕێك دەبینم.

پ- هەر مێژوی شارەکان دەنوسمەوە.

ت- تەنیا کوڕەکوردەکە دەبینم .

ج- تەنیا کوڕە زیرەکەکە دەبینم .

بڕوانە هێڵکاری ژمارە (8) .




هێڵکاری ژمارە (8)

له (76) و هێڵکارییەکەشدا ئەوە دەردەکەوێت کە تاکبەندەکان شوێنی (Spec) یان پڕ کردۆتەوە، هەروەها لەبەرئەوەی تاکبەندەکان، ئەرکی دیاریکردن و سنوردانان دەبینن، دەشێ (تەنیا ، هەر) لەشوێنی یەکتری بەکاربێن و هەردوکیشیان بۆ دڵنیایی دیاریکردنەکە، پێکەوە بێن و بەیەکەوە جێکەوتەی (Spec) پڕبکەنەوە، وەك لە (77) دا دەردەکەوێت.

(77) أ- ﴿تەنیا هەر﴾ کوڕەکە دەبینم .

ب- ﴿تەنیا هەر﴾ خوێندکارە زیرەکەکە دەبینم .

2 ) ژمارەی ( بنجی ) : بڕوانە (78 - أ ب)

(78) أ - سێ کوڕەکە دەبینم .

ب - چوار کوڕەکوردەکە هاتنەوە .

ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە لە ژمارە بنجییەکاندا ڕێگە بە ژمارە (یەك) نادرێت ببێتە دەرخەری فرێزێکی دیاخەری، بڕوانە (79) .

(79) أ- ٭ یەك کوڕێك

ب- ٭ یەك کوڕەکە

چونکە مۆرفیمی /- ەکە/ و /- ێك / وەك سەری ڕێزمانی فرێزەکە هەڵگری نیشانەی [+ تاك]ن، بەهەمان شێوە ئەو ڕێگەنەدانە بۆ هەمو ژمارەکان ڕاستە لەفرێزێکی دیارخەریدا کە سەرە ڕێزمانییەکەی مۆرفیمی کۆی /- ەکان / بێت، بۆ نمونە بڕوانە (80).

(80) أ- ٭یەك کوڕەکان

ب- ٭دو کوڕەکان

پ- ٭سێ کوڕە کوردەکان

ت- ٭دو کوڕە زیرەکەکان

بەڵام لەچوارچێوەیەکی تایبەتیدا پەیوەست بە واتاوە، ئەگەر ژمارەکە لە یەك زیاتر بو، کە گومان لە ڕاستی ژمارەکە بکرێت ڕێگە بە ژمارەکانی تر دەدرێت بە(تەنیا) و (دو دو) لەپێش فرێزە دیارخەرییەکەوە بێن، کاتێك کە سەرە ڕێزمانییەکەی مۆرفیمی نەناسراوی / - ێك / بێت.

بڕوانە (81) .

(81) أ- چوار کوڕێك دەبینم .

ب- (سێ چوار) کوڕێك دەبینم .

بەڵام ڕێگە بە ژمارە (یەك) و ژمارەکانی دیکە دەدرێت وەك دەرخەری پێشەوەی فرێزێکی ناوی دەربکەون، بۆ نمونە بڕوانە (82).

(82) أ- یەك کوڕ ، یەك پیاو

ب- دو کوڕ ، سێ کوڕ ، پێنج پیاو

نمونەی (79) و (80) و (81) و (82) ئەوە دەسەلمێنن کە فرێزی ناوی جیاوازە لە فرێزی دیارخەری و ڕێگەدان و ڕێگەنەدانی ئەو ڕۆنانانەی باسکران فرێزی ناوی لە فرێزی دیارخەری جیادەکەنەوە.

3) ڕادە : بڕوانە

(83) أ - هەمو کێکەکە خوراوە .

ب- چەند کوڕێك دەبینم .

پ- گشت خوێندکارەکان دەناسم.

ت- هەمو خوێندکارە زیرەکەکان هاتن .

4) ناوی ئاوەڵکرداری (سەر ، ژێر ، بن ، بەرامبەر ... تاد)

(84) أ - سەر شاخەکە دەبینم .

ب - ژێر پردەکە پاککرایەوە .

پ- بەرامبەر کوڕەکان مەوەستە .

5) وشەی پرس (چ ، چی ) دەشێ وەك دەرخەری پێشەوەی فرێزێکی دیارخەری دەربکەون ، وەك

(85) أ- چی کتێبێك دەخوێنیتەوە؟


ب- چ کراسێك لەبەردەکەیت؟

فرێزی دیارخەری دەشێ لە ناو فرێزی دیارخەری تردا بشکێتەوە ، واتە فرێزێکی دیارخەری ببێتە دەرخەری دواوەی فرێزێکی دیارخەری تر ، بۆ نمونە بڕوانە (86).

(86) أ- تەنیا خوێندکارێکی پۆلەکە ، ب- کۆلانێکی گەڕەکەکە ، پ- دوکانەکانی بازاڕەکە

ت- بازاڕەکانی شارەکە ، ج- کوڕەکانی پیاوەکە

بڕوانە هێڵکاری ژمارە (9).




هێڵکاری ژمارە (9)

لە هێڵکارییەکەوە ئەوە دەردەکەوێت کە فرێزێکی دیارخەری لەناو فرێزێکی دیارخەری تردا شکاوەتەوە، هەروەك دەشێ فرێزێکی دیارخەری لەناو فرێزێکی خستنەپاڵیی خاوەنێتیدا بشکێتەوە و بە (N)ێك دەرخرابێت کە سەری ڕێزمانی فرێزەکەیە، وەك لە (87)دا دەخرێتەڕو.

(87) أ - شەقامێکی بەختیاری

ب- بازاڕێکی سلێمانی

لە(87)دا فرێزێکی دیارخەری لەناو فرێزێکی خستنەپاڵی خاوەنێتیدا شکاوەتەوە، فرێزێکی ناوی سەری ڕێزمانیی فرێزەکەیە، لە ناوێکی تایبەتی پێکهاتووە، کە نیشانەی [+ تایبەتی] هەیە، هەر بۆیە مۆرفیمەکانی ناسراوی و نەناسراوی وەرناگرێت و ڕێگە بە (88) نادرێت، کە لەخوارەوە خراوەتەڕو .

(88) أ- ⋆ شەقامێکی بەختیارییەکە

ب- ⋆ بازاڕێکی سلێمانییەکە

ئەمەش بۆ تایبەتێتی و ناسراویی ناوەکە دەگەڕێتەوە، کە بووە بە سەری ڕێزمانیی فرێزەکە.

چەشنێکی تر لە چەشنەکانی فرێز، فرێزی ئاوەڵناوییە ، کە لە خوارەوە دەخرێتەڕو.

## 3-3/1) فرێزی ئاوەڵناوی (AP)

ئاوەڵناو کەتیگۆرییەکی فەرهەنگییە و توانای بون بەسەری هەیە، وەسفی ناو دەکات و (لەگەڵ فرێزی ناوی و بەشەکانی تری ڕستەشدا بەدیاردەکەون)(سەباح ڕەشید قادر 2009؛ 66).

فرێزی ئاوەڵناوی لە سادەترین شێوەیدا لە ئاوەڵناوێك پێکدێت، کە سەری ڕێزمانیی فرێزەکەیە کەواتە لە ڕۆنانی ئەم جۆرە فرێزەدا ئاوەڵناوێك بناغەیە، وەك چۆن لەفرێزی ناویدا ناوێك بناغەکەی بو( Burton, R. N. 1997:64).

واتە سەری فرێزی ئاوەڵناوی بریتییە لە ئاوەڵناوێك، ئەگەر فرێزی ئاوەڵناوی تەنیا لەسەرێك پێکهاتبو، ئەوا بەفرێزی ئاوەڵناویی سادە ناودەبرێت و هیچ نیشانەیەکی ڕێزمانیی وەك مۆرفیمەکانی بەراوردکردنی/-تر/،/-ترین/ی نەچۆتەسەر و بۆمەبەستی بەراوردکردن بەکارنەهاتووە، ڕۆنانەکەی لە (89) دا دەخرێتەڕو.

(89) ( A ——→ A')

بڕوانە (90).

(90) أ - خوێندکارەکە زیرەکە .

ب - ئەو جوانە .

پ- هەنارەکە ترشە .

لە (90)دا ڕاستەوخۆ ئاوەڵناوەکان گوزارەی ئاوەڵناوییان پێکهێناوە ، واتە ئاوەڵناوەکە لە گوزارەکەدا پێویستیی بە تەواوکەر نییە ، خۆی بە کردارە بێهێزەکەوە بەستووەتەوە ، ئەویش لەبەر ئەوەی (کرداری بێهێز ڕۆڵی بابەتانە نادات و ناشتوانێت بەتەنیا بێت) (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف 2010؛ 65)، ئاوەڵناوەکان پلەدارن ، دەتوانرێ لە پێشەوە بە ڕادە و لە دواشەوە بە مۆرفیمی پلەی بەراورد /- تر/ و مۆرفیمی پلەی باڵا /- ترین/ دەربخرێن ، کە ئەوانەی دواییان دەبنە بەشێك لە ڕۆنانی ناوەوەی فرێزەکە ، بڕوانە (91 - أ ب پ).

(91) أ- زۆر زیرەك

ب- زیرەکتر

پ- زیرەکترین

دەشێ رادەو مۆرفیمی پلەی بەراورد پێکەوە بچنە سەر فرێزەکە و فراوانی بکەن ، بەڵام ڕادەو مۆرفیمی /- ترین/ ی پلەی باڵا پێکەوە لەفرێزێکی ئاوەڵناویدا کۆنابنەوە ، چونکە (مۆرفیمی /- تر/ لە پلەی بەراورددا پلەیەکی کراوە بە ئاوەڵناوەکە دەبەخشێت و ڕادەش پلەیەکی نادیاری پێدەبەخشێت ، کە دەتوانرێت پلەکەی بەرز وە یان نزم بکرێتەوە . بەڵام مۆرفیمی/- ترین/ لە

پلەی باڵادا پلەیەکی بەرزی داخراو بە ئاوەڵناوەکە دەبەخشێت ، کە نیشانەی [+ لوتکە ] ی هەیە ، بۆیە ڕادە وەك دەرخەری پێشەوەی کەمبەهایە )(سەرچاوەی پێشو: 59) بڕوانە (92 ).

(92) أ - زۆر زیرەکتر ★ ب - زۆر زیرەکترین

## 1-3-3/1 ) ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناوی

لێرەدا دو ڕۆنان بۆ فرێزی ئاوەڵناوی دەخرێتەڕو، کە ئەوانیش ڕۆنانی ناوەوە و ڕۆنانی دەرەوەی فرێزی ئاوەڵناوین.

## 1-1-3-3/1 ) ڕۆنانی ناوەوەی فرێزی ئاوەڵناوی

مەبەست لەڕۆنانی ناوەوەی فرێزی ئاوەڵناوی ئەوەیە کە ، مۆرفیمی /- تر/ ی پلەی بەراورد و مۆرفیمی /- ترین/ ی پلەی باڵا دەچنە ڕۆنانی فرێزە ئاوەڵناوییەکەوە، بۆ پێکهێنانی جۆرێك لە فرێزی ئاوەڵناوی و دەبن بەبەشێك لەئاوەڵناوەکە، ئاوەڵناو لەپلەی باڵادا دەبێتە دەرخەری پێش سەر، وەك پێشتریش لە فرێزی ناویدا خرایەڕو ، بڕوانە (32).

هەردو پلە کەی ئاوەڵ ناو پێ کەوە لە فرێزێ کدا دەرنا کەون، ئاوەڵ ناوی پ لەی بەراورد بۆ بەراوردکردنی پلەی ئاوەڵناوەکەیە، لەنێوان دو شت یان چەند شتێکدا، بەڵام پلەی باڵا هەڵکەوتنی شتێ لەناو کۆمەڵێك شتدا نیشاندەدا (سەباح ڕەشید قادر 2009: 66) . بڕوانە (93)

(93) أ- کوڕی <u>باشتر</u> دەناسم . ، ب- <u>زیرەکترین</u> خوێندکار هات .

پ- نەخۆشەکە <u>باشترە</u> .

لە (93 - أ ) دا (باشتر) سەری ڕێزمانیی فرێزەکەیە و بەهۆی مۆرفیمی /- ی / ی خستنەپاڵەوە، پرۆژەی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی دروستکردووە و ناوێکی بەنیشانەی [+گشتی]یەوە لەگەڵ /- ی/ی خستنەپاڵی وەك تەواوکەر بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

لە (93 ب) دا (زیرەکترین)[1] دەبێتە دەرخەری پێشەوەی فرێزە ناوییەکە، لە (93 پ)دا (باشتر) فرێزێکی ئاوەڵناوییەو ڕۆنانی فرێزە کرداریيەکەی فراوانکردووە، واتە ڕۆنانەکەی گوزارەی ئاوەڵناوییە. یاساکەی لە (94) دا دەخرێتەڕو.

(94) A + (det + N ) ⟵ فرێزی ئاوەڵناوی

لە یاسای (94)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە سەری فرێزە ئاوەڵناوییەکە ئاوەڵناوێکە، دەشێ ئاوەڵناوێکی سادە، یان ئاوەڵناوێکی پلەی بەراورد بێت، بڕوانە (95- أ ب)

---


1- کاروان عومەر قادر و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف لەو باوەڕەدان، کە ئاوەڵناوی پلەی باڵای ( زیرەکترین )، وەك فۆڕمە فەرهەنگییەکەی ، ناوێك بە تەواوکەر دیاریدەکات و لە ئاراستەی حوکمکردندا هەڵسوکەوتی پێشناو دەکات. بڕوانە(کاروان عومەر قادر و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف 2012: 1161) .

بەڵام محەمەد عومەر عەول ڕای وایە کە دەبێتە دەرخەری پێش سەر. بڕوانە (محەمەد عومەر عەول 2008 : 13)

(95) أ- سێ خوێندکاری زیرەك دەناسم.

ب- سێ خوێندکاری زیرەکتر دەناسم.

بڕوانە هێڵکاری ژمارە (10) .




هێڵکاری ژمارە (10)

دەکرێت وشەکانی لە چەشنی (مزگەوتی گەورە ، کوردستانی نوێ ، گەلاوێژی نوێ ...) وەك فۆڕمە بەلێکسیمبووەکانی ڕۆنانی (A') بناسرێنەوە، ئەو ڕۆنانانە بەهەمان فۆڕمەوە وەك فرێزی سینتاکسیی و فەرهەنگیش دەردەکەون، سینتاکسییەکەیان ڕۆنانێکی ئازادن (Free sturcture)) (کاروان عومەر قادر و عەبدولجەبار مستەفا 2012: 1161) ، بۆ نمونە بڕوانە (96).

(96) مزگەوتێکی گەورە لە گەڕەکی گۆیژە دروستکرا .

لە (96) دا فرێزی ﴿مزگەوتێکی گەورە﴾ چونکە ئازادە لەناوەوە دیارخەری وەرگرتووە و ئاوەڵناوی (گەورە) نیشانەی [+ قەبارە ] ی هەیە، بەڵام لە (97) دا فۆڕمە بەلێکسیمبووەکەی ﴿مزگەوتی گەورە﴾، لەبەرئەوەی بووەتە فرێزێکی فەرهەنگی، نە لەناوەوە دیارخەرەکان وەردەگرێت و نە ئاوەڵناوی (گەورە)ش نیشانەی [+ قەبارە ] ی تێداماوە (هەمان سەرچاوەی پێشو: 1161). بڕوانە (97)

(97) مزگەوتی گەورە لەسلێمانییە .

به هەمان واتاو مەبەستەوە ڕێگە بە (مزگەوتێکی بچوك/گەورە لەشاری سلێمانییە .) نادرێت .
کەواتە جۆرێکی تری فرێزی ئاوەڵناوی شکانەوەی فرێزێکی دیارخەرییە لەناو فرێزێکی ئاوەڵناویدا واتە فرێزێکی دیارخەری لەگەڵ مۆرفیمی خستنەپاڵی /- ی/، وەك تەواوکەر بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، یاساکەی لە (98) دا دەخرێتەڕو .

(98) A + ( det + D') ⟵ فرێزی ئاوەڵناوی

بڕوانە (99).

(99) أ  کوڕێکی باش دەناسم .

ب- خوێندکارێکی زیرەك دەناسم .

لەبەر ئەوەی ئاوەڵناوەکان پلەدارن ، هەندێ لە ئاوەڵناوەکان لە پلەی بەراورددا ، تەواوکەری بەراوردکردنەکەی لەشێوەی فرێزێکی پێشناویدا هەڵدەبژێرێت ، کە دەشێ لە پێش گوزارە ئاوەڵناوییەکەوە بێت (Fattah,M.M 1997:221) بڕوانە (100).

(100) ئەو لەمن ئازاترە .

لە (100)دا فرێزێکی پێشناوی لەناو فرێزە ئاوەڵناوییەکەدایە و جێکەوتەی تەواوکەری پڕکردووەتەوە، واتە فرێزە ئاوەڵناوییەکە وەك تەواوکەری بەراوردکردنەکە هەڵیبژاردووە، تەواوکەرەکە واتە(فرێزە پێشناوییەکە) پەیوەندیی ڕێزمانیی توندوتۆڵی لەگەڵ مۆرفیمی پلەی بەراورددا هەیە، بەجۆرێك بونی ئەو پاشگرەیە وادەکات کە داوای تەواوکەر بکات، بەڵام بەشێکی زۆری ئاوەڵناوەکان وەك (گەورە، بچووك، درێژ، کورت، نەرم، سارد، شیرین، هەرزان، سوور، زەرد، ڕەش... ) ڕاستەوخۆ گوزارەی ئاوەڵناوی پێکدەهێنن. واتە ئاوەڵناوەکە لەگوزارەکەدا پێویستی بەتەواوکەر نییە (محەمەد عومەر عەول 2008: 88)، چونکە وەك پێشتریش ڕونکرایەوە دەشێ ئاوەڵناوێك بەتەنها گۆکردنی فرێزی ئاوەڵناوی هەبێت، بڕوانە (90) .

بەڵام (ژمارەیەك ئاوەڵناوی وەك (زیز، زویر ...) لەگوزارەی ڕستەدا پێویستیان بەتەواوکەرە) (Fattah, M. M. 1997: 222). بڕوانە (101)


(101) أ  ئازاد لە تۆ زیزە .

ب- ئەو لە من زویرە .

کەواتە (لەمن ئازاتر ، لەئەو زیرەکتر ، لە تۆ زیز ، لە من زویر...) دەکرێ لە (102)دا یاساکەی بخرێتەڕو .

(102) ( A + p') ⟵ فرێزی ئاوەڵناوی

بڕوانە هێڵکاری ژمارە (11) .




هێڵکاری ژمارە (11)

### 2-1-3-3/1 ) ڕۆنانی دەرەوەی فرێزی ئاوەڵناوی

مەبەست لە ڕۆنانی دەرەوەی فرێزی ئاوەڵناوی فراوانکردنی فرێزە ئاوەڵناوییەکەیە ، بەهۆی دەرخەرەکانی پێشەوە  یان دەرخەرەکانی دواوەی فرێزەکەوە.

### 1-2-1-3-3/1 )  دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی ئاوەڵناوی :

(1)  ڕادە (Quantifier)  +  A'        ، بڕوانە (103)

(103) أ- ئەو زۆر زیرەك  بو .

ب- ئازاد کەمێك نەخۆشە .

پ- کچێکی زۆرجوانە .

ت-  ئاوێکی زۆر ساردە .

لەبەر ئەوەی هەندێ لە ئاوەڵناوەکان پلەی ناوەندیان هەیە وەك (مێخۆش ، شلەتێن ..) لەبەرئەوە لەڕوی واتاوە ڕێگە بە (104) نادرێت ، بڕوانە (104).

(104)  ⋆أ - زۆر مێخۆشتر

⋆ ب- زۆر شلەتێنتر

(2) تاکبەند (Distributive)   +  A'

بۆ نمونە (تەنیا خوێندکارێکی زیرەك ، هەر سێوی زەرد )

(3) ژمارە (Number)  + 'A

بۆ نمونە (سێ خوێندکاری زیرەك ، دو کوڕی باش ، سێ شوتیی گەورە )

(4) وشەی پرس  + 'A

بۆ نمونە (کام خوێندکاری زیرەك ، چەند کوڕی باش)

(5) وشەی نیشانە (Demonstrative)  + 'A

بۆنمونە (ئەم خوێندکارە زیرەکانە ، ئەو کچە جوانە)

2-2-1-3-3/1 ) دەرخەرەکانی پاش سەر :

دەرخەرەکانی پاش سەر لەرِۆنانی فرێزی ئاوەڵناویدا بەهۆی ئەمانەی خوارەوە دەنوێنرێن:

1 ) فرێزی پێشناوی

لەڕۆنانی بەراورددا فرێزی ئاوەڵناوی فراواندەکەن ، بڕوانە (105).

(105) أ - کچێکی جوانتر لە ئەو

ب- کوڕێکی زیرەکتر لە تۆ

لە (105) دا ئاوەڵناوی (جوانتر ، زیرەکتر) ، فرێزێکی پێشناوی وەك تەواوکەر بۆ خۆی دیاریدەکات ، (بەوەش ئاوەڵناو لەو فۆڕمەدا پۆلەڕەگەزێکی سینتاکسی (PP)یەك دیاریدەکات ، چونکە فۆڕمی شکاوەی ئەو فۆڕمەی ئاوەڵناو لە سینتاکسدایە و ئاراستەی حوکمەکەشی وەك پێشناوەکانە )[1] (کاروان عومەر قادر و عەبدولجەبار مستەفا 2012: 1161).

2) فرێزی ئاوەڵناوی

فرێزە ئاوەڵناوییەکان بەهۆی فرێزێکی ئاوەڵناوی ترەوە لەدواوە فراوان دەکرێن ، بەهۆی مۆرفیمی /- ی / ی خستنەپاڵەوە . بڕوانە (106).

(106) أ- تەنها سێوێکی زەردی شیرین

ب- شوتییەکی سوری گەورە

دەشێ چەند ئاوەڵناوێك پێکەوە بەیاریدەی مۆرفیمی /- و-/ لێکبدرێن و بە یاریدەی مۆرفیمی خستنەپاڵ بدرێنە پاڵ فرێزە ئاوەڵناوییەکە و فرێزەکە فراوانتر بکەن، بۆ نمونە بڕوانە (107).

(107) شوتییەکی سوری زبر و شیرین و گەورە

---

1- بڕوانە (Fattah,M.M 1997:221) ، هەروەها بشڕوانە (محەمەد عومەر عەول 2008 : 98)

له (107)دا ئاوەڵناوەکان بە مۆرفیمی بەستنەوەی / و / لێکدراون ، (پەیوەندی نێوانیان ، دەرخەرو دەرخراوی نییە) (Fromkin2003:147) چونکە مۆرفیمی/ و/ هیچ حوکمێك بەلای ڕاست و چەپدا ناکات، تەنیا ڕۆڵی بەستنەوە دەبینێت، واتە هەر ئاوەڵناوێك لە ڕێی پەیوەندیی هاوپەیوەندییەوە ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات، چونکە دەشێ هەر یەکێکیان بە جیا ببنە دەرخەری دواوەی فرێزە ئاوەڵناوییەکە.

بۆ نمونە بڕوانە (108).


(108) أ شوتییەکی سوری زبر , ب- شوتییەکی سوری شیرین , پ- شوتییەکی سوری گەورە

کەواتە لە (108) دا هەریەکێك لە ئاوەڵناوەکان بەجیا بونەتە دەرخەری دواوەی فرێزە ئاوەڵناوییەکە و فرێزەکەیان فراوان کردووە[1]، کە دەتوانرێت لە (109) دا یاساکەی دیاری بکرێت.

(109) A + ( det + A' ) ⟵ فرێزی ئاوەڵناوی

بڕوانە هێڵکاری ژمارە (12).

1- دەربارەی چۆنێتی ڕیزبونی ئاوەڵناوەکان لە زنجیرەیەك ئاوەڵناودا و پێکەوەهاتنیان بڕوانە (محەمەد مەعروف فەتاح 1990: 86)، (بەکر عومەر عەلی 1992 : 62 - 64) ، (ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی 1996: 42-43)




**هێڵکاری ژمارە (12)**

**لەهێڵکارییەکەدا ئەوە دەردەکەوێت کە فرێزە ئاوەڵناوییەکە (D')ێکی وەك تەواوکەر بۆ خۆی هەڵبژاردووە و فرێزە دیارخەرییەکەش (A')ێکی وەك تەواوکەر بۆ خۆی دیاریکردووە.**

## 4-3/1 ) فرێزی پێشناوی/بەند (PP)

**ڕۆنانی ئەم جۆرە فرێزە لە پێشناوێك و تەواوکەرێك پێکدێت، کە پێشناو لەم فرێزەدا سەرێکی ڕێزمانیی حوکمکەرە، ئاراستەی حوکمکردنەکەشی بەپێچەوانەی سەرە ڕێزمانییەکانی ترەوەیە، چونکە پێشناو لە ڕاستەوە بۆ چەپ حوکم دەکات و ڕۆڵ بە تەواوکەرەکەی دەبەخشێت** (Asma Ismail zeydan 2002:16) .

**وەك ئاماژەی پێدرا ڕۆنانی فرێزی پێشناوی ڕۆنانێکی ناسادەیە ، بەشەکانی وابەستەی یەکترین و پەیوەندییەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە ، ئەگەر لە کاتێکدا تەواوکەری فرێزەکەش دەرنەبڕرێت ئەوا بەهۆی پێشناوەکەوە هەست بەوە دەکرێت کە لە ڕۆنانی ژێرەوەدا تەواوکەرێك هەیە ، هەندێ جاریش ڕۆنانەکە نادروست دەبێت ، کەواتە دەتوانین ڕۆنانێکی ئەم جۆرە فرێزە لە (110) دا بخەینەڕو لە کاتێکدا کە فرێزێکی ناوی تەواوکەرەکەیەتی . بڕوانە (110)**

(110) PREPOSTION (P) + N' ⟵ **فرێزی پێشناوی**

بڕوانە (111).

(111) أ - کتێبەکەم بۆ ڤاناس کڕی .

ب- خواردنەکەم بۆ هێنایت .

پ- کتێبەکەم بۆ کڕی$^{\varnothing}$ .

لە (111 - أ) دا فرێزێکی پێشناوی دیارە، کە لە پێشناوێك و تەواوکەرێك پێکهاتووە، تەواوکەرەکە فرێزێکی ناوییە، بەڵام لە (111 - ب پ)دا تەواوکەرەکە دەرنەبڕراوە، لەبەرئەوەی ڕێکەوتن لە نێوان تەواوکەری فرێزەکە و کرداردا هەیە، بەهۆی پێشناوەکە و مۆرفیمی ڕێکەوتنەوە دەزانرێت لە ڕۆنانی ژێرەوەدا ناوێك هەیە کە ناسراوە و زانراوە، خۆ ئەگەر نەزانراو بێت، یان مۆرفیمی ڕێکەوتن بەهۆی ئەوەی کردار ڕابردوی تێپەڕە دەرنەکەوتبێت وەك (111- پ)، ئەوا دەشێ بە وشەی پرسی (کێ) پرسیار لە ناوەکە بکرێت، وەك (کتێبەکەت بۆ کێ کڕی؟)، کە (کێ) لەوێدا وەك جێناو خۆی دەنوێنێت و جێی تەواوکەری فرێزەکە دەگرێتەوە، بەڵام لە (112)دا ئەوە دەخرێتەڕو کە ڕۆنانەکە بەبێ پێشناو یان بەبێ تەواوکەرەکەی بەهەمان واتا، ڕۆنانێکی نادروست و ڕێگە پێنەدراو دەبێت، ئەویش بەهۆی واتاو هەڵسوکەوتی جیاوازی پێشناوەکانەوەیە، بۆ نمونە بڕوانە (112).

(112) أ - کتێبەکەم لە ئازاد کڕی .

ب- * کتێبەکەم لە کڕی .

پ- * کتێبەکەم ئازاد کڕی .

لە (112- أ) دا فرێزەکە لە پێشناوێك و تەواوکەرێك پێکهاتووە، بەڵام لە (112 - ب) دا تەواوکەرەکەی دەرنەبڕراوە و ڕۆنانەکە نادروست و ڕێگە پێنەدراوە، لە (112- پ)دا (کتێبەکەم ئازاد کڕی.) هەمان واتای (کتێبەکەم لە ئازاد کڕی.) نییە ، لەبەر ئەوە بە هەمان واتای (112-أ) نادروست و ڕێگە پێنەدراوە .

ڕای جیاواز هەیە لەسەر دیاریکردنی پێشناوەکان[1]، بەڵام ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە، کە ئەو ئەرکە سینتاکسی و سیمانتیکییەی پێشناوەکان دەیبینن لە هەندێ باردا ناتوانن بە سادەیی ئەو ڕۆڵە ببینن، لەبەرئەوە لەکۆتایی فرێزە پێشناوییەکەدا پاشگرێك دەردەکەوێت، لە ئاستی

---

1- بۆ دیاریکردنی پێشناوەکان بڕوانە :

(لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد ، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی 1976: 313)

( هیدایەت عبدالله محەمەد ، نامەی ماستەر 1993 : 43 - 51)

(ئازاد احمد حسین ، نامەی ماستەر 2001: 35-55)

(ئەبوبەکر عومەر قادر ، نامەی دکتۆرا 2003: 51-58)

(ئازاد ئەمین فەرەج ، نامەی دکتۆرا 2003: 80)

سینتاکسدا دروستدەبن و زۆرجار بە مۆرفیمی / - ەوە / ، / - دا / دەنوێنرێن، کە بە پاشبەند ناودەبرێن[تر] ، ئەم پاشبەندانەش لەگەڵ هەندێ لە پێشناوەکاندا دەردەکەون، وەك لە(بە ، لە ، تا)، لەشێوەی (لە □ دا ، لە □ ەوە ، تا □ ەوە ، بە □ دا ، بە □ ەوە )دا دەنوسرێن ، بڕوانە (113).

(113) أ - نامەکەم بەڤاناسدا نارد .

ب □ کێکەکەم بەشەربەتەوە خوارد .

پ - لە سلێمانییەوە هاتوم .

ت - ئازاد لە باخەکەدا دانیشتووە .

ئەو پاشگرانە لە فرێزی پێشناویدا خاوەنی ئەرکن و ناتوانرێت لەڕۆنانەکەدا لا ببرێن، واتە هاتنیان لەگەڵ پێشناوەکەدا بەخورتییە، چونکە لابردنیان دەبێتە هۆی تێکدانی ڕۆنانەکە وەك (114) ، یان دەبێتە هۆی گۆڕینی واتاکەی وەك (115).

(114) أ- لەکەرکوکەوە هاتم.

ب- * لەکەرکوك هاتم.

(115) أ- ئازاد لەکەرکوکەوە هاتەوە.


ب- ئازاد لەکەرکوك هاتەوە.

فرێزی پێشناوی لەو فرێزە کەتیگۆرییانەیە کە خاوەنی تایبەتێتی خۆیەتی و بە پێی زمانەکان ئەگەرەکانی سنوردار دەکرێ، بەپێی ئەوەی زمانی کوردی لە زمانەکانی (SOV)یە دەبێ هەردەم سەر لە(PP)دا سەرکۆتا بێ، بەڵام ئەم ڕاستییە لە پرنسیپەکانی ئەم جۆرە زمانە دەردەچێ و دەچێتە چوارچێوەی پارامیتەرەکانی زمانی کوردی و سەری فرێزی بەند سەر سەرەتا دەبێ و تەواوکەرێك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ(سەباح ڕەشید قادر 2009: 69).

دەبێ ئەوەش لەیاد نەکرێت، کە فرێزی پێشناوی، فرێزی کرداری فراواندەکات و دەچێتە پێکهاتەی فرێزی کردارییەوە، چونکە فرێزی پێشناوی لەڕوی سینتاکسییەوە پەیوەندیی لەگەڵ کرداردا هەیەو لەڕوی واتاشەوە زانیاریی لەسەر کردارەکە دەدات(عەبدولجەبار مستەفا مەعروف 2010: 69). کەواتە فرێزە پێشناوییەکان دەشێ لەپێش یان لەدوای کرداری ڕستەوە بێن.

2 □ دەربارەی ناونانی ئەو پاشگرەی ڕاستەوخۆ لەدوای فرێزی پێشناوی دێت و ئەرکی واتایی و سینتاکسی پێشناوەکە تەواودەکات ، ڕای جیاواز هەیە : ( بەکر عومەر عەلی ) بە پاشبەند ناوی بردووە (1992: 68) ، (هیدایەت عبدالله محەمەد بە پاشپرتك ناویان دەبات(1993: 51-71) ،( محەمەدی مەحوی بەپاشگری پێشناو ناویان دەبات و ڕای وایە ئەو ڕۆڵەی دەیدەن ڕۆڵی ئاوەڵکردارین (2001: 179) ، (ئازاد احمد حسین بە پۆست پۆزیشن ناویان دەبات (2001: 40)، (ئەبوبەکر عومەر قادر بە پاشبەندی پێشناوی ئاماژەی بۆ دەکات و لەو باوەڕەدایە کە لەو کاتانەدا دەردەکەون کە کرداری ڕستەکە جوڵەو ئاراستەکردنی تێدایە(2003: 55) .

دەتوانرێت ئەو یاسایەی بۆ ڕۆنانی فرێزی پێشناوی لە (110) دا خرایەڕو لە هێڵکاری ژمارە (13) دا دەربڕێت، کە پڕۆژەیەکی سینتاکسی و فەرهەنگی پێشناوەکانە. بڕوانە هێڵکاری ژمارە (13).




هێڵکاری ژمارە (13)

لە هێڵکاری ژمارە (13) دا ئەوە ڕوندەبێتەوە ، کە ئاراستەی حوکمکردنی سەرە ڕێزمانییەکە ، واتە ئاراستەی پێدانی دۆخەکە لە فرێزە پێشناوییەکەدا بەپێچەوانەی ئاراستەی سەرە ڕێزمانییەکانی ترەوەیە . ڕۆنانی ئەم جۆرە فرێزە لە فۆڕمێکی سینتاکسیدایە و (P) کەتیگۆرییەکی سینتاکسیی لە چەشنی (N') وەك تەواوکەر ئاراستە دەکات[1].

دەشێ تەواوکەری پێشناوەکە لە فرێزە پێشناوییەکەدا فرێزێکی دیارخەری بێت، کە یاساکەی لە (116) دا دەخرێتەڕو، بڕوانە (116).

(116) D' + P ⟵ فرێزی پێشناوی

بڕوانە (117) .

(117) أ- نامەیەکم <u>بۆ کوڕەکە</u> نارد .

ب- پارەکەم <u>بۆ هەژارەکە</u> برد .

دەشێ پێشناوەکە تەواوکەرەکەی لە چەشنی (D')ێك هەڵبژێرێت، وەك لە (117 ب)دا خرایەڕو.

1- بڕوانە (عەبدولجەبار مستەفا وکاروان عومەر قادر 2012: 1162)

هەروەها جۆرێکی تری ڕۆنانی فرێزی پێشناوی، ئەوەیە کە (P) کەتیگۆرییەکی سینتاکسیی لە چەشنی فرێزێکی ئاوەڵناوی وەك تەواوکەر ئاراستە دەکات، کە یاساکەی لە (118) دا دیاریدەکرێ .

(118) A' + P ⟵ فرێزی پێشناوی

بڕوانە (119) .

(119) أ - پارەکەم بۆ ژنێکی نەخۆش نارد.

ب- خواردنەکەم بۆ پیاوێکی پیر برد.

پ- کتێبەکەم لە خوێندکارێکی زیرەك وەرگرت.

لە (119)دا تەواوکەری فرێزە بەندەکە لە چەشنی (A') ە، کە فرێزێکی خستنەپاڵی ئاوەڵناوییە وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا کە فۆڕمی فرێزی پێشناوی، فۆڕمێکی سینتاکسییە، بەڵام دەتوانرێت ڕۆنانی لە جۆری (لەبار ، بەپێز ، بەگوڕ ، بەپەلە ، لەپڕ ....) وەك فۆڕمی بە لێکسیمبوی (P') بناسرێنەوە (عەبدولجەبار مستەفا وکاروان عومەر قادر 2012: 1163).

## 1- 4-3/1 ) دەرخەرەکانی فرێزی پێشناوی (بەند)

دەشێ فرێزی پێشناوی فراوان بکرێت بەهۆی دەرخەرەکانی پێشەوە، لەبەر ئەوەی ڕۆنانی فرێزی پێشناوی جیاوازە لە ڕۆنانی فرێزەکانی تر، چونکە فرێزی پێشناوی سەر سەرەتایە، هەروەها فراوانکردنی فرێزی پێشناوی لە دواوە، فراوانکردنی تەواوکەری فرێزەکەیە کە دەچنە ڕۆنانی فرێزەکەوە، تەواوکەرەکانی فرێزی پێشناویش وەك پێشتر دیاریکرا بریتین لە فرێزی ناوی و فرێزی دیارخەری و فرێزی ئاوەڵناوی، کە پێشتر لەڕۆنانی ئەو فرێزانەدا فراوانکردنەکەیان خراوەتەڕو، لەبەر ئەوە لێرەدا تەنیا دەرخەرەکانی پێش سەر دەخرێنەڕو، کە فرێزەکە ( بەهۆی کەرەسەی ترەوە فراوان دەکرێ و ئەو کەرەسانەش دەبن بە دەرخەر بۆ فرێزەکە )(بەکر عومەر عەلی 1992: 68).

### 1-1- 4-3/1 ) دەرخەرەکانی پێش سەر:

1) تاکبەندەکان : ( هەر ، تەنیا) بڕوانە (120).

(120) أ- هەر لەباخەکە دادەنیشم .

ب- تەنیا بۆ زانکۆ دەچم .

پ- هەر بە کەرکوکدا تێدەپەڕم .

2) ڕادە :

بڕوانە (121).

(121) أ- **زۆر لە ژورەوە** بو .

ب- **تۆزێك لە ئاوەكە** دەخۆمەوە .

پ- **هەندێك لە كوڕەكان** هاتنەوە .

دەبێت تێبینی ئەوەش بكرێت ، كە ئەم وشانە ناتوانن لەهەمو بارێكدا ببنە دەرخەرو فرێزەكە فراوان بكەن ، بڕوانە (122).

(122) ⋆ زۆر تا هەولێر دەچم .

3) ژمارە : بڕوانە (123)


(123) **چوار لە پیاوەكان** گەڕانەوە .

4) ئاوڵكردار :

فرێزی ئاوەڵكرداری و فرێزی پێشناویش ، فرێزی كرداری فراوان دەكەن ، بڕوانە(124).

(124) أ- **هەرگیز لە خوێندن** دواناكەوم .               ب- **هێشتا لەماڵەوە** دانیشتوم .

بڕوانە هێڵكاری ژمارە (14) .




هێڵكاری ژمارە (14)

جیاوازییەكی ئاشكرا لەنێوان فرێزی پێشناوی فرێزی لەگەڵ فرێزی ناوی و ئاوەڵناوی و فرێزەكانی تردا بەدیدەكرێت، كە پەیوەندی نێوان پێشناو و تەواوكەرەكەی پەیوەندیی شوێنكەوتویی نییە، بەڵكو

**پەیوەندیی حوکمکردنە، لەبەرئەوە پێشناوەکە بڕیاری هەڵبژاردن و دیاریکردنی جۆری تەواوکەرەکەی دەدات، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە هیچ کاتێك پێشناوەکە وەك سەرێك ناتوانێت جێگەی هەمو ڕۆنانەکە بگرێتەوە** (Fattah,M.M 1997: 190).

## 5-3/1 ) فرێزی ئاوەڵکرداری

**فرێزی ئاوەڵکرداری و فرێزی پێشناویش لایەنێکی نادیاری ڕودانی کردارەکە ڕوندەکەنەوە، بەوەی زانیاریی لەسەر کردار دەدەن لە ڕستەدا، بەپێی گرنگییان لەڕستەدا پلە یەك نین، لەبەر ئەوە سەرپشکین.**

**فرێزی ئاوەڵکرداری لە سادەترین شێوەیدا لە ئاوەڵکردارێك پێکدێت، کە سەری فرێزەکەیە، واتە (دەبێت سەری فرێزەکە ئاوەڵکردار بێت.)**(بەکر عومەر عەلی 1992: 64) .

**لە (125) دا یاساکەی دەخرێتەڕو .**

(125) ADVERB ⟵ **فرێزی ئاوەڵکرداری**

**وشەکانی(هێشتا ، دیسان ، خۆزگە ، هەرگیز...) بە ئاوەڵکرداری بنجی دادەنرێن** (ئازاد احمد حسين 2001: 27) ، **بڕوانە (126).**

(126) **أ- ئازاد هێشتا نەهاتووە .**

**ب- منداڵەکە دیسان هاتەوە .**

**ئەو وشانەی وەك ئاوەڵکرداری بنجی خرانەڕو، وەك کەتیگۆرییەکی سەربەخۆ لەزمانی کوردیدا ژمارەیان زۆر کەمە، لەبەرئەوە سود لە بەشەئاخاوتنەکانی تر بینراوە**[1]**، کە هەڵگری نیشانەی واتایی ڕونکەرەوەی کردارن وەك [+ کات ، + چۆنێتی ..]، بۆ ئەوەی ئەرکی ئاوەڵکردار لە ڕۆنانی ڕستەدا ببینن و لە جێکەوتەی ئەودا دەربکەون، کە (بە فرێزی ئاوەڵکردارئاسا ناو دەبرێن)** (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف 2010: 70)، **بۆ نمونە لە ڕوانگەی کاتەوە، جگە لەوەی کە هەندێ لە فرێزە ناوییەکان لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداری کاتدا دەردەکەون بەوەی کە چەمکی کات دەگەیەنن، وەك (دوێنێ ، ئەمڕۆ ، بەیانی ، شەو ، ڕۆژ ، سبەینێ ، پار ، دوێنێ بەیانی ، ساڵی پار ، ئەم بەیانییە.....) ژمارەیەکی سنوردار فۆڕم هەیە کە هەڵگری نیشانەی [+ کا ت ]ن و لەجێکەوتەی ئاوەڵکرداردا دەردەکەون، ئەوانیش (درەنگ ، زو ، خێرا ، ئێستا ..) بڕوانە (127).**

(127) **أ- ڤاناس درەنگ نان دەخوات.**

**ب- ئازاد ئێستا گەڕایەوە.**

---

1- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (ئازاد ئەحمەد حسێن 2001 : 60- 67)

پ - مناڵەکە خێرا دەخەوێت.

ت- ئازاد دوێنێ گەڕایەوە.

دەشێ ئاوەڵکرداری ( درەنگ ، زو ) وەك سەری فرێزێکی ئاوەڵکرداری، تەواوکەرێك بۆ خۆیان لەو فرێزە ناوییانە، کە هەڵگری نیشانەی [+ کا ت ]ن هەڵبژێرن، ئەوکاتە ڕۆنانێکی تری فرێزی ئاوەڵکرداری لە جۆری [ADV + N'] دەستدەکەوێت، بۆ نمونە بڕوانە (128 - أ)، یان بەیاریدەی مۆرفیمی خستنەپاڵ ڕۆنانێکی لە جۆری ﴿ ADV + [ det + N'] ﴾ دەستدەکەوێت، بڕوانە (128 - ب):

(128) أ- شەو درەنگ دەخەوم.

ب- بەیانیی زو هاتمەوە.

دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە فرێزەکانی تر بەشێوەیەکی چالاك لە جێکەوتەی فرێزی ئاوەڵکرداریدا دەردەکەون، بۆ نمونە فرێزێکی ناوی بە دوبارەبونەوەی لە جێکەوتەی فرێزی ئاوەڵکرداریدا دەردەکەوێت وەك (باڵندەکان پۆل پۆل دەفڕن.).

دەشێ فرێزێکی دیارخەری تەواوکەرەکەی لە چەشنی فرێزێکی ناویی کە هەڵگری نیشانەی [+ کات ] بێت، لە جێکەوتەی فرێزی ئاوەڵکرداریدا دەربکەوێت و ئەرکی ئەو جێبەجێ بکات، بڕوانە (129) .

(129) أ - خوێندکارەکە هەمو ڕۆژەکە کتێب دەخوێنێتەوە.

ب- ئازاد هەمو شەوێك نان دەخوات.

هەروەها هەندێ لە فرێزە ئاوەڵناوییەکانی وەك (زۆر ، کەم ، جوان ، باش ، ....) لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا دەردەکەون، ئەویش بەوەی کە چۆنێتی رودانی کردارەکە ڕوندەکەنەوە، بڕوانە(130)

(130) أ - باران زۆر باری.

ب- ئازاد جوان دەنوسێت.

پ- بارانەکە باش دەبارێت.

هەروەها فۆڕمەکانی وەك (خێرا ، توند ، زو ، زۆر ، جوان ، کەم ، باش...) کاتێك لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا دەردەکەون، دەتوانن مۆرفیمی / - تر/ وەربگرن، (ئەمەش بۆ بەراوردکردنی یەك فۆڕمی کردارە، لە نێوان دو کات یان دو شوێن یان دو چۆنێتی جیاوازدا )(چاوپێکەوتن: ئەبوبەکر عومەر قادر 2014) ، بۆ نمونە بڕوانە (131) .

(131) أ - خێرا بڕۆ ⟵ خێراتر بڕۆ .

ب- تۆزێك جوان بنوسە . ⟵ تۆزێك جوانتر بنوسە .

پ- دەرگاکە کەمێك توند پێوەدە . ⟵ دەرگاکە کەمێك توندتر پێوەدە .

دەشێ سود لە فرێزە پێشناوییەکانیش وەربگیرێت بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی فرێزی ئاوەڵکرداری ، چونکە فرێزی پێشناوی و ئاوەڵکرداری لە جێکەوتەی یەکتردا دەردەکەون و لایەنێکی نادیاری کردار لە ڕۆنانی ڕستەدا ڕوندەکەنەوە ، بڕوانە (132) .

(132) أ - ئازاد بەپەلە هات . ب- پیاوەکە بەدانیشتنەوە خەوی لێکەوت .

### 3/1- 5 - 1 ) دەرخەرەکانی فرێزی ئاوەڵکرداری :

فرێزی ئاوەڵکرداری لەبەر ئەوەی هەڵسوکەوتی سینتاکسیی فرێزە پێشناوییەکانی هەیە، چونکە هەردوکیان لە فرێزی کرداریدان، لەڕێی دەرخەرەکانی پێش سەرەوە فراوان دەکرێت.

### 3/1- 5 - 1- 1 ) دەرخەرەکانی پێش سەر :

1) تاکبەندەکان : بڕوانە (133).

(133) أ - هەر زو دەگەڕێمەوە.

ب- تەنیا ئەمڕۆ دەمێنمەوە.

پ- ئازاد هەر جوان یاری دەکات.

لە (133) دا دەردەکەوێت کە تاکبەندەکانی (تەنیا ، هەر) سەری فرێزە ئاوەڵکرداریەکەیان فراوان کردووە و وەك دەرخەری پێشەوە دەرکەوتون.

2) ڕادە : بڕوانە (134) .

(134) أ - ئازاد زۆر جوان یاریدەکات .

ب- میوانەکان زۆر درەنگ هاتن .

پ- شۆفێرەکە کەمێك خێرا لێدەخوڕێت .

ت- دەرگاکە کەمێك توند دابخە .

لە (134)دا وشەکانی ڕادە (زۆر ، کەمێك ) دەرخەری پێشەوەی فرێزە ئاوەڵکرداریەکەن و دەشێ بە ڕادەی ئاوەڵکرداری ناوبرێن، چونکە دەبێتە لایەنێکی ڕونکەرەوەی زیاتر لە فرێزە ئاوەڵکردارییەکەدا، فرێزە ئاوەڵکرداریەکەش وەك تەواوکەری فرێزە کرداریەکە دەبێتە ڕونکەرەوەی لایەنێکی نادیاری ڕودانی کردارەکە، هەروەها هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەشێ ئەو وشانەی ڕادە کە لەپێش فرێزێکی ئاوەڵناوییەوە وەك دەرخەر دەردەکەون بە ڕادەی ئاوەڵناوی ناوبرێن.

## 6-3/1 ) فرێزی کرداری

فرێزی کرداری چەشنێکی تری فرێزە، بەشێکی گرنگی ڕۆنانی ڕستەیەو لە چەشنەکانی تری فرێز بە گرنگتر دادەنرێت، بەوەی هاتنی بەخورتییە و ناتوانرێت لابرێت، (لەکاتێکدا فرێزەکانی تری ڕستە وەك فرێزی ناویی بکەر دەشێت لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دەرنەبڕدرێت، ئەوەش بەهۆی دەرکەوتنی نیشانەکەی لەناو فرێزە کرداریيەکەدا.)(محەمەد عومەر عەول 2008 : 15) بڕوانە (135)

(135) أ- من دەڕۆم.

ب- ... دەڕۆم.

پ- * من ... .

لەبەر ئەوەی لە ڕۆنانی فرێزی کرداریدا مۆرفیمەکانی کات و کەس بەشدارن لەگەڵ ڕەگی کرداردا کە مۆرفیمێکی بنەڕەتییەو هەڵگری زانیاری سینتاکسی و واتایی فرێزە کرداريیەکەیە، فرێزی کرداریی سادەمان نییە[1].

واتە (ڕەگی کردار مۆرفیمێکی تەوەرەییە و مۆرفیمەبەندەکانی تری بۆ دەگەڕێتەوە، کە هەریەکەیان ڕیزبونێکی دیاریکراوی تایبەت بە خۆیان هەیە.)(دیار عەلی کەمال 2002: 50).

دەتوانرێت فرێزی کرداری بەهۆی فرێزەکانی ترەوە فراوان بکرێت، کە وەك تەواوکەر دەچنە ڕۆنانی فرێزە کرداريیەکەوە و هەندێکیان وەك فرێزێکی ناوی یان فرێزێکی دیارخەری بەپێی جۆری کردارەکە هاتنیان بەخورتییە، کە لەڕۆنانی ڕستەدا لەگەڵ کرداری تێپەڕدا ڕۆڵی بەرکار دەبینن، بەڵام هەندێك لە فرێزە تەواوکەرەکان وەك فرێزە ئاوەڵکرداری و پێشناوییەکان هەندێ کات بەپێی جۆری کردارەکە هاتنیان سەرپشکییە (سەربار)ن، بەڵام کردارەکانی (لێدا ، پێدا ، پێزانی ، تێخست ، پێوەلکان ، تێگرت ، لێکچون ...) بەخورتی داوای تەواوکەرێك دەکەن ، چونکە لابردنی تەواوکەرەکان دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای ڕستەکان ، یان ناڕێزمانی بونیان ، بۆ نمونە : -

- من تۆ <u>بەپیاو</u> دەزانم .

- کتێبەکەم خستە <u>کتێبخانەکە</u>.

- ئازاد <u>لە منداڵەکەی دا</u> . ، کچەکە <u>لە دایکی دەچێت</u>.[2] ، کەواتە دەتوانرێت بوترێت فرێزی کرداری لەڕوی ڕۆنانەوە لەسادەترین شێوەیدا لە کردارێك پێکدێت کە سەری فرێزە کرداريیەکەیە. ئەم فراوانکردنەی فرێزی کرداری بەهۆی مۆرفیم و فرێزەکانەوە، دو جۆر ڕۆنان لەخۆ دەگرێت کە ڕۆنانی ناوەوە و ڕۆنانی دەرەوەیە.

---

1- بڕوانە ( محەمەد مەعروف فەتاح 1989 : 40).

2- بشڕواانە (ئومێد بەرزان برزو2012: 84).

## 3/1- 6- 1 ) ڕۆنانی ناوەوەی فریزی کرداری

ئەو مۆرفیمە بەندە تایبەتییانەی کە لەگەڵ ڕەگی کرداردا بەشدارن لە ڕۆ نانی فریزێکی کردار یدا ، ڕۆ نانی ناوەوەی فر یزی کرداری پێ کدەهێنن ، کە ئەوانیش مۆرفیمەکانی ( کات و کەس)ن ، (فر یزی کرداری پێکهاتە یەکی ئاڵۆزە)(Radford 1997: 198) ، بە پێ کەوەهاتنی مۆرفیمەکانی (ڕەگ و کات و کەس) فریزێ کی کردار یی پێ کدێت ، کە ئەو مۆرفیما نە بەردی بنا غەن بۆ ڕۆ نانی فریزێکی کرداری ، وا تە سادەترین فر یزی کرداری کردارێکە ، کە لەو سێ مۆرفیمە پێکهاتووە ، کە یا ساکەی لە (136)دا دەخرێ تەڕو ، بەڵام کردارە تێپەڕەکان لەڕۆنانی ڕ ستەکاندا لە گەڵ ئەو ڕۆنا نەدا کە لە (136)دا دەخرێ تەڕو ، بەخورتی داوای تەواو کەرێکیش دەکەن ، کە بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەکەیە. بڕوانە (136).

(136) ( V ⟵ V' ) بڕوانە (137).

(137) أ - هاتم . ، ب - چووین .

پ - ترسایت. ، ت - مردن .

ج - فڕی∅ .

چ - کەوتن .

لە (137)دا فرێزە کردارییەکان ڕابردوی تێنەپەڕن، چونکە ( کردار پەیوەستە بەکاتی ڕودان ، واتە ڕودان پێش قسەکردن دەبێتە ڕابردو ، دوای قسەکردن، دەبێتە ڕانەبردو)(فەرەیدون عەبدول محەمەد و ابوبکر عمر 2010؛ 136) ، کردارەکان لە مۆرفیمی ( ڕەگ + کات + کەس )[1] پێکهاتون .

دەتوانرێ بوترێت کە (ڕەگی کردار سەری فەرهەنگی(واتایی) کردارە، چونکە ئەگەر سەرنجی(137) بدەین، تێبینی ئەوە دەکرێت کە گۆڕانی واتایی فەرهەنگیی کردارەکان بۆ گۆڕانی ڕەگی کردار دەگەڕێتەوە، بەو واتایەی بەگۆڕینی مۆرفیی کات یان نیشانەی ڕێکەوتن واتای فەرهەنگیی کردارەکە ناگۆڕێت.) (Fattah,M.M 1997:195).

---

1- مۆرفیمەکانی کاتی ڕابردوی بکەردیار بریتین لە ( ا ، د ، ت ، و ، ی) ، بەڵام مۆرفیمی کات لە ڕانەبردوی بکەردیار بە (مۆرفیمی سفر) دانراوە ، بڕوانە (وریا عمر امین 1992 ؛ 90) . بەڵام (محەمەد مەعروف فەتاح) ڕای وایە ، کەکاتی ڕانەبردو لەناو ڕەگی کردارەکەدا تواوەتەوە. بڕوانە: (محەمەد مەعروف فەتاح 1989؛ 43 ) ، بەڵام مۆرفیمی کاتی ڕانەبردوی بکەر نادیار ( ێ )یە و لە ڕابردوەکەشی ( ا )یە ، بەڵام ڕەگ بۆ ڕابردو و ڕانەبردو هەر هەمان شتە ، بەوەی کە ڕەگ بۆ ڕابردو و ڕانەبردو ناگۆڕێت، ئەوەی کە دەگۆڕێت مۆرفیمی کاتەکەیە، بڕوانە ( فەرەیدون عەبدول محەمەد ، نادیاری 1988) ، هەندێکیش مۆرفیمی (دە) ی پێش ڕەگ بە دەمکات(ئەسپێکت) ناودەبەن، کە نیشانەیە بۆ ئەرێ و بەردەوامی.

جگە لەو سێ جۆرە مۆرفیمەی باسکرا، چەند مۆرفیمێکی تر بەشداری ڕۆنانی فرێزی کرداری دەکەن ، هەندێکیان پێش ڕەگ و  هەندێکیشیان پاش ڕەگ دەردەکەون[1] .

## 3/1 -6 -2 ) ڕۆنانی دەرەوەی فرێزی کرداری

مەبە ست  لە ڕۆ نانی دەرەوەی فر ێزی  کرداری فراوانکرد نی فر ێزی کرداریە یە  لە ڕ ێی جۆرەکانی تری فرێزەوە، کە لە خوارەوە دەخرێنەڕو .

1) فرێزی ناوی :

لە گەڵ  کرداری تێ پەڕدا د ێت و جێکەو تەی تەواوکەر( بەرکاری ڕا ستەوخۆ)  لە فرێزە کەدا پڕدەکاتەوە ، دەتوانرێت یاساکەی لە (138) دا بخرێتەڕو. بڕوانە (138) .

(138) أ- V' Spec ⟵ VP بڕوانە (139 - أ )

ب- V + N' ⟵ V' بڕوانە (139 - ب )

(139) أ- من هەر ئازاد دەناسم .

ب- من سێو دەکڕم.

لە (139)دا فرێزێکی ناوی تەواوکەری فرێزە کردارییەکەیە .

2) فرێزی دیارخەری : بڕوانە (140).

(140) أ-  من کوڕەکە دەناسم .

ب- ئازاد کوڕە کوردەکە دەناسێت .

یاساکەی لە (141) دا دەخرێتەڕو .

(141) V + D' ⟵ فرێزی کرداری

3) فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی : بڕوانە (142)

(142)  أ-  من گوڵێکی سور لێدەکەمەوە .

ب- من خوێندکارێکی زیرەك دەناسم .

یاساکەی لە (143)دا دەخرێتەڕو .

(143) V + A' ⟵ فرێزی کرداری

---

1- بۆ زانیاری لەبارەی ئەو مۆرفیمانەی بەشداری ڕۆنانی ناوەوەی فرێزی کرداری دەکەن ، بڕوانە:( محەمەد مەعروف فەتاح 1989: 44) ، (ابوبەکر عومەر قادر 2003: 60-82) .

4) فرێزی ئاوەڵکرداری ، بڕوانە (144).

(144) أ- منداڵەکە ئێستا خەوت .

ب- کوڕەکە درەنگ هاتەوە .

یاساکەی لە (145) دا دەخرێتەڕو .

(145) V + ADVP ⟵ فرێزی کرداری

5) فرێزی پێشناوی ، بڕوانە (146)


(146) أ - ئازاد بە پێ هات .

ب- منداڵەکە لە بێشکەکەدا نوستووە .

ئەو نمونا نەی لە (146- أ ، ب) دا خرا نەڕو ، هاتنی فرێزێکی پێ شناوی دەردە خات لە پێش کردارەوە، کە یاساکەی لە (147) دا دەخرێتەڕو.

(147) V + P' ⟵ فرێزی کرداری

ئەو ڕۆنانانەی لە (139) و (141) و (143) و (145) و (147)دا خرانەڕو ، لە هێڵکاری ژ مارە (15)دا ڕوندەکرێنەوە. بڕوانە هێڵکاری ژمارە (15).




| | | |
|---|---|---|
| تەنیا | ئازاد | دەناسم |
| هەر | کوڕەکە | دەبینم |
| هەر | گوڵێکی سور | لێدەکەمەوە |
| هەر | ئێستا | خەوت |
| هەر | بە پێ | هات |

هێڵکاری ژمارە (15)

لە هێڵکارییە کە و لەو یاسایانە شدا کە خرا نەڕو، ئەوە دەردە کەوێت، کە فر ێزی کرداری تەواو کەرەکانی بە پ ێی جۆری کرداره کە لە فرێزە کان هەڵدە بژێرێت و لەپێش کرداره کەوە

دەردەکەون، بەڵام فرێزی پێشناوی فرێزێکی چالاکە لە فراوانکردنی فرێزی کرداریدا و لە پێش و لە پاش سەری فرێزەکەوە دەردەکەوێت، بڕوانە (148) .

(148) منداڵەکە کەوتە حەوزەکەوە .

دەبێت ئەوە لەیاد نەکرێت، کە لە زمانی کورد یدا دۆخی ڕێزمانی لە لایەن کردارەوە لەلای چەپەوە بۆلای ڕاست بە ئارگۆمێنتەکانی دەدرێت، بەڵام لە (148)دا کردار ناتوانێت لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست حوکمی دۆخی ڕێزمانی (حەوزەکە) بکات، بەڵکو لە ڕێی پێشناوی / ە /ی لکاو بە کردارەکەوە حوکمی (حەوزەکە) دەکات[1]، کەواتە لە (148) دا، (کەوت) حوکمی دۆخی ڕێزمانی (منداڵەکە) دەکات.

دەشێ فرێزی پێشناوی لەگەڵ فرێزێکی ناوی یان دیارخەر یدا، بەیەکەوە فرێزە کرداریيە کە فراوان بکەن، ئەو کاتە جۆری کردارەکە دەسەڵاتی بەسەرئەوەدا هەیە کە کام لە تەواوکەرەکان سەرپشکی بن، چونکە وەك پێشتریش ئاماژەی پێدرا، فرێزی پێشناوی لەڕوی سینتاکسییەوە پەیوەندی لەگەڵ کرداردا هەیەو لەڕوی واتاشەوە زانیاری لەسەر کردارەکە دەدات، بۆیە دەتوانێت لە پێش یان لە پاش سەری فرێزەکەوە دەربکەوێت، بڕوانە (149- أ ، ب).

(149) أ- من کتێبەکە بۆ ڤاناس دەکڕم .

ب- من خۆم کتێبەکە دەدەم بە ئازاد .

لە(149- أ ، ب) دا کرداری ڕستەکە تێپەڕە و فرێزە کرداریيە کە دو تەواو کەری هەیە ، کە بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەوخۆن ، لە (149- أ) دا فرێزە دیارخەرییەکە بەرکاری ڕاستەوخۆیە و خورتییە و فرێزە پێشناوییەکە بەرکاری ناڕاستەوخۆیە و لە پێش سەری فرێزە کرداریيەکەوە هاتووە و سەرپشکییە ، بەڵام لە (149- ب) دا هەردو تەواوکەرەکە خورتین، فرێزە پێشناوییەکە کەوتۆتە پاش سەری فرێزە کرداریيەکەوە، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا جۆری کردارە کە بە خورتی هاتن، یان بەسەرپشکی هاتنی تەواو کەرەکان دیار یدەکات و ڕۆڵێکی بەرچاویان لە هەڵبژاردنی ئەم فرێزە تەواوکەرانەدا هەیە[2]. دەتوانرێت نمونەکانی (149) لە (150) دا یاساکەی بخرێتەڕو .

(150) أ - V + P' + D'/N' ⟵ فرێزی کرداری (V')


ب- P' + V + D'/N' ⟵ فرێزی کرداری

بڕوانە هێڵکاری (16) و (17)کە ڕونکەرەوەی (149) و (150) ن .


---

1- بشڕوانە (محەمەد مەحوی و کاروان عومەرقادر و شیلان عومەر حسێن 2010 : 49 -50)

2- بۆ زانیاریی لەبارەی جۆرەکانی کردار لەڕوانگەی تەواوکردنەوە ، بڕوانە (محەمەد عومەر عەول 2008 : 39- 46)




**هێڵکاری ژمارە (16)**




**هێڵکاری ژمارە (17)**

**دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین کە زۆرجار فرێزێکی ئاوەڵکرداری، لە فراوانکردنی فرێزە کرداریەکەدا ڕۆڵ دەبینێت و زانیاری لەسەر ڕودانی کردارەکە دەدات, شوێنەکەشی لە دوای بکەری ڕستەکەوە و**

له پێش بەرکارە ڕاستەوخۆکەوە دیاریدەکرێت، هەرچەندە جێکەوتەیەکی چەسپاوی نییە، بەوەی کە لە ڕۆنانی ڕستەدا توانای جێگۆڕکێ کردنی هەیە، دەتوانرێ جێکەوتەی پێکەوەهاتنی فرێزە ئاوەڵکرداری و پێشناوییەکان و سەرەو ڕیزبونیان بەپێی سیستەمی (SOV) لە فراوانکردنی فرێزی کرداریدا بەم شێوەیە لە (151)دا دیاریبکرێت :


| |
|---|
| (151) (بکەر(DP/NP) + (دەرخەرێك ئەگەر هەبێت) + ئاوەڵکرداری کات + ئاوەڵکرداری شوێن(ئەگەر هەبێت) + بەرکاری ڕاستەوخۆ (DP/NP) + بەرکاری ناڕاستەوخۆ (PP) + کردار (V) ) . |

لە نمونەی (152) دا یاسای سەرەو ڕیزبونی فرێزەکان لە ڕستەدا ڕوندەکرێتەوە بڕوانە (152).

(152) أ- من هەندێ شەو لەماڵەوە چیرۆك بۆ ڤاناس دەخوێنمەوە .

ب- خوێندکارەکە هەر زو کتێبەکە بۆ مامۆستا دەباتەوە .

هێڵکاری ژمارە (18) ڕۆنانی (151) ڕوندەکاتەوە .




هێڵکاری ژمارە (18)

بەهۆی ئەوەی ئەگەری دوبارەبونەوەی دو بکەر یان دو بەرکار لە زمانی کوردیدا ڕێگەی پێدراوە، دەکرێ جێکەوتەی کردار لە زمانی کوردیدا (V) بێت، بۆیە ڕێگەی چەند بارە بونەوەی

پێدەدرێت. (سەباح ڕەشید قادر 2009: 61) ، وەك لە (149- أ ب) و (150) و (152) و هێڵكارییەكاندا خرایەڕو.

پێشتر ئەوە خرایەڕو كە كردارە بێهێزەكان (Defective Verb) ڕۆڵی بابەتانە نادەن و ناشتوانن وەك كردارە تەواوەكان بەتەنیا بێن ، لەبەر ئەوە پێویستییان بە تەواوكەرێكی بەخورتی هەیە ، بۆ ئەمەش بەگشت چەشن و جۆرەكانی فرێزدا هەڵدەواسرێن ، بڕوانە (153) .

(153) أ- ئازاد كوردە .

ب- باوكم مامۆستایە .

لە (153)دا كردارە بێهێزەكە بە فرێزێكی ناوییەوە هەڵواسراوە ، كە لە (154) دا یاساكەی دەخرێتەڕو .

(154) Defective Verb + N'

دەشێ لە جیاتی فرێزێكی ناوی خۆی بە چەشن و جۆرەكانی تری فرێزدا هەڵبواسێت ، بۆ نمونە :

(155) أ - كچەكە جوانە .

ب- خوێندكارەكە زیرەك بو .

لە (156) دا یاساكەی دەخرێتەڕو.

(156) Defective Verb + A'

لە (157) دا فرێزە تەواوكەرەكە فرێزێكی دیارخەرییە .

(157) Defective Verb + D'

بڕوانە (158).

(158) أ- ئەوە كوڕە كوردەكەیە .

ب- ئەمە نامەكەیە .

لە (159)دا كردارەكە خۆی بە فرێزێكی پێشناویدا هەڵواسیوە .

(159) Defective Verb + P' ، بڕوانە (160)

(160) أ- كلیلی دەرگاكە بەئازادە .

ب- دیارییەكە بۆ ئێوە بو .

(161) Defective Verb + ADVP بڕوانە (162)

(162) أ- ئاهەنگەكە ئێستایە .

ب- ئاهەنگەكە دوێنێ بو .

## بەشی دووەم

# 2) ڕۆنانی فریێز لە زاری کرمانجیی ژورودا

### 1/2 ) هەندێ تایبەتێتی زاری کرمانجیی ژورو

بەر لەوەی باس لە ڕۆنانی فریێزەکان و چەشن و جۆرەکانی بکەین، پێویستە هەندێ تایبەتێتی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسیی ئەم زارە لە خزمەتی ڕۆنانی فریێزدا بخەینە ڕو، چونکە زاری کرمانجیی ژورو ، خاوەنی هەندێ تایبەتێتییە کە لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا بەو شێوەیە بەدی ناکرێن، لەوانەش جیاکردنەوەی ناوەکان بە نێر و مێ و دولایەن و بونی مۆرفیمی تایبەتی نێرو مێ، چونکە لەم زارەدا ناوی بێلایەن نییە، هەروەها جیاکردنەوەی وشەکانی نیشانە بە نێرو مێی تاك و کۆ و دەرکەوتنی بەخورتیی مۆرفیمی نیشانەی دۆخ بە پێی توخم (نێر و مێ)یی ناوەکان لە فریێزەکاندا، لەو جێکەوتانەی کە جێکەوتەی دۆخن، هەروەها نەبونی مۆرفیمی تایبەت بە ناسراوکردن، وەك لە کرمانجی خواروداا هەیە و لەبەشی یەکەمی ئەم نامەیەدا لە (3/1- 1- 5- 1)دا خرانەڕو، واتە بونی هەندێ کەرەسەی مۆرفۆسینتاکسیی[تێ] کە لەسەر فریێزەکان دەردەکەون و بەشدارن لە سینتاکسدا و ناکرێ پشتگوێ بخرێن.

### 1/2- 1 ) دیارخەرەکان

### 1/2- 1- 1 ) ناسراوی و نەناسراوی

لە زاری کرمانجیی ژورودا مۆرفیمی تایبەت بە تاك و کۆی ناسراوی نییە، بەڵکو لە ڕێی کەرەسەو مۆرفیمی ترەوە ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکرێت، یان بەپێی چوارچێوەی قسەکردن و لەڕێی سەلیقەی زمانییەوە خاوەن زمان هەست بەوە دەکات کە ئەو ناوە بۆ ناسراو بەکار هاتووە، لە کاتێکدا کە ناوەکە مۆرفیمی نەناسراوی لەسەر دەرنەکەوتبێت، ئەم ئەرکە بەهۆی ئاوەڵناوی نیشانەوە جێبەجێ دەکرێت، کە بۆ تاك و کۆی ناسراوی نزیك و دور لەگەڵ ناودا بەکاردێن وەك(ئەڤ..ە ، ڤی...ی ، ڤێ...ێ ، وی...ی ، وێ ...ێ ، ڤان/ئەڤان...ان ، وان/ئەوان...ان)[تێ] ئەم وشە نیشانانە ناوەکە دەستنیشان دەکەن و نیشانەی ناسراوی پێدەبەخشن، بڕوانە(1 أ ب پ)

(1) أ - <u>ئەڤ کوڕە</u> دنڤە .

---

1- مۆرفۆسینتاکس بریتییە لەو پرۆسانەی زمان کە نواندنی تایبەتێتیی سینتاکسیی لە ڕێی کەرەستەی مۆرفۆلۆجییەوە جێبەجێ دەکەن (Bussman,1990:316).

1- لەکرمانجیی ژورودا ڕای جیاواز هەیە لەسەر مۆرفیمی ناسراوی ، بۆ زانیاری زیاترلەبارەی مۆرفیمی ناسراوییەوە لە زاری کرمانجیی ژورودا بڕوانە (جەمال نەبەز 1976: 105) ، (پ.ك.ك کوردۆییێڤ 1984 :64) ، (صادق بهاءالدين ئامێدی 1987: 199) ، (محمد طاهر گوهەرزی 1999: 38).

ب- ڤێ کچێ نان خوار.

پ- ڤان کوڕان نان خوار.

بەڵام مۆرفیمی نەناسراوی بۆ تاك /- ەك/ە، بۆ ئەو ناوانەی بەکۆنسۆنانت کۆتاییان هاتووە، بڕوانە (2).

(2) أ- کوڕەك هات.

ب- من کچکەك[2] دیت.

بەڵام ئەگەر بۆ ئەو ناوانەی بە ڤاوڵ کۆتاییان هاتووە بەکارهات، کۆنسنانتی (ی - y)دەچێتە نێوانیان، وەك (مە زانکۆیەك دیت.)، هەندێ جار مۆرفیمی /- ێك/یش بەکاردێت، بەڵام ئەمە زۆر بە کەمی بەکاردێت، بڕوانە (3).

(3) مە زانکۆیێك دیت.

لەم زارەدا مۆرفیمی سەرەکی کۆکردنەوە /- ان/ە، تەنیا لەو کاتانەدا بەکاردێت کە ناوەکە کەوتبێتە دۆخەوە و وەك مۆرفیمی دۆخ و کۆکردنەوە دەچێتە سەر ناوەکە بڕوانە (4).

(4) أ- کوڕان دەرس نڤیسی.

ب- ئەز کوڕان دبینم.

پ- من دەفتەرەك بۆ کچان کڕی.

ت- بابێ کچان هات.

ج- کوڕان خانی هەبو.

چ- کوڕان خانی دڤێ.

هەندێ جار لەئاخاوتندا (ن)ی مۆرفیمی /- ان/ی کۆ دەرنابڕڕێ، ئەویش بۆ مەبەستی کورتکردنەوە و ئابوریکردنە، بڕوانە (5).

(5) أ- ڤان کوڕا ئەز دیتم. (ئەم کوڕانە منیان بینی .)[1]

ب- ژنك جلکا دشون.

بەڵام لەو کاتانەی کە ناوەکە بۆ کۆ بەکار هاتووە و مۆرفیمی کۆکردنەوەی لەسەر دەرنەکەوتووە، واتە نەکەوتووەتە دۆخەوە، ئەو ئەرکە بە مۆرفیمی /- ن/ی ڕێکەوتن جێبەجێ دەکرێت بۆ کەسی سێیەمی کۆ، کە لە سەر کۆتایی کردارەکە دەردەکەوێت، بڕوانە (6).

---

2- لەم زارەدا مۆرفیمی /- ك/ی بچوککردنەوە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بە زۆری بەکاردێت ، بۆ نمونە (کچکەك ، کوڕکەك ، ژنك ، جلك...) (عەبدولوەهاب خالید موسا : چاوپێکەوتن: 2015).

1- بۆ مەبەستی ئاسانکردنی واتای هەندێ لە نمونەکان ، بەپێی پێویست ڕستەکان بە کرمانجیی ناوەڕاست (شێوەزاری سلێمانی) لە بەرامبەریاندا دەنوسرێنەوە.

(6) أ- کورِ هاتن .

ب- ئەڤ کورِ هاتن .

پ- مە کورِ دیتن.

لە (6- أ ب)دا فرێزی ناوی (کورِ ، ئەڤ کورِ ) کۆیە، چونکە بەهۆی مۆرفیمی ڕێکەوتنەوە (کلیتیکی بکەری)یەوە، کە لەسەر کۆتایی کردارەکە دەرکەوتووە، دەزانین ناوەکە یان ئەو فرێزە ناوییەی لە (6- أ ب)دا هێڵی بەژێردا هاتووە کۆیە. لەبەرئەوەی ئەو جێکەوتەیەی فرێزەکەی تێدایە جێکەوتەی دۆخ(دۆخی تیان) نییە، مۆرفیمی /- ان/ی کۆی لەسەر دەرناکەوێت، هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا مۆرفیمی کۆ لە سەر ناوێك دەردەکەوێت کە لە دۆخدا بێت، هەروەها لە (6- پ) دا دەرکەوتنی نیشانەی [+ کۆ ]ی فرێزەکە بە مۆرفیمی ڕێکەوتن (کلیتیکی بەرکاری) سپێرراوە کە مۆرفیمی /- ن/ە و لەسەر کۆتایی کردارەکە دەرکەوتووە.

هەروەها مۆرفیمەکانی خستنەپاڵی ( /- ێن/ ، /- ێت/ ، /- ێد/ ) لە فرێزێکی خستنەپاڵدا ئەرکی کۆ و خستنەپاڵیش دەبینن، کاتێك (دەرخراو) کۆ بێت. بڕوانە (7)

(7) أ- کورێت مە زیرەکن.

ب- کچێن وە هاتن.

پ- زانکۆییێد وان دهێنە ئاڤاکرن.

ت- پێشمەرگەیێن مە وەکی چیاییێن کوردستانێ سەربلندن.

## 2-1/2 ) مۆرفیمی خستنەپاڵ

لە کرمانجیی ژورودا مۆرفیمی خستنەپاڵ بەپێی (تاکی نێر و مێ / کۆی نێرومێ)، بە ناوەکەی پێش خۆیەوە دەلکێت، بەم شێوەیە :

(8) مۆرفیمی /- ا/ دەچێتە سەر ناوێکی تاکی مێ، ئەرکی خستنەپاڵ جێبەجێ دەکات، وە بەپێی ناوی دەرخراو دێت، واتە دەلکێت بەناوێکەوە کە خاوەنی نیشانەی [+ تاك ] و [+ مێ ] بێت، واتە مۆرفیمی خستنەپاڵ لەم زارەدا، سەرەڕای ئەرکی خستنەپاڵ، (تاك/کۆ) و توخمی ناوەکەش پیشاندەدات، بڕوانە (9) .

(9) أ- کچا نەسرینێ مامۆستایە.

ب- من دایکا وان دیت.

(10) مۆرفیمی /- ێ/ بە ناوێکی تاکی نێرەوە دەلکێت[1]، واتە دەچێتە سەر ناوێك کە خاوەنی نیشانەی [+ تاك ] و [+ نێر ] بێت ، بڕوانە (11).

1- ئەوڕەحمانی حاجی مارف بۆ ناوێکی نەناسراوکراو بەهۆی مۆرفیمی نەناسراوی /- ەك/ەوە ، بۆ تاکی نێر /- ی/ و بۆ تاکی مێ /- ە/ ی دیاریکردووە ، وەك : کوڕەکی زیرەك ، کچەکە زیرەك ، بڕوانە ئەوڕەحمانی حاجی مارف (1979 : 242- 243)

(11) أ- بابێ ئازادی ئەندازیارە .

ب- من کورێ تە دیت .

هەروەها هەندێك جار وەك کرمانجیی ناوەڕاست مۆرفیمی /- ە/ ی خستنەپاڵ بۆ تاکی نێر و مێ لەم زارەشدا بەکاردێت، لە کاتێکدا دەرخەرەکە نەناسراو بێت، بۆ نمونە بڕوانە (12)

(12) أ- کورە کوردەك هات .

ب- من کچە کوردەك دیت.

مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ بۆ کۆی نێرو مێ لە (13)دا دەخرێنەڕو.

(13) مۆرفیمی ( /- ێن/ ، /- ێت/ ، /- ێد/ )[1] هەرسێ مۆرفیمەکە ، ئەرکی خستنەپاڵ جێبەجێ دەکەن و هەریەکەیان بەپێی شێوەزارەکان بەکارهێنانیان هەیە لەکرمانجیی ژوروداا، لەگەڵ ناوێکی (کۆی نێر یان کۆی مێ)دا بەکاردێن، واتە کاتێك ناوەکە خاوەنی نیشانەی [+ کۆ ] بێت، جیاوازی توخم (نێر و مێ) نامێنێت، بڕوانە (7) .

## 1/2- 3 ) مۆرفیمەکانی دۆخ لە کرمانجیی ژورودا

دۆخ لەم زارەدا دەرکەوتنی بەرچاوی هەیە، کەرەستەکان بەپێی ئەو جێکەوتەیەیان کە جێکەوتەی دۆخە مۆرفیمی تایبەت بە دۆخیان لەسەر دەردەکەوێت، مۆرفیمەکانی دۆخیش لەخوارەوە دەخرێنەڕو، بڕوانە(14).

(14) /- ی/ : بۆ ناوی نێری تاك بەکاردێت ، ناوەکە گشتیی بێت یان تایبەتی ئەم مۆرفیمە وەردەگرێت ، بە مەرجێك لە جێکەوتەی دۆخدا بێت ، وەك (کوڕی ، ئازادی ..)

(15) /- ێ/ : بۆ ناوی مێی تاك بەکاردێت ، وەك (کچێ ، نازدارێ ..)

(16) /- ان/ : بۆ ناوی (نێر/مێ )ی کۆ بەکاردێت ، بەڵام دەبێت ناوەکە نیشانەی [+ گشتی] هەبێت ، وەك (کوڕان ، کچان ..)

کەواتە ئەو ناوەی ئەم مۆرفیمانە وەردەگرێت بەهۆیانەوە ئەو نیشانانەش وەردەگرێت کە لە (17)دا دیاری دەکرێن ، بڕوانە (17) .

---

1- لە زمانی ئاخاوتندا زیاتر (ێت) بەکاردێت بەڵام لەنوسیندا بەزۆری (ێن) بەکاردێت.(عەبدولوەهاب خالید موسا،چاوپێکەوتن: 2015)

بۆ زانیاریی لەبارەی بەکارهێنانیان لەشێوەزارەکانی کرمانجیی ژورودا بەپێی ناوچەکان بڕوانە(صادق بهاءالدین ئامێدی 194-195)

(17)

| ی | ێ | ان |
| --- | --- | --- |
| + تاك | + تاك | + كۆ |
| + نێر | + مێ | ∓ نێر |
| ∓ گشتی | ∓ گشتی | + گشتی |

ئەو مۆرفیمانەی لە (14 و 15) دا خرانەڕو، ئەركی ناسراوی جێبەجێ ناكەن، لەبەر ئەوە بەپێی گریمانەی فرێزی دیارخەری نابنە سەرێكی ڕێزمانی وەك دیارخەرەكان لە كرمانجی خواروداُ، هەرچەندە هەندێك[1] پێیان وایە كە مۆرفیمی دۆخی ڕێزمانی /- ی/ و /- ێ/ لەكرمانجیی ژورودا بەرامبەر (ەكە)ی ناسراوییە لەكرمانجیی خوارودا، بەڵام ئەم ڕایە پەسەند ناكرێ، چونكە ئەم مۆرفیمانە لە هەمو كاتێكدا ناچنەسەر ناو، وەك (كوڕ هات .) ، (من كوڕ دیت .)، هەروەها دەشچنە سەر ناوی تایبەتیش كە خۆیان ناسراون[2] (فەرەیدون عەبدول محەمەد و عادل ڕەشید 2002: 104)، بۆ نمونە (ئازادی نان خوار.)، لەبەر ئەوە جارێكی تر كردنی بەناسراو بێ بەها دەبێت، هەروەها دەشچنەسەر ناوێكی نەناسراو كە بەهۆی مۆرفیمی نەناسراوی /- ەك/ەوە نەناسراوییەكەی دەرخراوە وەك (كوڕەكی نان خوار.)، ئەگەر بە بۆچونی ئەو ڕێزمان نوسانە بێت، كە مۆرفیمی دۆخ ئەركی ناسراوكردن جێبەجێ بكات، ئەوا لەیەك كاتدا دو مۆرفیمی دژبەیەك لەواتادا دەچنەسەر ناوێك واتە ناسراوی و نەناسراوی كە ئەمەش لە زماندا ڕێگەی پێنادرێت، چونكە ناوەكە یان دەبێت ناسراو بێت یان نەناسراو بێت.

ئەو مۆرفیمانەی لە (17)دا خرانەڕو، لە هەمو بارەكانی دۆخدا وەك دۆخی ( Dative, Genative, Accusative , Nominative) لەسەر كەرەستەكان دەردەكەون .

هەروها مۆرفیمەكانی /- ۆ/ بۆ نێری تاك و /- ێ/ بۆ مێی تاك لە دۆخی بانگكردندا دەردەكەون ، بەڵام بەكارهێنانیان لە سنورێكی تەسكدایە، بڕوانە (18).

(18) أ- كوڕۆ ، بخوینە دا سەركەڤی .

---

1- بڕوانە (صادق بهاءالدین ئامێدی 1987: 200) ، وە بشڕوانە (محەمەد طاهر گوهەرزی 1999: 38) ، (جەمال نەبەز 1976: 33) ، (ڤیان سلێمان حاجی 2007 : 67 ، 167)

2- ئەوە ڕای تایبەتیی (د. فەرەیدون عەبدول محەمەد)ە، لەو سەرچاوەیەدا كە ئاماژەی پێدراوە، بڵاو كراوەتەوە ، لەم نامەیەشدا جارێكی تر ئەوە سەلمێنراوە و پشتڕاست كراوەتەوە.

ب- کچێ ، دەرس بخوینە .

### 1/2- 4) دۆخی ڕێزمانی

زاری کرمانجیی ژوروو زارێکی ئێرگەتیف (Ergative)ییە ، لەبەر ئەوە ڕێکەوتن بە دو شێوە دەبێ وەك لە (19- أ ب) دا دەخرێتەڕو .

(19) أ- ئەگەر کرداری ڕستە ڕابردوی تێپەڕ بێت ، بەرکار لەڕوی کەس و ژمارەوە لەگەڵ کرداردا ڕێکدەکەوێت ، بەڵام بکەر لە دۆخی بکەری (Nominative)دا دەبێت ، بڕوانە (20).

(20) تە ئەز دیتم .          (تۆ منت بینی.)

ب- بەڵام ئەگەر کرداری ڕستە ڕانەبردوی تێپەڕ بێت، بکەر لەڕوی کەس و ژمارەوە لەگەڵ کرداردا ڕێکدەکەوێت و بەرکار لە دۆخی بەرکاری (Accusative)دا دەبێت (سەرچاوەی پێشو : 95)، بڕوانە (21).

(21) ئەز تە دبینم .          (من تۆ دەبینم.)

هەروەها ((بەپێی یاساو ڕێساکانی بونی دیاردەی ئێرگەتیف لە زمانەکاندا ڕێکەوتنی کرداری تێنەپەڕ لەگەڵ بکەردا، هەروەها کرداری تێپەڕیش لەگەڵ بەرکاری ڕاستەوخۆدا بە نیشانەی ئێرگەتیڤی دادەنرێت))[1] (فەرەیدون عەبدول محەمەد 2012: 27).

### 1/2- 4- 1 ) جێکەوتەی دۆخ

لەم زارەدا ناکرێت باس لەمۆرفیمەکانی دۆخی ڕێزمانی بکرێت و باس لە جێکەوتەکانی دۆخ نەکرێت، چونکە ناوەکان بەپێی جێکەوتەکەیان لە ڕستەدا کە لە دۆخدابن، مۆرفیمەکانی دۆخیان لەسەر دەردەکەوێت، ئەوانیش لە خوارەوە دەخرێنەڕو.

(22) دۆخی بکەری (Nominative) ، ئەگەر کرداری ڕستەکە ڕابردوی تێپەڕ بێت.

(23) دۆخی بەرکاری (Accusative) ، ئەگەر کرداری ڕستەکە ڕانەبردوی تێپەڕ بێت.

(24) دۆخی دەرخەری/خستنەپاڵ (Genative)، هەر کەرەسەیەك لە دوای مۆرفیمی خستنەپاڵەوە بێت، واتە ببێت بە دەرخەر لە فرێزێکی خستنەپاڵدا، لە جێکەتەی دۆخدا دەبێت.

(25) دۆخی پریپۆزیشنی (Dative)، واتە هەر کەرەسەیەك لەدوای پریپۆزیشنەوە هات لە جێکەوتەی دۆخدادەبێت.

ئەو جێکەوتانەی باسکران هەر کەرەسەیەك لەو جێکەوتانەدا دەربکەوێت دەبێت مۆرفیمی دۆخ وەربگرێت، واتە ئەگەر جێکەوتەکە بە ناو پڕکرایەوە دەبێت مۆرفیمەکانی دۆخ وەربگرێت، جگە

---

1- بشڕوانە (Robyn, C. Friend 1985:3)

لە هەندێ (ناوی پیشە)ی وەك (ئاسینگەر، دەلاك، خەیات ..) دا ، کە لە دۆخی دەرخەریدا وەك لەقەب بەکاردێن و مۆرفیمی دۆخیان لەسەر دەرناکەوێت، بۆ نمونە (ئاسۆیێ دەلاك ، کاوەیێ ئاسینگەر ، بەنازا خەیات..)، یان هەندێ ناوی تایبەتیی شوێن وەك (گۆیژە ، دوکان , هەلکەوت ، هەلگرد ، کۆڕەك...)، وەك (باژارۆکا دوکان ، ئامادەییا هەلکەوت ، چیاییێ کۆڕەك ، شاخا گۆیژە ، زانکۆیا دهۆك ، بازارا گۆیژە... ) ، هەروەها بەهۆی فرە شێوەزاریی ئەم زارەوە پەیوەست بە مۆرفیمی دۆخەوە لە فرێزی خستنەپاڵدا، زۆرجار دو جۆر بەکارهێنان دەبینرێت وەك (کوڕێ کوردەك/کوڕە کوردەك یان کوڕێ کوردەکی/کوڕەکوردەکی ، کچا کوردەك/ کچە کوردەك یان کچا کوردەکێ /کچە کوردەکێ ، چیاییێ کۆرەك/چیاییێ کۆرەکێ) ، ئەم فرێزانە بە فرێزی خستنەپالی تایبەتی ناودەبرێن، کە ناوی دووەم ناوێکی تایبەتییەو تایبەتێتی ناوی دووەم(دەرخەر) گواستراوەتەوە بۆ دەرخراوەکە، لەبەر ئەوە هەمو فرێزەکە نیشانەی [+ تایبەت]ی وەرگرتووە، دەرنەکەوتنی مۆرفیمی دۆخیش لەو شوێنانەدا، دەشێت لەم زارەدا بۆ کالبونەوەی مۆرفیمی دۆخ بگەڕێنرێتەوە.

بەلام ئەگەر بە جێناوێکی کەسیی نەلکاو پڕ کرایەوە دەبێت لە دەستەی (من - مە) بێت، لەم زارەدا دو دەستە(کۆمەڵە) جێناوی کەسیی نەلکاو هەیە، کە لە خشتەی ژمارە (1) دا دەخرێنەڕو[1] .

| دەستەی یەکەم | | | | دەستەی دووەم | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کەس | تاک | کۆ | | کەس | تاک | کۆ |
| یەکەم | ئەز | ئەم | | یەکەم | من | مە |
| دووەم | تو | هون/هوین | | دووەم | تە | وە |
| سێیەم | ئەو | ئەو | | سێیەم | وی/وێ | وان |

**خشتەی ژمارە (1)**

دەستەی دووەم کە دەستەی (من - مە)شی پێدەوترێت، دەکەوێتە جێکەوتەی دۆخەوە، پێشی دەوترێت دۆخی تیان، واتە دۆخەکەی مۆرفۆلۆجییانەیە، ئەم دەستەیە جێناوی لکاوی نییە، توخم لە کەسی سێیەمی تاکدا جیادەکرێتەوە (وی) بۆ نێر و (وێ) بۆ مێ بەکاردێت، هەروەها دەوترێت کە ( (ئەوی ، ئەوێ )ش بەکار دێت، ئەم جێناوانە دەکەونە دۆخی تیانەوە، بەلام دەستەی (ئەز - ئەم) دەکەوێتە دۆخی ڕاستەوخۆوە)(کوردۆیێف 1984: 133، 137).

1- خشتەی ژمارە (1)م بەکەمێك دەستکارییەوە لە (فەرەیدون عەبدول محەمەد و عادل ڕەشید 2002: 96)

**دەستەی یەکەم(ئەز - ئەم) جێناوی لکاوی هەیە بریتین لە(م - ین ، ی - ن ، ∅/ە/ەت/یت - ن) هەر کاتێك بەکاربێن جێناوێکی لکاو بە کۆتایی کردارەکە دەبەخشێت، جگە لە کەسی سێیەمی تاك لەگەڵ کرداری ڕابردوی تێنەپەڕدا کە جێناوی لکاو مۆرفیمی سفرە، ئەم دەستەیە لەو شوێنانەدا بەکاردێن کە دەستەی(من - مە)ی بۆ بەکار نایەت.**

**ئەگەر جێکەوتەی فرێزی ناویی بکەری و بەرکاری لە ڕستەیەکدا جێناوی کەسیی نەلکاو بن، هیچکاتێك لەیەك دەستە نابن، واتە ئەگەر بکەر لە دەستەی (ئەز - ئەم) بێت دەبێت بەرکار لە دەستەی (من - مە) بێت، بڕوانە (26 - أ ب پ).**

**(26) أ- ئەز تە دبینم . (من تۆ دەبینم.)**

**ب- تە ئەز دیتم . (تۆ منت بینی .)**

**پ- وی تو دیتی . (ئەو تۆی بینی.)**

**بەڵام ئەگەر جێکەوتەی دۆخ بە وشەکانی نیشانە پڕکرانەوە واتە جێناوی نیشانە بو، دەبێت لە دەستەی (ڤی/ ئەڤی) بێت، واتە لەو دەستەیەبن کە دەکەونە دۆخەوە[1]، یان ناوێك بەهۆی ئاوەڵناوی نیشانەوە دەرخرابێت، وەك فرێزێك دەکەوێتە جێکەتەی دۆخەوە، وشەکانی نیشانە لە خشتەی ژمارە (2)دا دەخرێنەڕو، بڕوانە خشتەی ژمارە (2) .**

| | أ - جێناوی نیشانە | |
|---|---|---|
| | **تاك** | **کۆ** |
| **نزیك** | **ڤی/ ئەڤی (نێر)** | **ڤان/ئەڤان** |
| | **ڤێ / ئەڤێ (مێ)** | |
| **دور** | **وی/ ئەوی (نێر)** | **وان/ئەوان** |
| | **وێ/ ئەوێ (مێ)** | |

| | ب - ئاوەڵناوی نیشانە | |
|---|---|---|
| | **تاك** | **کۆ** |
| **نزیك** | **ڤی...ی/ئەڤی کوڕی** | **ڤان کوڕان** |
| | **ڤێ کچێ/ئەڤێ کچێ** | **ڤان کچان** |
| **دور** | **وی کوڕی/ئەوی کوڕی** | **وان کوڕان** |
| | **وێ کچێ/ئەوێ کچێ** | **وان کچان** |

**خشتەی ژمارە (2)**

**1- کاتێك باس لە کەرەستەیەك دەکەین کە دەکەوێتە دۆخەوە ، مەبەستمان (دۆخی تیان)ە ، واتە ئەگەر ناو بێت دەبێت مۆرفیمی دۆخی لەسەر دەربکەوێت ، ئەگەر جێناوی نەلکاو بێت دەبێت لە دەستەی (من - مە) بێت ، ئەگەر وشەی نیشانە بێت دەبێت لە دەستەی (ڤی/ئەڤی ....، ڤی کوڕی ، ڤێ کچێ ...) بێت .**

**هەر کاتێك وشەی نیشانە لە جێکەوتەیەکی تردا دەرکەوت، واتە ئەو جێکەوتانە نەبو کە لەسەرەوە خرانەڕو، ئەوە دەبێت لە دەستەکەی تر بێت، کە لە خشتەی ژمارە (3)دا لە خوارەوە دەخرێتەڕو.**

| | | |
|---|---|---|
| | **تاك** | **کۆ** |
| **نزیك** | **ئەڤ ..... ە** | **ئەڤ** |
| **دور** | **ئەو ..... ە** | **ئەو** |

**خشتەی ژمارە (3)**

**بڕوانە (27)**

**(27) أ- ئەڤ کوڕە هات .**

**ب- من ئەو کچە دیتییە .**

**پ- ئەڤ کوڕ هاتن .**

**ت- من ئەو کوڕ دیتن .**

**فۆڕمەکانی ئاوەڵناوی نیشانەی خشتەی ژمارە (2) و (3)ش، ناتوانن لەگەڵ ناوێکدا بەکاربهێنرێن، کە بەهۆی مۆرفیمی /- ەك/ی نەناسراوییەوە نەناسراو کرابێت، چونکە وشەکانی نیشانە، نیشانەی ناسراوی دەدەن بەو ناوەی کە دەستنیشانی دەکەن، لەبەرئەوە لەیەککاتدا ناکرێ دو مۆرفیمی دژبەیەك (ناسراوی و نەناسراوی) لەسەر ناوێك کۆببنەوە، چونکە ڕۆنانەکە ناڕێزمانی دەبێت، بڕوانە (28) و (29) .**

**(28) أ- ٭ ئەز ڤی کوڕەکی دبینم .**

**ب- ٭ ڤێ کچەکێ نان خوار .**

**پ- ٭ ئەز ئەوێ کچەکێ دبینم .**

**(29) أ- ٭ ئەڤ کوڕەك هات .**

**ب- ٭ ئەو کچەك هات .**

**کاتێك ئاوەڵناو لە دۆخی دەرخەریدا دەردەکەوێت ، مۆرفیمی دۆخی لەسەر دەرناکەوێت ، بۆ نمونە بڕوانە (30) .**

**(30) أ- مە کوڕێ زیرەك دیت .**

ب- كچێن جوان هاتن .

پ- ئەم كوڕێن زیرەك دبینین .

هۆكاری دەرنەكەوتنی مۆرفیمی دۆخیش لێرەدا بۆ ئەوە دەگەڕێنینەوە كە مۆرفیمەكانی دۆخ تەنیا تایبەتن بە ناوەوە، هەر لەبەرئەوە لەسەر ئاوەڵناو دەرناكەون، واتە ئاوەڵناو هەرگیز مۆرفیمی دۆخ وەرناگرێ، لە نمونەكانی (30)دا ئەوە دەردەكەوێت كە دەشێ فرێزی خستنەپاڵ لە جێكەوتەی بكەر و بەركاردا دەربكەوێت، واتە مەرج نییە فرێزە خستنەپاڵەكە(دەرخراو+مۆرفیمی خستنەپاڵ + دەرخەر) لەو جێكەوتەیەدا دەربكەوێت كە جێكەوتەی دۆخ بێت، چونكە فرێزی خستنەپاڵ واتە دەستەواژەی دەرخەرو دەرخراویی لە جێكەوتەكانی ڕستەدا، پەیوەندی بە كردارەوە نییە، لەبەر ئەوەی ئەوە حوكمێكی خۆجێیەتییە ئەگەر لە دەرەوەی ڕستەشدا بێت هەر وایە.

**بڕوانە خشتەی ژمارە (4) کە لە خوارەوە خراوەتەڕو، دۆخە ڕێزمانییەکان و مۆرفیمەکانی دۆخ و جێکەوتەی دۆخ و هاتنی ئەو کەرەسانەی لەو جێکەوتانەدا دەردەکەون ڕوندەکاتەوە.**

| ئەوکەرەسانەی کە لەدۆخدا دەردەکەون | دۆخی بکەری (Nominative) | دۆخی بەرکاری (Accusative) | دۆخی دەرخەری (Genative) | دۆخی دوای پریپۆزیشن (Dative) |
|---|---|---|---|---|
| ناو + ی<br>ێ<br>ان | کوڕی/کوڕەکی<br>**کچێ دەرس نڤیسی**<br>ئازادی/نەسرینێ<br>کوڕان<br>کچان | کوڕی<br>**ئەز کچێ دبینم.**<br>ئازادی/نەسرینێ<br>کوڕان<br>کچان | کوڕی<br>**نامە بۆ کچێ هات.**<br>ئازادی/نەسرینێ<br>کوڕان<br>کچان | کوڕی<br>**بابێ کچێ هات.**<br>ئازادی/نەسرینێ<br>کوڕان<br>کچان |
| جێناوی کەسیی نەلکاو<br>من - مە<br>تە - وە<br>وی/ وێ - وان | من<br>مە<br>**تە دەرس نڤیسی.**<br>وە<br>وی/وێ<br>وان | تە<br>وە<br>**ئەز وی دبینم.**<br>وێ<br>وان | من<br>مە<br>**نامە بۆ تە هات.**<br>وە<br>وی/وێ<br>وان | من<br>مە<br>**بابێ تە هات.**<br>وە<br>وی/وێ<br>وان |
| **وشەی نیشانە**<br>ڤی/ئەڤی/ڤی کوڕی<br>ڤێ/ئەڤێ/ڤێ کچێ<br>وی/ئەوی/وی کوڕی<br>وێ/ئەوێ/وێ کچێ<br>ڤان/ئەڤان/ڤان کوڕان<br>وان/ئەوان/وان کچان | ڤی/ڤی کوڕی<br>ڤێ/ڤێ کچێ<br>وی/ئەوی کوڕی<br>**وێ دەرس نڤیسی.**<br>ڤان کوڕان/ڤان کچان<br>ئەڤان/ ئەڤان کوڕان<br>وان کوڕان<br>وان کچان | ڤی/ڤی کوڕی<br>ڤێ/ڤێ کچێ<br>وی/ئەوی کوڕی<br>**ئەز وێ کچێ دبینم**<br>ڤان کچان<br>ڤان کوڕان<br>وان کوڕان<br>وان کچان | ڤی/ڤی کوڕی<br>ڤێ/ڤێ کچێ<br>وی/ئەوی کوڕی<br>**نامە بۆ وێ هات.**<br>ڤان کچان<br>ڤان کوڕان<br>وان کوڕان<br>وان کچان | ڤی/ڤی کوڕی<br>ڤێ/ڤێ کچێ<br>وی/ئەوی کوڕی<br>**بابێ وێ کچێ هات.**<br>ڤان کچان<br>ڤان کوڕان<br>وان کوڕان<br>وان کچان |

**خشتەی ژمارە (4)**

**دەبێت ئەوە لە یاد نەکرێت کە هەردو کرداری ناوێزە/شازی (هەبون)ی خاوەنێتی و کرداری (ڤیان)، کەرەسەکان لەگەڵیاندا لە دۆخی بکەریدا بەکاردێن، لە ڕابردو و ئێستا و داهاتودا. بڕوانە (31) و (32) .**

(31) أ- من/مە پول[1] هەبون .　　　(من پارەم هەبو .)　بۆ ڕابردو

ب- من پول هەن.　　　(من پارەم هەیە .)　بۆ ئێستا

پ- من پول دێ هەبن/هەبتن.　　　(من پارەم دەبێت .) بۆ داهاتو

(32) أ- من خانی ڤیا.　　　(من خانوم ویست .) بۆ ڕابردو

ب- من خانی دڤێ.　　　(من خانوم دەوێت .) بۆ ئێستا

پ- من خانی دێڤێ .　　　(من خانوم دەوێت .) بۆ داهاتو

لە (31) و (32)دا، ئەو کەرەسانەی کە لە خشتەکەدا بۆ جێکەوتەی دۆخ خرانەڕو، دەشێ لە جێی (من/مە) لەگەڵ هەردو کرداره ناوێزەکەدا بەکار بهێنرێن، هەروەها وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەگەر بەرکار کۆ بێت مۆرفیمی ڕێکەوتنی /-ن/ی کۆ دەچێتە سەر کۆتایی کردارەکە، واتە بەرکار لە ڕوی کەس و ژمارەوە لەگەڵ کرداردا ڕێدەکەوێت، بۆ نمونە بڕوانە (33).

(33) أ- مە سێ خانی هەبون .

ب- وە سێ خانی دڤێن .

پ- ئازادی سێ خانی دڤێن .

ت- ڤان کوڕان سێ خانی دێڤێن .

## 2/2 ) چەشنەکانی فرێز

ئەو یاسایانەی بۆ ڕۆنانی چەشن و جۆرەکانی فرێزەکان لە زاری کرمانجیی ناوەڕاست (شێوەزاری سلێمانی)دا دەستکەوتن، بەسەر زاری کرمانجیی ژورودا تاقیدەکرێنەوە، بۆ دەستکەوتنی یاساکانی ڕۆنانی فرێز لەم زارەدا و دەستکەوتنی هاوبەشی و جیاوازییەکان لە هەردو زارەکەدا، کە لە بەشی سێیەمدا دەخرێنەڕو.

### 2/2- 1 ) فرێزی ناوی (NP)

فریزی ناوی لە سادەترین شێوەیدا لەناوێك پێکدێت، دەشێ ناوێکی تایبەتی یان جێناوێك بێت، یان ناوێکی گشتیی بێت بەهەمان ئەو مەرجەی کە لە (1-1-1-3/1 ) بەشی یەکەمدا خرایەڕو، بڕوانە (34) کە ڕۆنانی فرێزێکی ناویی سادە دەخاتەڕو .

(34)　$(N' \longleftarrow N)$

1- لەبەرئەوەی (پول) هەمیشە لە زاری کرمانجیی ژورودا بە کۆ ئەژماردەکرێت ، لەبەرئەوە (ن)ی مۆرفیمی ڕێکەوتن لەسەر کۆتایی کردارەکە دەردەکەوێت.

### 2/2- 1- 1 ) جۆرەکانی فرێزی ناوی

فرێزی ناوی لە ڕوی ڕۆنانەوە دەکرێت بە دو جۆری سەرەکییەوە ، کە ئەوانیش فرێزی ناوی سادە و فرێزی ناوی نادادەن .

### 2/2- 1- 1- 1) فرێزی ناویی سادە

مەبەست لە فرێزی ناویی سادە ئەوەیە کە سەری فرێزە ناوییەکە ناوێکە یان جێناوێکە ، بڕوانە ( 1-1-1-3/1 )ی بەشی یەکەم ، هەروەها بڕوانە (35) ، (36) ، (37) ، (38) ی ئەم بەشە .

(35) أ- ڤاناس هات.

ب- ئەز ئازادی دبینم .

(36) أ- من تو دیتی .      (من تۆم بینی .)

ب- ئەز تە دبینم .      (من تۆ دەبینم.)

پ- ڤێ نان خوار .      (ئەم کچە نانی خوارد .)

(37) أ- شێر ئاژەلەکێ گوشتخۆرە.

ب- پیشمەرگە ژ مرنێ ناترسیت .   (پێشمەرگە لە مردن ناترسێت .)

پ- ئاڤ د پلا سفرێدا دجەمدیت .   (ئاو لە پلەی سفردا دەیبەستێت . )

(38) أ- شەرم بۆ مرۆڤی پێتڤییە .      (شەرم بۆ مرۆڤ پێویستە .)

ب- ترس مرۆڤی ژناڤ دبەت .      (ترس مرۆڤ لەناو دەبات .)

هەروەها بڕوانە (1) ، (8) ، (9)ی بەشی یەکەم

لە هێڵکاریی (1)دا ڕۆنانی فرێزی ناویی سادە دەخرێتەڕو.

N'

|

N

(ناوی تایبەتیی کەس)[ت]

(ناوی گشتیی کۆنکرێت و ئەبستراکت بە قورسایی خستنەسەر)

(جێناوی سەربەخۆ(کەسی جودا ، جێناوی نیشانە ، جێناوی پرس..)

هێڵکاری ژمارە (1)

1- هێڵکاریی (1)م بە کەمێك دەستکارییەوە لە (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف 2010:43)وەرگرتووە .

**2/2- 1- 1- 2) فرێزی ناویی ناسادە**

**مەبەست لە فرێزی ناوی ناسادە واتە فراوانکردنی فرێزی ناوییە لە ڕێی دەرخەرەکانی پێشەوە، یان لەڕێی دەرخەرەکانی دواوە بە یارمەتی مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ کە فرێزی خستنەپاڵ بەرهەمدەهێنن، بەئەنجام دەگەیەنرێت.**

**سێ جۆری سەرەکی لەفرێزی ناویی خستنەپاڵ جیادەکرێتەوە، ئەوانیش:(خستنەپاڵی خاوەنێتی/خاوەندارێتی، خستنەپاڵی گشتی، خستنەپاڵی تایبەتی)ن، لە خستنەپاڵی خاوەندارێتیدا ناوی دووەم(دەرخەر) خاوەنی ناوی یەکەمە(دەرخراو)، دەشێ دەرخەر ناوێك یان جێناوێکی کەسیی نەلکاو لەدەستەی (من - مە)بێت، لەبەر ئەوەی لەم زارەدا جێناوی کەسیی لکاوی خاوەندارێتی نییە، ئەرکی خاوەندارێتی بەمۆرفۆسینتاکس جێبەجێ ناکرێت، لەبەرئەوە خستنەپاڵی خاوەندارێتی لەڕێی ڕۆنانی سینتاکسییەوە بە دەستە جێناوی نەلکاوی (من - مە) جێبەجێ دەکرێت. بڕوانە (39) ، (40) ، (41).**

**(39) أ- چاڤێ من**

**ب- دەستێ تە(تر)**

**پ- دلێ وە**

**ت- چاڤەکێ من**

**(40) أ- چاڤێ ئازادی**

**ب- دلێ نەسرینێ**

**پ- کتێبا ڤاناسێ**

**ت- دەستەکێ ڤاناسێ**

**(41) أ- حیلێنا هەسپی (حیلەی ئەسپ)**

**ب- قەپقەپا کەوێ (قاسپەی کەو)**

**پ- چیپچیپا چیچکێ (جریوەی چۆلەکە)**

**فرێزی خستنەپاڵ یاساکەی لە (42) دا دەخرێتەڕو.**

**(42) أ- $N + [det + N]$ ⟵ فرێزی خستنەپاڵی خاوەندارێتی ، بۆ نمونەی ئەم یاسایە بڕوانە (39- أ ب پ) ، (40 - أ ب پ) ، (41 - أ ب پ).**

**ب- $N + [det + D']$ ⟵ فرێزی خستنەپاڵی خاوەندارێتی، بڕوانە (39 ت)، (40 ت)**

---

1- بۆ جیاکردنەوەی ناوی نێر و مێ لە زاری کرمانجیی ژورودا بڕوانە (صادق بهاءالدین ئامێدی 1987 : 176- 179)

له خستنەپاڵی گشتیدا ناوێکی گشتی دەبێتە دەرخەری فرێزە ناوییەکە، یان ناوێکی پیشە دەبێتە دەرخەر، بڕوانە (43).

(43) أ- ئاسۆیێ دەلاك

ب- کاوەیێ ئاسینگەر

پ- بەنازا خەیات

یاسای ئەم جۆرە خستنەپاڵەش لە (44)دا دەخرێتەڕو.

(44) N +[det + N] ⟵ فرێزی ناویی خستنەپاڵ

بەڵام لە خستنەپاڵی تایبەتیدا ناوی تایبەتیی شوێن دەبێتە دەرخەر کە ناوی دووەمە ، تایبەتێتی دەرخەر بەهۆی مۆرفیمی خستنەپاڵەوە بە دەرخراوەکە دەدرێت، بەمەش فرێزە خستنەپاڵەکە نیشانەی [+ تایبەتی] وەردەگرێت ، بڕوانە (45)

(45) أ- باژارۆکا دوکان

ب- ئامادەییا هەلکەوت

پ- چیایێ کۆڕەك

دەشێ هەمان یاسای (44) بۆ نمونەکانی (45) واتە بۆ خستنەپاڵی تایبەتی بخرێتەڕو، بڕوانە (46).

(46) N +[det + N] ⟵ فرێزی ناویی خستنەپاڵ

یاساکانی (42 أ) و (44) و (46) هەمان یاسان ، بەڵام جیاوازییان لە دەرخەرەکەدا هەیە، وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا دەرخەر لە (43) و (45) دا مۆرفیمی دۆخی لەسەر دەرناکەوێت، بەمەش خۆیان لە خستنەپاڵی خاوەندارێتی جیادەکەنەوە.

## 2/2- 1- 2) دەرخەرەکانی فرێزی ناوی

### 2/2- 1-2- 1) دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی ناوی - Pre-head Specifier

بڕوانە ( 1-4-1-3/1 )ی بەشی یەکەم

1) تاکبەندەکان : بڕوانە (47) .

(47) أ- هەر کچ دکەڤن.

ب- تنێ کوڕی دبینم.

پ- تنێ ئازاد هاتەدیتن.

ت- هەر نەسرینێ ببینن .

2) وشەی نیشانە[1] : فۆڕمەکانی ئاوەڵناوی نیشانە لە خشتەی ژمارە (2) و فۆڕمەکانی خشتەی ژمارە (3) دەبن بە دەرخەری پێشەوەی سەری فرێزی ناوی ، بڕوانە (48) .

(48) أ- ڤی کوڕی نان خوار . (ئەم کوڕە نانی خوارد .)

ب- وێ کچێ چێل دۆت . (ئەو کچە مانگای دۆشی .)

پ- ڤان کوڕان ژن ئینایە . (ئەم کوڕانە ژنیان هێناوە .)

ت- ئەڤ خویندکارە دهێتە دیتن . (ئەم خوێندکارە دەبینرێ .)

ج- ئەو کچە دۆتماما منە . (ئەو کچە ئامۆزای منە.)

چ- ئەو کوڕ هاتن . (ئەو کوڕانە هاتن .)

3) ژمارە : بڕوانە (49)

(49) أ- من دو کاڤر ڤەکوشتن. (من سێ کاوڕم سەربڕی.)

ب- وی چار خانی ل دهۆکێ فرۆتن. (ئەو چوار خانوی لە دهۆك فرۆشت.)

پ- سێ نامە بۆ وان هاتنە هنارتن . (سێ نامە بۆ ئەوان نێرران.)

ت- وان چارپێنج زەڤی ل دهۆکێ هەنە . (ئەوان چوارپێنج زەوییان لە دهۆك هەیە.)

لە (49) دا هەمو ژمارەکان ژمارەی بنجین و بەبێ مۆرفیمی خستنەپاڵ بون بە دەرخەری پێشەوەی فرێزە ناوییەکان، سەری فرێزە ناوییەکان لە (49)دا خاوەنی نیشانەی [+ کۆ]یە، بەڵام ژمارەی تەرتیبی(پلەیی) بەشێوەیەکی چالاك دەبێتە دەرخەری دواوەی فرێزی ناوی[2]، (ژمارەی کەرت)یش دەبێتە دەرخراو لە فرێزێکی خستنەپاڵدا، بڕوانە(50)

(50) أ- چاریەکا زەڤیا خو دێ دەمە تە. (چواریەکی زەوییەکەی خۆم دەدەم بە تۆ.)

ب- نیڤا پەرتوکێن من بەزر بون . (نیوەی کتێبەکانی من ون بون.)

---

1- بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی وشەی نیشانەوە بڕوانە (کوردستان موکریانی 1980: 242- 244)

2- صادق بهاءالدین ئامێدی باوەڕی وایە کە ژمارەی پلەیی لە کرمانجیی ژورودا هەر دەکەوێتە پێش ژمێرراوەکەوە ، بۆ نمونە (یێ هەشتێ خانیێ نەسرینێ یە.) . بڕوانە (صادق بهاءالدین ئامێدی 1987: 286).

4) ڕادە (هەمی ، گشت ، هندەك ، پیچەك...) بڕوانە (51).

(51) أ- هەمی خوێندكار هاتن .

ب- هندەك كوڕ هاتن .

پ- هەمی كچ هاتینە . (هەمو كچەكان هاتون.)

ت- پیچەك نان بئینە . (تۆزێك نان بهێنە .)

5) وشەی پرس (ئاوەڵناوی پرس) : بڕوانە (52)

(52) أ- كیژ مرۆڤ ب سەر چیای كەت؟

ب- كیژ كەس بو دەرگەه ل مە گرتی؟ (كام كەسە بو دەرگای لێگرتین؟)

پ- ئەو چ كەسە ل دیوانێ ڕونیشتی؟ (صادق بهاءالدین ئامێدی 1987: 254).

ت- كیهان كچ نەهاتییە؟

ج- كیش هەسپ ژ هەمیا خێراترە ؟

چ- چەند مێڤان هاتن؟

6) ناوی ئاوەڵكرداری : بڕوانە (53)

(53) أ- سەر چیایێ كورەكی دبینم .

ب- بن بەری بكولە .

7) بریناو : بڕوانە (54) .

(54) أ- مامۆستا ئازاد هات .

ب- شێخ ئەحمەد خارزایێ منە.

پ- سوڵتان موزەفەر ل هەڤلێری ڕودنیشت . (سوڵتان موزەفەر لە هەولێر دادەنیشت.)

دەشێ چەند دەرخەرێك بەیەكەوە بچنە سەر فرێزێكی ناوی ، بەڵام سەرەو ڕیزبونیان لەخۆوە نییە بەڵكو یاسا بەندە ، بۆ نمونە بڕوانە (55).

(55) أ- هەر ئەڤ دو كورە هاتن .

ب- تنێ ئەو سێ خویندكارە نەهاتینە .

واتە ڕیزبونیان بەو شێوەیەیە كە لە (56)دا دەخرێتەڕو.

(56) ( تاکبەندەکان + وشەی نیشانە + ژمارە + سەر )

کەواتە ڕێگە بە ڕۆنانێکی وەك (57) نادرێت ، بڕوانە (57).

(57) أ- * دو هەر ئەڤ کوڕە هاتن .

ب- * ئەڤ دو هەر کوڕە هاتن.

پ- * سێ ئەو تنێ خویندکارە هاتن.

بەڵام ئەگەر دو دەرخەری وەك ڕادە و وشەی نیشانە ببنە دەرخەر بۆ سەری فرێزە ناوییەکە، ئەوا دەشێ ڕادەو ئاوەڵناوی نیشانە پێش و پاش بخرێن، بەڵام فرێزەکە هەمان واتای نابێت و واتاکەی دەگۆڕێت، بۆ نمونە بڕوانە (58).


(58) أ- هەمی ئەڤ زەڤییە (هەمو ئەم زەوییە)

ب- ئەڤ هەمی زەڤییە (ئەم هەمو زەوییە)

لە (58- أ)دا فرێزەکە بە واتای (یەك پارچە زەوی)، بەڵام لە (58- ب) دا بەواتای (چەند پارچە زەوییەك) لێکدەدرێتەوە، کەواتە پاش و پێش پێکردنی چەند دەرخەرێکی پێشەوە وەك (ڕادە و ئاوەڵناوی نیشانە)، گۆڕان لە واتادا دەهێنێتە کایەوە، بەڵام لە ڕۆناندا وەك یەکن، واتە (58- أ ب) هەمان ڕۆنانیان هەیە بە دو واتای جیاوازەوە، بڕوانە یاسای (59) کە ڕۆنانی (58- أ ب) دەخاتەڕو.

N' + Specifier (59)

بڕوانە هێڵکاری ژمارە (2) کە شوێنی (Spec)لە فرێزی ناویدا دەخاتەڕو.




هێڵکاریی ژمارە (2)

## 2/2- 1-2-1- 1) دەرخەرەکانی دواوەی فرێزی ناوی  Post-head modifier

**دەرخەرەکانی دواوەی فرێزی ناوی بەیارمەتی مۆرفیمی خستنەپاڵ ئەرکی دەرخەری فرێزێکی ناوی دەبینن و فرێزە ناوییەکەش دەبێتە دەرخراو لە فرێزە خستنەپاڵەکەدا .**

**بڕوانە ( 2-4-1-3/1 )ی بەشی یەکەم**

**1) ناو: بڕوانە (60)**

**(60) أ- بابێ ڤاناسێ ماموستایە .**

**ب- دایکا ئازادێ ئەندازیارە .**

**پ- کوڕێ بارامی هات .**

**چاوگەکانیش لە کرمانجیی ژورودا هەمیشە بە ناوی مێ دادەنرێن[1]، لەبەر ئەوە لە فرێزێکی خستنەپاڵدا کاتێ ئەرکی دەرخەری دواوەی فرێزەکە دەبینن، مۆرفیمی /- ێ/ ی دۆخ بۆ مێ وەردەگرن، بڕوانە (61).**

**(61) أ- کارەساتا مرنێ**

**ب- ژەما خوارنێ**

**پ- ژورا نڤستنێ**

**وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا (ناوی پیشە)ش دەبێتە دەرخەری دواوەی فرێزی ناوی ، بڕوانە (43 - أ ب پ)**

**2) ئاوەڵناو: بڕوانە (62) .**

**(62) أ- ئەم کوڕێ زیرەك دبینین.**

**ب- کوڕێ چاڤ ڕەش هات .**

**پ- کچا گولڕو خۆ بۆ گۆڤەندێ ئامادەکر .**

**3) جێناو (جێناوی کەسیی جودا (سەربەخۆ))**

**لەکرمانجی ژورودا ئەو دەستە جێناوەی ئەرکی دەرخەری فرێزێکی ناوی دەبینێت ، جێناوی کەسیی نەلکاوی دەستەی (من - مە)یە ، کە لە خشتەی ژمارە (1) دا خرایەڕو ، لەم زارەدا جێناوی کەسیی لکاوی خاوەندارێتی نییە وەك دەستە جێناوی لکاوی (م - مان) لە کرمانجیی ناوەڕاستدا ،**

---

1- بڕوانە (صادق بهاءالدین ئامێدی 1987: 177)

که ئەرکی خاوەنداریێتی جێبەجێ بکات، لەبەر ئەوە ئەرکی خاوەنداریێتی لەم زارەدا بەمۆرفۆسینتاکس جێبەجێ ناکرێت، واتە خستنەپاڵی خاوەنداریێتی لە ڕێی ڕۆنانی سینتاکسییەوە بە دەستە جێناوی نەلکاوی (من - مە) جێبەجێ دەکرێت. بڕوانە (63)

(63) أ- کچا من هات .                    ب- کچا وە نەخۆشە.

پ- چاڤێ من ڕەشە .               ت- کوڕێ وان دهێتە سەرکەفتن.

4) وشەی نیشانە:

وشەی نیشانە دەبن بە دەرخەری دواوەی فرێزێکی ناوی ، ئەو دەستەیەش کە ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکات دەبێت لە دەستەی (ڤی/ئەڤی) بێت ، کە لە هێڵکاری ژمارە (2)دا خرانەڕو .

(64) أ- بابێ ڤی ئەندازیارە .

ب- دایکا ڤێ هات .

پ- پەرتوکا ڤان دهێتە پەخش کرن .

ت- کچا وی نان دخوار .

لە بەشی یەکەمی ئەم نامەیەدا ئەوە خرایەڕو ، کە وشەی نیشانە(جێناوی نیشانە) کورتکراوەی فرێزێکە ، لێرەشدا بەهەمان شێوە ئەوەی لە (64) دا خرایەڕو دەشێ لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بەم شێوەیە بێت کە لە (65- أ ب) دا دەخرێتەڕو.

(65) أ- بابێ ڤی کوڕی ئەندازیارە .

ب- دایکا ڤێ کچێ هات.

پ- پەرتوکا ڤان کوڕان دهێتە چاپ کرن .

ت- کچا وی زەلامی نان دخوار .

5) جێناوی خۆیی: بڕوانە (66)

(66) أ- وێ ب دەستێ خۆ نامە داڤ من .        (ئەو بەدەستی خۆی نامەکەی دا بە من .)

ب- ئەز بابێ خۆ دبینم .

پ- ئازادی کچا خۆ هنارتە زانکۆیا ڕاپەڕینێ .

ت- ڕەزڤانی ڕەزێ خۆ ئاڤدایە .

6) جێناوی نادیار : بڕوانە (67)

(67) أ- هەسپێ کابرای هاتەدزین .

ب- ئەز دێ کوڕێ کابرای بینم .

**پ- ئەز كچا فلانی ناس دکەم .**

**7) وشەی پرس : بڕوانە (68).**

**(68) أ- کورێ کێ هاتە شەهیدکرن ؟**

**ب- تە دیارییەکا چاوا بۆ ئازادی هنارت[1] ؟**

**8) ژمارە :**

**وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ژمارەی پلەیی (تەرتیبی) دەبێتە دەرخەری دواوەی فرێزی ناوی، بڕوانە (69) .**

**(69) أ- دکتۆرێ دویێ ژ زانکۆیا سلێمانیێ دەرچویە. (دکتۆری دووەم لەزانکۆی سلێمانی دەرچووە).**

**ب- خانییا دەهێ (دەیێ) مالا مەیە .    (خانوی دەیەم ماڵی ئێمەیە .)**

**پ- قوتابییا ئێکێ (یەکێ) دهێتە خەلاتکرن .    (قوتابیی یەکەم خەڵاتدەکرێت .)**

**9) ڕستەی شوێنکەوتو (پاڕستە) بڕوانە (70).**

**(70) أ- ئەو کچا کو دچیتە هەڤلێرێ ، دۆتماما منە .   (ئەو کچەی کە دەچێتە هەولێر ئامۆزامە).**

**ب- ئەڤ پەرتوکا کو لسەر مێزێیە ، یا منە .    (ئەو کتێبەی کە لەسەر مێزەکەیە هیی منە.)**

**پ- ئازاد ، کو هەڤالێ من بو ، مر .    (ئازاد ، کە هاوڕێم بو مرد .)**

## 2-2/2 ) فرێزی دیارخەری (Determiner Phrase)

**بڕوانە (2-3/1) ی بەشی یەکەم .**

**لە بەشی یەکەمدا و لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا بە وردیی ڕۆنانی فرێزی دیارخەریمان خستەڕو و یاساکانیمان دارشت، لە زاری کرمانجیی ژوروشدا فرێزی دیارخەری لە چەند ڕۆنانێکی جیاوازدا خۆی دەنوێنێت، کە لە خوارەوە دەخرێنەڕو، بڕوانە (71) .**

---

1- لەبەر فرەیی شێوەزارەکانی کرمانجیی ژورو و نەبونی ستانداردێك ، جیاوازی لە دەربڕینی فرێز و وشەو مۆرفیمەکاندا هەیە لە شێوەزارێکەوە بۆ شێوەزارێکی تر و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر لەم زارەدا ، بۆ نمونە (هنارت / هنارد) بەکار دەهێنرێن و ( کی / کێ ) ، (خوارن / خارن) ، (کوڕە کورد / کوڕێ کورد ) ، (باژار / باژێر) ، (خوینکار / خویندکار / خوێندکار/ خینکار/خیندکار/ قوتابی) ، (دەهێ/دەیێ) ، هەروەها (شتی / شمتی/ زەبەش) بۆ (شوتی) بەکاردەهێنرێن .

(71) Det + N ← فرێزی دیارخەری

مۆرفیمەکانی /- ەك /ی نەناسراوی و /- ان/ی کۆ، کە لە (3/1 -1 -1)دا ڕونکرانەوە، دەبن بە سەری ڕێزمانیی فرێزەکە و جێکەوتەی (Determiner) پڕدەکەنەوە، بەڵام دەبێت ناوە دیارخراوەکە ناوێك بێت کە هەڵگری نیشانەی [+ گشتی] بێت، کاتێك ئەو مۆرفیمانە وەردەگرێت، فرێزی دیارخەری بەرهەمدێنێت. بۆ نمونە بڕوانە (72).


(72) أ - من دەفتەرەك کڕی .

ب- کوڕەك هات .

پ- کچان هاتن .

ت- رویقی مریشکان دخوەت . (ڕێوییەکە مریشکەکان دەخوات.)


بڕوانە هێڵکاری ژمارە (3) .




هێڵکاری ژمارە (3)

دەشێ (N) لە یاسای (71) دا فرێزێکی ناوی بێت، دواتر بۆ پڕۆژەی ناوەندی کە ('N)ەو دواتریش بۆ (N) کەرەسەی فەرهەنگی دابەش دەبێت، چونکە دۆخی ڕێزمانی بە فرێز دەدرێت نەك بە وشە. کەواتە ناوە گشتییەکان بە سینتاکس لە جێکەوتەی فرێزەکاندا دەردەکەون، لە لایەکی تریشەوە ناوە گشتییەکان، دەبن بە کەرەسەی بەرایی فرێزە دیارخەرییەکان و لەناو ڕۆنانی ئەو فرێزەدا جێکەوتەی تەواوکەر پڕدەکەنەوە، بەوەش دیارخەرەکانیان دەردەکەوێت و جێکەوتەی خۆی پڕدەکاتەوە و دەبێتە سەری ڕێزمانی و دروستکەری پڕۆژەی فرێزەکە .

بڕوانە هێڵکاری ژمارە (4).




هێڵکاری ژمارە (4).

لە (2/1- 1- 1)دا ئەوە ڕونکرایەوە کە لەم زارەدا مۆرفیمی ناسراویی نییە، بەڵکو لە ڕێگەی سەلیقەی زمانییەوە هەست بە ناسراویی ناوێکی گشتی دەکرێت، لە کاتێکدا مۆرفیمی نەناسراوی نەچوبێتەسەر، بڕوانە (73)

(73) أ- کوڕ هات .                (کوڕ/کوڕەکە هات .)

ب- من کوڕ دیت .          (من کوڕ/کوڕەکەم بینی .)

کەواتە لە (73) دا (کوڕ) فرێزێکی ناوییە و نابێتە فرێزێکی دیارخەری، بەڵام لە واتادا (کوڕ)ی کرمانجیی ژورو بەرامبەر (کوڕەکە) ی کرمانجیی ناوەڕاست دەوەستێت، واتە لە واتادا بەرامبەر فرێزێکی دیارخەری دەوەستێتەوە نەك لە ڕۆناندا، بەڵام لە ڕۆناندا هەر فرێزێکی ناوییە، هەر ئەمەشە وایکردووە، کە هەندێ لە ڕێزمان نوسان[1] وەك خۆی ڕاستییەکە نەپێکن، مۆرفیمەکانی دۆخ کە لە (14و15) ی (2/1- 3)دا خرانەڕو، ئەرکی ناسراوکردن جێبەجێ ناکەن، لەبەر ئەوە بەپێی گریمانەی (DP) نابن بە سەرێکی ڕێزمانی وەك دیارخەرەکان، هەرچەندە وەك پێشتر

1- بڕوانە (ڤیان سلێمان حاجی (نامەی دکتۆرا) 2007: 63) ، (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف 2010: 121)

ئاماژەی پێدرا هەندێك[2] پێیان وایە کە مۆرفیمی دۆخی ڕێزمانی /- ی/ و /- ێ/ لە کرمانجیی ژوورودا بەرامبەر (ەکە) ی ناسراویی کرمانجیی خوارو دەوەستنەوە، بەڵام ئەم ڕایە پەسەند ناکرێ و ڕاستییەکەیان نەپێکاوە، چونکە ئەم مۆرفیمانە لە هەموو کاتێکدا ناچنە سەر ناو[3] ، وەك :

(کوڕ هات .) ، (من کوڕ دیت .)

هەروەها دەشچنە سەر ناوی تایبەتیش کە خۆیان ناسراون وەك:

(ئازادی نان خوار .) ، (شیرینێ چێل دۆشی.)

ڕۆنانێکی تری فرێزی دیارخەریی ئەوەیە کە مۆرفیمی خستنەپاڵ دەبێت بە سەری دیارخەری (DP) و تەواوکەرێك بۆخۆی هەڵدەبژێرێت ، ئەم فرێزەش سەربەخۆ بەکارهێنانی سینتاکسیی نییە و بەردەوام لەناو فرێزێکی خستنەپاڵدا دەشکێتەوە ، بڕوانە (74 ).

(74) أ- det + N ⟵ فرێزی دیارخەری بڕوانە (75)

ب- det + D' ⟵ فرێزی دیارخەری بڕوانە (76)

(75) أ- بابێ کوڕان هات .

ب- کچا ئازادی زیرەکە .

پ- کوڕێن مە زیرەکن .

(76) أ- کوڕەکێ ئازادی هات .

ب- کچەکا تە نان کر .


بڕوانە هێڵکاری ژمارە (5) ، کە (74- أ) و (75- أ ) ڕووندەکاتەوە .

هەروەها بشڕوانە هێڵکاری ژمارە (6) ، کە یاسای (74- أ ب) و نموونەی (75- ب پ) و (76- أ ب) ڕووندەکاتەوە .


---

2- بڕوانە (صادق بهاءالدین ئامێدی 1987: 200) ، وە بشڕوانە (محەمەد طاهر گوهەرزی 1999: 38) ، (جەمال نەبەز 1976: 33) ، (ڤیان سلێمان حاجی 2007 : 67 ، 167)

3- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (2/1-3) ، لەوێدا ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە دانانی مۆرفیمی دۆخی ڕێزمانیی لە کرمانجیی ژوورودا بەرامبەر /- ەکە/ ی ناسراویی لە کرمانجیی ناوەڕاستدا ناپەسەندە .




هێڵکاری ژماره (5)




هێڵکاری ژماره (6)

**لە هێڵکاریی ژمارە (5) و (6) دا دەردەکەوێت ، کە ئەو فرێزە دیارخەرییەی بەهۆی مۆرفیمی خستنەپاڵەوە دروست دەبێت لەناو فرێزێکی خستنەپاڵدا دەشکێتەوە و جێکەوتەی تەواوکەر پڕدەکاتەوە ، لە هێڵکاریی (5)دا فرێزە دیارخەرییەکە لەناو فرێزێکی دیارخەریی تردا شکاوەتەوە و سەری فرێزە خستنەپاڵەکەش دیارخەرێکە ، بەڵام لە هێڵکاریی (6)دا فرێزە دیارخەرییەکە کە (N'/D')ێکی وەك تەواوکەر بۆ خۆی هەڵبژاردووە ، لەناو فرێزێکی خستنەپاڵی ناویدا شکاوەتەوە و جێکەوتەی تەواوکەری پڕکردووەتەوە و سەری فرێزە خستنەپاڵەکەش ناوێکە .**

**ڕۆنانێکی تری فرێزی دیارخەری لە (77)دا دەخرێتەڕو .**

(77) Det + sub phrase ⟵ **فرێزی دیارخەری**

**دەستەواژیلەکان (sub phrase) ئەوانەی لەگەڵ (Determiner)دیارخەرێکدا فرێزی دیارخەری بەرهەمدێنن لە زاری کرمانجیی ژورودا لەم ڕونانانەی خوارەوەدا دیاریدەکرێن :**

(78) N +[det + N] ⟵ **دەستەواژیلەی ناویی سینتاکسی ، بڕوانە (79)**

**(79) أ- دیرۆکا باژێری (مێژوی شار)**

**ب- قوتابخانا ناوەندیی (قوتابخانەی ناوەندی)**

**پ- تپلا دەستی (پەنجەی دەست)** (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف 2010: 122)

(80) N +[det + N] ⟵ **دەستەواژیلەی ناوی ، بڕوانە (81)**

**(81) أ- کوڕێ کورد / کوڕە کورد (کوڕە کورد )**

**ب- کچا کورد / کچە کورد (کچە کورد)**

**بەڵام لەم زارەدا دەستەواژیلەی ئاوەڵناوی نابێتە دیارخراو(تەواوکەر) ی فرێزی دیارخەری ، بەڵکو دەبێتە فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی وەك :**


**(کوڕێ زیرەك ، کچا جوان ، پێشمەرگەیێن ئازا ...) ئەم دەستەواژیلانە، هەڵسوکەوتی هەمان ناویان هەیە ، کە لە (71)دا دیاریکرا، بە هەمان شێوە بەهۆی دیارخەرەکانەوە دەکرێن بە فرێزی دیارخەری. بڕوانە (82).**

**(82) أ- کوڕەك ، کوڕان**

**ب- ئەز دیرۆکا باژێرا(ن) ڤەدنڤیسم . (من مێژوی شارەکان دەنوسمەوە .)**

**پ- کوڕە کوردەك هاتەدیتن . ( کوڕەکوردێك بینرا .) ، ت- کچە کوردەك هات .**

بڕوانە هێڵکاری ژمارە (7) کە ڕۆنانی فرێزی دیارخەری دەخاتەڕو لە کاتێکدا کە دەستەواژیلە لە جێکەوتەی تەواوکەرەکەیدایە، واتە نمونەکانی (82  ب پ ت) دەخاتەڕو.




هێڵکاری ژمارە (7)

کەواتە دەکرێ لە نمونەی (82 - ب پ ت)دا و هێڵکاریی (7)ەوە، ئەوە بەدەست بخەین، کە دەروازەی فەرهەنگی دیارخەرەکان ، جگە لەوەی کە لە (71)دا خرایەڕو ، ئەو کەتیگۆرییە سینتاکسییەی (83)شی وەك زانیاریی سینتاکسی هەڵگرتووە.

(83) D + [ N'] ⟵ فرێزی دیارخەری

2/2-2- 1 ) دەرخەرەکانی فرێزی دیارخەری :

فرێزی دیارخەری لە ڕۆنانی دەرەوەیدا لە پێشەوە بەدەرخەرەکان فراوان دەکرێت و شوێنی (Spec) پڕدەکەنەوە .

2/2-2- 1- 1 ) دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی دیارخەری :

ئەو کەرەسانەن کە لە پێش فرێزە دیارخەرییەکەوە دەردەکەون، کە لە خوارەوە دەخرێنەڕو.

1 ) تاکبەندەکان: بڕوانە (84)

(84) أ- تنێ/هەر کوڕەکی دبینم .


ب- هەر کچا(ن) دبینم .

پ- هەر دیرۆکا باژێران  ڤەدنڤیسم .

ت- تنێ کورە کوردەکی  دبینم .

ج- هەر کچە کوردەکێ دێ ناس کەم .

بڕوانە هێلکاری ژمارە (8) ، کە پڕکردنەوەی شوێنی (Spec) لە ڕۆنانی فرێزی دیارخەریدا دەخاتەڕو .




هێلکاری ژمارە (8)

2 ) ژمارەی ( بنجی ) : بڕوانە (85 - أ  ب)

(85)          أ -  سێ کچا(ن) دبینم .

ب -  دو سێڤان دخوم .

3) ڕادە  :  بڕوانە (86)

(86) أ-  هەمی کوڕان سێڤ خوار .

ب- هەمی کچەك دشێت هو بکەت . (حاتەم ولیا 2000: 46)

پ- گشت زلامان هاتن.

ت- گشت مروڤان ئومێدا ژینەکا خوش هەیە. (محمد طاهر گوهەرزی 1999: 71)

4)   ناوی ئاوەلکرداری

(87)   أ - ئەم گهشتینە سەر روبارەکی .

ب - بن بەرەکی بکولە.

پ- پێش کوڕەکی من تو دیتبوی .

5) وشەی پرس   بڕوانە (88)

(88) أ- چ كوڕەك نەهاتییە خویندنگەهێ ؟

ب- چ پەرتوكەك هاتییە فرۆتن ؟

## 3-2/2 ) فریزی ئاوەڵناوی (AP)

بڕوانە (3-3/2) ی بەشی یەكەم

### 3-2/2- 1) فریزی ئاوەڵناویی سادە

سەری فریزی ئاوەڵناوی بریتییە لە ئاوەڵناوێك ، ئەگەر فریزی ئاوەڵناوی تەنیا لەسەرێك پێكهاتبو ، ئەوا بەفریزی ئاوەڵناویی سادە ناودەبرێت ، ڕۆنانەكەی لە (89) دا دەخرێتەڕو.

(89) ( A ←—— A' )

بڕوانە (90)، هەروەها بشڕوانە (86)ی بەشی یەكەم.

(90) أ- ئەڤ كوڕە زیرەكە .

ب- ئەڤ كچە جوانە .

پ- ئەو ئازایە .

ت- چیایێن كوردستانێ بلندن .

لە (90)دا ئاوەڵناوەكانی (زیرەك ، جوان ، ئازا ، بلند) فریزی ئاوەڵناویی سادەن و گوزارەی ئاوەڵناوییان پێكهێناوە ، واتە ئاوەڵناوەكە لە گوزارەكەدا پێویستی بە تەواوكەر نییە، ئاوەڵناوەكان لە پلەی چەسپاودان ، دەشێت لە پلەی بەراورددا بەكار بهێنرێن بەڵام لە ڕوی ڕۆنانەوە هەر بە فریزی ئاوەڵناویی سادە دادەنرێن ، بڕوانە (91) .

(91) أ- ئەڤ گولە ژ گولا دی سۆرترە[1] .

ب- هەكار ژ میرانی مەزنتر بو .

پ- ئاسن گرانترە ژ بەری .

---

1- لە كرمانجیی ژورودا (ئاوەڵناوی پلەی باڵا)ی بەراورد لە ( ژهەمی/ ژهەمیا/ گەلەك + ئاوەڵناوی پلەی بەراورد) پێكدێت ، وەك (ئەڤ گولە ژهەمیا جوانترە .) ، (ڤاناس گەلەك زیرەكترە .) ، هەندێك جاریش وەك زاری كرمانجیی ناوەڕاست لە زاری كرمانجیی ژورودا (ئاوەڵناو + ترین) بەكاردەهێنرێت ، وەك (جوانترین گول) ، (باشترین مامۆستا) . بشڕوانە (شلێر نایف ئەمین 2007: 42)

### 2-3-2/2) فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی

له خ ستنەپاڵی ئاوەڵناو یدا سەری ڕێز مانی فرێزه كه ئاوەڵناوێ كه و بەهۆی مۆرفیمی خستنەپاڵەوە، پڕۆژەی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی دروستدەكات و تەواوكەرێك بۆ خۆی هەڵدە بژێرێت. بڕوانه (92)

(92) أ- من قوتابییێ زیرەك دیت. (من قوتابییه زیرەكەكەم بینی.)

ب- گەلێن هشیار پیش دكەڤن. (گەلانی هۆشیار پێشدەكەون .)


پ- پیشمەرگەیێن ئازا ل شەڕێدا پشكدارن. (پێشمەرگه ئازاكان لەشەڕەكەدا بەشدارن .)

ت- من سێڤا زەر خوار. (من سێوه زەردەكەم خوارد .)

له (92)دا سەری فرێزه خستنەپاڵەكه ئاوەڵناوێكەو ناوێكی به نیشانەی [+گشتی] یەوە لەگەڵ مۆرفیمێكی خستنەپاڵ وەك تەواوكەر بۆ خۆی هەڵبژاردووە، كه یاساكەی له (93) دا دەخرێتەڕو.

(93) A + [det + N ] ← فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی

بڕوانه هێڵكاری ژماره (9) .




هێڵكاری ژماره (9)

له زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا ڕۆنانێکی وەك (کوڕە زیرەکەکانی ئێمە) فرێزێکی ناوی بەرهەمدەهێنێت ، بەڵام لەم زارەدا دەبێت بە (کوڕێن مەیێن زیرەك) و فرێزێکی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی بەرهەمدەهێنێت و سەری فرێزەکە ئاوەڵناوێکە، بەڵام هەمان واتای (کوڕە زیرەکەکانی ئێمە)ی هەیە لە کرمانجیی ناوەڕاستدا.

دەشێت فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی ، تەواوکەرەکەی فرێزێکی دیارخەری بێت ، بڕوانە (94).

(94) أ- ڤاناس کچکەکا نازدارە .


ب- ئازاد کوڕەکێ زیرەکە .

پ- قەندیل چیایەکێ بلندە .

له (94)دا فرێزێکی دیارخەری لەناو فرێزێکی ئاوەڵناویدا شکاوەتەوە ، واتە فرێزە خستنەپاڵە ئاوەڵناوییەکە فرێزێکی دیارخەری وەك تەواوکەر بۆ خۆی هەڵبژاردووە ، کە یاساکەی لە (95) دا دەخرێتەڕو .

(95) A + [ det + D'] ← فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی

بڕوانە هێڵکاری ژمارە (10) .




هێڵکاری ژمارە (10)

هەندێ لە ئاوەڵناوەکان لە پلەی بەراورددا ، تەواوکەری بەراوردکردنەکەی لەشێوەی فرێزێکی پێشناویدا هەڵدەبژێرێت ، کە دەشێ لە پێش گوزارە ئاوەڵناوییەکەوە بێت ، بڕوانە (96).

(96) أ- ئەو ژ شێرۆی ئازاترە .

ب- پاهیز ل زڤستانێ خوشترە.

بەلاّم ژمارەیەك ئاوەڵناوی تر کە لە پلەی چەسپاودان ، لەگوزارەی ڕستەدا پێویستیان بەتەواوکەرە[1]، بڕوانە (97)


(97) أ ئازاد ل من زیزە .

ب- ئەو ل ئارامی زیزە .

کەواتە دەکرێ ئەو جۆرە ڕۆنانەی فرێزی ئاوەڵناوی ، کە فرێزێکی پێشناوی وەك تەواوکەر بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ و لە (96) و (97)دا خرانەڕو ، یاساکەی لە (98)دا بخرێتەڕو .

(98) ( A + p') ⟵ فرێزی ئاوەڵناوی

بڕوانە هێڵکاری ژمارە (11) .




هێڵکاری ژمارە (11)

1- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (Fattah, M. M. 1997: 222).

3-3-2/2 ) دەرخەرەکانی پێش سەر

(1) ڕادە :

A' + (Quantifier)

(99) أ ئەو گەلەك زیرەك بو .

ب- ئازاد پیچەك نەساخە .

پ- کچەکا گەلەك جوان ناس دکەم .

ت- ڤاناس پڕ جوانە.

(1) تاکبەندەکان :

A' + (Distributive)

بۆ نمونە (تنێ قوتابییەکێ زیرەك ، هەر سێڤا زەر )

(2) ژمارە:

A' + (Number)

بۆ نمونە (چار قوتابیێن زیرەك ، دو کوڕێن باش ، سێ شتیێن مەزن)

(4) وشەی پرس:

A' + (وشەی پرس)

بۆ نمونە (کیژ قوتابیێ زیرەك ، چەند کوڕەکێن ئازا)

(5) وشەی نیشانە:

A' + (Demonstrative)

بۆنمونە (ئەڤ کوڕێن زیرەك، ئەو کچێن جوان)

4 -3 -2/2 ) دەرخەرەکانی پاش سەر :

دەرخەرەکانی پاش سەر بەهۆی ئەمانەی خوارەوە دەنوێنرێن:

1 ) فرێزی پێشناوی

(100) أ - کچەکا جوانتر ژ وێ ناس دکەم .

ب- کوڕەکێ زیرەکتر ژ ئازادی هاتییە .

لە (100) دا ئاوەڵناوی (جوانتر ، زیرەکتر) ، فرێزێکی پێشناوی وەك تەواوکەر بۆ خۆی دیاریدەکات ، وەك لە بەشی یەکەمدا ئەوە خرایەڕو کە ئاوەڵناو لەو فۆڕمەدا پۆلەڕەگەزێکی سینتاکسی (PP)یەك دیاریدەکات ، چونکە فۆڕمی شکاوەی ئەو فۆڕمەی ئاوەڵناو لە سینتاکسدایە و ئاراستەی حوکمەکەشی وەك پێشناوەکانە .

**2) فرێزی ئاوەڵناوی**

**فرێزە ئاوەڵناوییەکان بەهۆی فرێزێکی ئاوەڵناوی ترەوە لەدواوە فراوان دەکرێن ، بەهۆی مۆرفیمی خستنەپاڵەوە ، بڕوانە (101).**

**(101) أ- تنێ شتیێ سۆرێ مەزن دکڕم .**

**ب- من سێڤا زەرێ شیرین خوار.**

**دەشێ دو فرێزی ئاوەڵناوی بە یاریدەی مۆرفیمی/- و-/ لێکبدرێن یان دو ئاوەڵناو پێکەوە بەیاریدەی مۆرفیمی /- و-/ لێکبدرێن و بە یاریدەی مۆرفیمی خستنەپاڵ ، بدرێنە پاڵ فرێزێکی ئاوەڵناویی تر و فرێزەکە فراوانتر بکەن ، بۆ نمونە بڕوانە (102) .**

**(102) أ- من شتییەکێ سۆرێ شیرین و مەزن کڕی . (من شوتییەکی سوری شیرین و گەورەم کڕی.)**

**ب- ئەز سێڤا زەر و شتیێ سۆر دکڕم .**

**پ- سێڤا زەر و شتیێ سۆرێ مەزن دکڕم .**

**یاساکەی لە (103  أ ب)دا دەخرێتەڕو .**

**(103) أ- A' + [ det + A' ] ⟵ فرێزی ئاوەڵناوی بڕوانە (102- أ )**

**ب- [ A' ] + conj + [ A' ] ⟵ فرێزی ئاوەڵناوی بڕوانە (102- ب)**

**لە بەشی یەکەمدا ئەوە ڕونکرایەوە کە ئەو وشە و فرێزانەی بە مۆرفیمی /- و -/ پێکەوە دەبەسترێنەوە ، پەیوەندی نێوانیان دەرخەرو دەرخراوی نییە ، چونکە مۆرفیمی/ و/ هیچ حوکمێك بەلای ڕاست و چەپدا ناکات ، تەنیا ڕۆڵی بەستنەوە دەبینێت ، واتە هەر ئاوەڵناوێك لە ڕێی پەیوەندی هاوپەیوەندییەوە ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات ، چونکە دەشێ هەر یەکێکیان بە جیا ببنە دەرخەری دواوەی فرێزە ئاوەڵناوییەکە .**

**بۆ نمونە بڕوانە (104).**


**(104) أ- شتییەکێ سۆرێ شیرین**

**ب- شتییەکێ سۆرێ مەزن**

**لە (104 - أ ب) دا هەریەکێك لە ئاوەڵناوەکان بەجیا بونەتە دەرخەری دواوەی فرێزە ئاوەڵناوییە خستنەپاڵەکە و فرێزەکەیان فراوان کردووە ، دەتوانرێت لە (105) دا یاساکەی دیاری بکرێت .**

**(105) A + [ det + A' ] ⟵ فرێزی ئاوەڵناوی**

**بڕوانە هێڵکاری ژمارە (12) ، کە نمونەی (102 - أ) و یاسای (103 - أ ب) دەخاتەڕو .**




**هێڵکاری ژمارە (12)**

**لەهێڵکارییەکەدا ئەوە دەردەکەوێت کە فرێزە ئاوەڵناوییەکە (D')ێکی وەك تەواوکەر بۆ خۆی هەڵبژاردووە و فرێزە دیارخەرییەکەش (A')ێکی وەك تەواوکەر بۆ خۆی دیاریکردووە ، ئەمیش تەواوکەرەکەی (D')ێکە ، ئەمەش دیادەیەکی شکانەوەی فرێزەکانە لە ناو یەکتریدا.**

## 4-2/2 ) فرێزی پێشناوی/بەند (PP)

**بڕوانە (4-3/1) ی بەشی یەکەم**

**فرێزی پێشناوی لە پێشناوێك و تەواوکەرێك پێکدێت ، واتە ڕۆنانی فرێزی پێشناوی ڕۆنانێکی ناسادەیە ، پێشناو لەم فرێزەدا سەرێکی ڕێزمانی حوکمکەرە ، ئاراستەی حوکمکردنەکەشی بەپێچەوانەی سەرە ڕێزمانییەکانی ترەوەیە ، چونکە پێشناو لە ڕاستەوە بۆ چەپ حوکم دەکات و ڕۆڵ بە تەواوکەرەکەی دەبەخشێت ، سەر لە فرێزی پێشناویدا سەر سەرەتایە بڕوانە (106) .**

(106) PREPOSTION (P)[1] + N' ⟵ **فرێزی پێشناوی**

**بڕوانە (107).**

---

1- بۆ فۆڕمی پێشناوەکان لە زاری کرمانجیی ژورودا ، بڕوانە ( دلبرین عەبدوڵڵا عەلی 2009: 40- 46)

(107) أ - من پەرتوکەك بۆ ڤاناسێ کڕی .      (من کتێبێکم بۆ ڤاناس کڕی .)

ب- ئازاد ل سەربانێ دنڤیت .      (ئازاد لە سەربان دەنوێت .)

پ- ئازاد ل بەرڕەخێ ئاڤێ ڕونشتییە .  (ئازاد لە کەناری ئاوەکە دانیشتووە .)

ت- ئەو ب تڕومبێلێ نەچو .      (ئەو بە ئۆتۆمبیل نەچو .)

ج- نازدارێ نامە دانە ئازادی[2] .      (نازدار نامەکانی دا بە ئازاد.)

لە (107) دا فرێزە پێشناوییەکە لە پێشناوێك و تەواوکەرێك پێکهاتووە ، تەواوکەرەکە فرێزێکی ناوییە ، دەشێت تەواوکەری فرێزەکە ('D) یێك بێت ، بڕوانە (108) .

(108) أ- وی دو گول بو کچەکێ هنارتن .     (ئەو دو گوڵی بۆ کچێك نارد .)

ب- نازدارێ خوارن بۆ کوڕەکی ئینا .   (نازدار خواردنی بۆ کوڕێك هێنا .)

یاساکەی لە (109)دا دەخرێتەڕو .

(109) D' + P ⟵ فرێزی پێشناوی

هەروەها جۆرێکی تری ڕۆنانی فرێزی پێشناوی ، ئەوەیە کە (P) کەتیگۆرییەکی سینتاکسیی لە چەشنی فرێزێکی ئاوەڵناوی وەك تەواوکەر ئاراستە دەکات ، کە یاساکەی لە (110) دا دیاریدەکرێ .

(110) A' + P ⟵ فرێزی پێشناوی

بڕوانە (111) .

(111) أ - وی دیارییەك بو قوتابیێ زیرەك هنارت .  (ئەو دیارییەکی بۆ قوتابییە زیرەکەکە نارد.)

ب- نەسرینێ خوارن بو ژنەکا نەساخ لێنا .     (نەسرین خواردنی بۆ ژنێکی نەخۆش لێنا .)

پ- من پارە  بو زەلامێن هەژار برن .      (من پارەکانم بۆ پیاوە هەژارەکان برد .)

لە (111) دا تەواوکەری فرێزە پێشناوییەکە لە چەشنی فرێزێکی خستنەپاڵی ئاوەڵناوییە .

دەشێت هەندێ لە پێشناوەکان(پێشبەندەکان) ، بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکە سینتاکسی و سیمانتیکییەکەیان ، پاشبەندێك لە کۆتایی فرێزە پێشناوییەکەدا داوابکەن ، بڕوانە (112) .

(112) أ - من نامە ب ڤاناسێ دا هنارت .      (من نامەکەم بە ڤاناسدا نارد .)

---

2- لەکرمانجیی ژوروودا هەندێ جار دەشێت سەری فرێزەکە کە پێشناوێکە دەرنەبڕرێ ، بۆ نمونە لە (107 - ت) دا ئەگەر بەرکارەکە تاك بێت ، دەتوانرێت پێشناوەکە دەرنەبڕرێت ، ڕستەکە دەبێت بە (نازدارێ نامە دا ئازادی .) واتە (نازدار نامەکەی دا بە ئازاد .) کە پێشناوەکە دەرنەبڕراوە ، بەڵام لە کرمانجیی ناوەڕاستدا هاتنی پێشناوەکان خورتییە و ناکرێ دەرنەبڕرێن .


ب - ئەو ژ دهۆكێڤە هاتییە .                    (ئەو لە دهۆکەوە هاتووە .)

پ - ئەز نامەی د کرمانجییا ژوریدا دنڤیسم .    (من نامە لە کرمانجیی ژورودا دەنوسم .)

ت- ب رییا خوەدا چوم .                          (بە ڕێگای خۆمدا ڕۆشتم .)

دەتوانرێت لە زاری کرمانجیی ژورودا فۆڕمی لە جۆری ( بلەز...) وەك فۆڕمی بە لێکسیمبوی ('P) بناسرێتەوە، بۆ نمونە (ئەو بلەز هات.)

دەشێت ئەو یاسایانەی کە لەسەرەوە بۆ ڕۆنانی فرێزی پێشناوی خرانەڕو لە هێڵکاری ژمارە (13) دا دەربڕبڕێن، بڕوانە هێڵکاری ژمارە (13)




| | |
|---|---|
| ل | سەربانێ |
| بۆ | کچەکێ/کوڕەکی |
| بۆ | قوتابیێ زیرەك |

هێڵکاری ژمارە (13)

### 4-2/2 - 1 ) دەرخەرەکانی فرێزی پێشناوی

دەشێ فرێزی پێشناوی فراوان بکرێت بەهۆی دەرخەرەکانی پێشەوە ، لەبەر ئەوەی ڕۆنانی فرێزی بەند سەر سەرەتایە دەتوانرێت لە پێشەوە سەری فرێزەکە بە دەرخەرەکان فراوان بکرێت ، بەڵام هەر فراوانکردنێك لە دواوە فراوانکردنی تەواوکەری فرێزەکەیە .

### 4-2/2 - 1- 1 ) دەرخەرەکانی پێش سەر :

1) تاکبەندەکان

(113) أ- هەر ژ دهۆكێڤە ڤەگەڕاین .    (هەر لە دهۆکەوە گەڕاینەوە .)

ب- تنێ بو زانکۆیێ دچم .          (تەنیا بۆ زانکۆ دەچم .)

پ- هەر ل سەربانێ نڤستم .          (هەر لە سەربان نوستم .)

2) ڕاده :

بڕوانه (114).

(114) أ- پیچەك ژ وى نانى بده وان . (تۆزێك له ئەو نانه بده به ئەوان .)

ب- هندەك ژ وان كچان هاتن . (هەندێك له كچەكان هاتن .)

پ- ئازاد گەلەك ب لەز هات .

3) ژماره : بڕوانه (115)

(115) أ- چار ژ وان زەلامان ڤەگەڕيان .

ب- من دو ژ ڤوتابيێن زيرەك ديتن.

4) ئاوڵكردار :

(116) أ- من ئێڤارى ل بازارى تو نەديت بوى .

ب- ئەز نوكه ژ مالێ هاتمه ڤێرێ.

له بەشى يەكەمدا ئەوه خرايەڕو كه يەكێك لەو جياوازييانەى لەنێوان فرێزى پێشناوى لەگەڵ فرێزى ناوى و ئاوەڵناوى و فرێزەكانى تردا هەيه ئەوەيه ، كه پەيوەندى نێوان پێشناو و تەواوكەرەكەى پەيوەنديى شوێنكەوتويى نييه ، بەڵكو پەيوەنديى حوكمكردنه ، لەبەرئەوه پێشناوەكه بڕيارى هەڵبژاردن و دياريكردنى جۆرى تەواوكەرەكەى دەدات ، ئەمه لەلايەك ، لەلايەكى تريشەوه هيچ كاتێك پێشناوەكه وەك سەرێك ناتوانێت جێگەى هەمو ڕۆنانەكه بگرێتەوه[1]

## 2/2- 5 ) فرێزى ئاوەڵكردارى (ADVP)

بڕوانه (3/1- 5) ى بەشى يەكەم .

فرێزى ئاوەڵكردارى له سادەترين شێوەيدا له ئاوەڵكردارێك پێكدێت ، كه سەرى فرێزەكەيه ، ياساكەى له (117) دا دەخرێتەڕو .

(117) ADVERB ⟵ فرێزى ئاوەڵكردارى بڕوانه (118)

(118) أ- ئازاد هێشتا نەهاتييه .

ب- ڤاناس زو هاتەڤه .

پ- ڤاناس درەنگ نانى دخوه .

---

1- بڕوانه (Fattah,M.M 1997: 190)

ت- من هەرگیز تو نەدیتییە .

ج- ئازاد دوهی هاتبو .          (ئازاد دوێنێ هاتبو .)

لەبەشی یەکەمدا ئەوە خرایەڕو کە ئاوەڵکرداری بنجی، وەك کەتیگۆرییەکی سەربەخۆ لەزمانی کوردیدا ژمارەیان زۆر کەمە، لەبەرئەوە سود لە بەشەئاخاوتنەکانی تر بینراوە[1]، بۆ ئەوەی ئەرکی ئاوەڵکردار لە ڕۆنانی ڕستەدا ببینن و لە جێکەوتەی ئەودا دەربکەون . بڕوانە (119)

(119) أ- ئەز شەڤ هاتم .          (من شەو هاتم .)

ب- ئازاد هەمی ڕوژ دنڤە .  (ئازاد هەمو ڕۆژەکە دەخەوێت .)

لە (119)دا (شەڤ ، ڕوژ) ناوی کاتن (name of time)، نیشانەی ئاوەڵکرداریی کاتییان تێدایە، لەبەرئەوە وەك فرێزێکی ناوی لە جێکەوتەی فرێزی ئاوەڵکرداریدا دەرکەوتون و دەبن بە ئاوەڵکردارئاسا (Adverbial)، ئاوەڵکردارئاساش لایەنێکی نادیاریی ڕودانی کردار ڕوندەکاتەوە ، کە ئەگەر سەرنج لە هەردو ڕستەکە بدەین ، دەبینین (شەڤ) لەگەڵ کرداری ڕابردو و (هەمی ڕوژ)یش لەگەڵ کرداری ڕانەبردو بەکار هاتووە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم ناوە کاتییانە پەیوەندیی ڕێکەوتنیان لەگەڵ تاف (Tense)ی ڕێزمانیی کرداردا نییە ، هەروەها ناوەکاتییەکانی تری وەك (بهار ، هاڤین ، پاهیز ، زڤستان ، شەممە ، نیڤەڕۆ...) بەهەمان شێوەن ، بەلاّم ناوە کاتییەکانی (دوهی ، سوبەهی/سبەهی ، سێ سبەه ، پێر ، پار ، سالا پار، پێرار ، بەترا پێرار ، سالەکادن/سالەکادی ....) پەیوەستن بە تاف (Tense) ی کردارەوە .

واتە هەندێکیان وەك (دوهی ، پار ، سالا پار ، پێر ، پێرار ، بەترا پێرار .. ) لەگەڵ کرداری ڕابردو و هەندێکی تریان وەك (سوبەهی ، سێ سبەه ، سالەکادن/سالەکادی..) لەگەڵ کرداری ڕانەبردودا بەکار دێن، بۆ نمونە بڕوانە (120) .

(120) أ- جوتیاری دوهی/ سالا پار/پێرار زەڤی کێلا .

ب- جوتیار سوبەهی/سێ سبەه/ سالەکادی زەڤیێ دکێلیت .

لە (120 - أ )دا (دوهی ، سالا پار ، پێرار) لەگەڵ کرداری ڕابردودا بەکار هاتون ، چونکە خۆیان واتای کاتی ڕابردویان تێدایە ، لەبەر ئەوە پەیوەستن بە تافی ڕابردووەوە ، بەلاّم لە (120 - ب) دا (سوبەهی ، سێ سبەه ، سالەکادی) لەگەڵ کرداری ڕانەبردودا بەکار هاتون، چونکە مەرجی ڕێکەوتنیان لەگەڵ تافی ڕانەبردودایە، لەبەرئەوە مەرجی پەیوەندیی ڕێکەوتن و پەیوەست بونیان

1- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (ئازاد ئەحمەد حسێن 2001 : 60- 67)

هەروەها بشڕوانە (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف 2012 : 265)

به تافه دياريكراوەكەيانەوە، وا دەكات كە لە (120- أ ب) دا  ڕێگە بە ئاڵوگۆڕكردنيان نەدرێت، هەر ئاڵوگۆڕكردنێكيش دەركردەيەكى نادروستى لەڕوى واتاوە (نالۆژيكى) لێدەكەوێتەوە، بڕوانە (121) .

(121)  *أ  جوتيارى سوبەهى / سێ سبەهـ زەڤى كێلا .

* ب- جوتيار دوهى/ سالا پار زەڤيێ دكێليت .

دەشێت جێكەوتەى فرێزە ئاوەڵكردارييەكە بە دوبارەبونەوەى فرێزێكى ناوى پڕبكرێتەوە ، بڕوانە (122)

(122) پێشمەرگە پۆل پۆل دچنە شەڕێ .

لە (122) دا بە دوبارەكردنەوەى فرێزە ناوييەكە وەك (پۆل پۆل) نيشانەى ئاوەڵكردارييى چۆنێتى پێدەدرێت و لە جێكەوتەى فرێزى ئاوەڵكرداريدا دەردەكەوێت .

فرێزى ئاوەڵناويش لە جێكەوتەى فرێزى ئاوەڵكرداريدا دەردەكەوێت ، بڕوانە (123)

(123) أ- ئەز جوان نامەى دنڤيسم .

ب- ئەو گەلەك/زۆر جوان نامەى دنڤيسە(ت) .

هەروەها دەشێ فرێزێكى ديارخەرى كە تەواوكەرەكەى لەچەشنى فرێزێكى ناويى هەڵگرى [+كات] بێت ، لە جێكەوتەى فرێزى ئاوەڵكرداريدا دەربكەوێت و ئەركى ئەو جێبەجێ بكات ، بڕوانە(124) (124) ئازاد هەمى ڕۆژەك دنڤە .

( فرێزى پێشناوى)ش لە جێكەوتەى فرێزى ئاوەڵكرداريدا دەردەكەوێت ، بڕوانە (125).

(125)  ڤاناس ب شەڤێ دنڤە .

جۆرێكى تر لە ڕۆنانى فرێزى ئاوەڵكردارى ئەوەيە كە ئاوەڵكردارەكە تەواوكەرێك بۆ خۆى هەڵدەبژێرێت ، بۆ نمونە بڕوانە (126).

(126) أ- نيڤا شەڤێ  ڤەگەڕيام .  (نيوەى شەو گەڕامەوە .)

ب- سپێدێ زو نانى دخوم .  (بەيانيى زو نان دەخۆم .)

پ- شەڤ درەنگ واناخۆ دنڤيسمەڤە .  (شەو درەنگ وانەكەم دەنوسمەوە . )

ياساكەى لە (127)دا دەخرێتەڕو .

(127)   ADV + Comp. ⟵ فرێزى ئاوەڵكردارى (ADV P)

## 2/2- 5 - 1 ) دەرخەرەکانی فرێزی ئاوەڵکرداری :

فرێزی ئاوەڵکرداری لەبەرئەوەی هەڵسوکەوتی سینتاکسیی فرێزە پێشناوییەکانی هەیە، لەڕێی دەرخەرەکانی پێش سەرەوە فراوان دەکرێت.

### 2/2- 5 - 1- 1 ) دەرخەرەکانی پێش سەر :

1) تاکبەندەکان : بڕوانە (128).

(128) أ - هەر زو دێ ڤەگەڕم .

ب- تنێ ئەڤرۆ دنڤم .

2) ڕادە : بڕوانە (129) .

(129) أ - مێڤان گەلەك درەنگ هاتن .

ب- شوفێر پیچەك لەز دهاژوتن .

پ- ڤاناس گەلەك زو دنڤیت .

3) هەروەها (ژمارە)ش دەتوانێت ببێتە دەرخەری پێشەوەی فرێزی ئاوەڵکرداری، بۆ نمونە بڕوانە (دو شەڤ ، سێ ڕۆژ ).

## 2/2- 6 ) فرێزی کرداری (VP)

بڕوانە (1/3- 6) و (1/3- 6- 1)ی بەشی یەکەم.

وەك لەبەشی یەکەمدا ڕونکرایەوە کە فرێزی کرداریی پێکهاتەیەکی ئالۆزە و لەگەڵ ڕەگی کرداردا مۆرفیمەکانی (کات و کەس)یش بەشدارن ، واتە فرێزی کرداری لە سادەترین شێوەیدا لە کردارێك پێکدێت کە سەری فرێزەکەیە ، یاساکەی لە (130)دا دەخرێتەڕو.

(130) أ- V ⟵ V' بڕوانە (131)

(131) کرداری ڕابردوی تێنەپەڕ

أ- هاتم .

ب- نڤستم ، کەفتی

کرداریڕانەبردوی تێنەپەڕ

پـ- دنڤم .          (ئێستا)

ت- دێچم ، دێنڤم  (داهاتو)

مۆرفیمی دەمکاتی داهاتو /دێ - / لەگەڵ کرداری ڕانەبردوی تێنەپەڕدا، دەچێتە سەر ڕەگی کردارەکە ، بەڵام لەگەڵ ڕانەبردوی تێپەڕدا توانای جێگۆڕکێکردنی هەیە و هێنانە پێشەوەی ڕێگە پێدراوە ، بەجۆرێك دو جێکەوتە لە نێوان خۆی و ڕەگەکەیدا بەجێدەهێڵێت ، بۆ نمونە : (ئەز دێ نانی خوم.) ، (ئەز دێ نامەی بو ئازادی نڤیسم.).

دەتوانرێت فرێزی کرداری بەهۆی فرێزەکانی ترەوە فراوان بکرێت ، ئەو فرێزانەش وەك تەواوکەر دەچنە ڕۆنانی پێکهاتەی فرێزە کردارییەکەوە ، بڕوانە ( 3/1- 6- 2 )ی بەشی یەکەم، یاساو نمونەکانیان لە خوارەوە دەخرێنەڕو.

1) فرێزی ناوی :

لەگەڵ کرداری تێپەڕی ڕابردو و ڕانەبردودا دێت و جێکەوتەی تەواوکەر(بەرکاری ڕاستەوخۆ) لە فرێزەکەدا پڕدەکاتەوە ، بڕوانە (132) .

(132) أ- V + N' ⟵ V' بڕوانە (133)

(133) أ- من <u>ڤاناس دیت</u> .

ب- من <u>تو دیتی</u> .

پـ- ئەز <u>ڤاناسێ دبینم</u> ./ ئەز دێ ڤاناسێ بینم.

دەشێ (کرداری ڕابردوی تێپەڕ) بەرکارەکەی(بەرکاری ڕاستەوخۆ) دەرنەبڕرێت، بەهۆی ڕێکەوتن لە نێوان بەرکارو کرداردا، چونکە وەك پێشتر ڕونکرایەوە زاری کرمانجیی ژورو زارێکی ئێرگەتیڤییە، بەرکار مۆرفیمی ڕێکەوتن دەبەخشێت بە کۆتایی کردارە ڕابردووە تێپەڕەکە ، بەڵام کرداری ڕانەبردوی تێپەڕ ناتوانرێت بەرکارەکەی لابرێت و هەمان واتاش ببەخشێت ، چونکە ئەگەر جێناوی کەسیی نەلکاو بێت ، لە کۆمەڵەی (من - مە)دەبێت ، کە جێناوی لکاوی نییە تا بیبەخشێت بەکۆتایی کردارەکە ، بەو واتایەی ئەم کردەیە لەم زارەدا بە مۆرفۆسینتاکس جێبەجێ ناکرێت ، هەروەها لەگەڵ کرداری ڕانەبردوی تێپەڕدا ڕێکەوتن لە نێوان بکەر و کرداردا دەبێت ، هەر بۆیە دەشێ بکەر دەرنەبڕرێت ، بڕوانە (134) و (135).

(134) کرداری ڕابردوی تێپەڕ

أ- من <u>کوڕ</u> <u>برن</u> . ⟵ من <u>(pro)</u> <u>برن</u> .

j j          j j

ب- من تو دیتی .  ⟵  من (pro) دیتی

j j    j j

(135) کرداری ڕانەبردوی تێپەڕ :

أ- ئەز ئازادی دبینم .  ⟵  (pro) ئازادی دبینم .

j j    j j

ب- ئەم تە دبینین .  ⟵  (pro) تە دبینین .

j j    j j

2) فرێزی دیارخەری : بڕوانە (136).

(136) V + D'  ⟵  فرێزی کرداری ، بڕوانە (137)

(137) أ- من کوڕەك دیت .

ب- ئەز کوڕە کوردەکی دبینم .

3) فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی : بڕوانە (138)

(138) V + A'  ⟵  فرێزی کرداری ، بڕوانە (139)

(139) أ- من قوتابیێ زیرەك دیت .

ب- ئەز قوتابیێ زیرەك دبینم .

4) فرێزی ئاوەڵکرداری : ، بڕوانە (140).

(140) V + ADVP  ⟵  فرێزی کرداری ، بڕوانە (141)

(141) أ- أ- ئازاد هێشتا نەهاتییە .

ب- ڤاناس زو هاتەڤە .

پ- ڤاناس گەلەك زو دنڤیت .


5) فرێزی پێشناوی : بڕوانە (142)

(142) V + P'  ⟵  فرێزی کرداری ، بڕوانە (143)

(143) أ - وی نامە بو ئازادی هنارت .  (ئەو نامەی/نامەکەی بۆ ئازاد نارد.)

ب- ئازاد <u>ل سەربانێ دنڤیت</u> .          (ئازاد لە سەربان دەنوێت.)

بڕوا نە هێڵکاری ژ مارە (14) ، دەر خەرەکانی پێش سەر لە فر ێزی کردار یدا کە لە سەرەوە ڕونکرانەوە ، دەخاتەڕو .




هێڵکاری ژمارە (14)

لەبەشی یەکەمدا ئەوە خرایەڕو ، کە فرێزی کرداری تەواوکەرەکانی بە پێی جۆری کردارە کە لە فرێزە کان هەڵدە بژێرێت و لەپێش کردارە کەوە دەردە کەون ، بەڵام فر ێزی پێ شناوی فرێزێ کی چالاکە لە فراوانکردنی فرێزی کردار یدا و لە پێش و لە پاش سەری فرێزە کەوە دەردە کەوێت ، بڕوانە (148)و (149- ب) ی بەشی یەکەم .

**دەشێ فریزی پێشناوی لەگەڵ فرێزێکی ناوی یان دیارخەریدا ، بەیەکەوە فریزە کردارییەکە فراوان بکەن ، واتە فرێزەکردارییە کە دو تەواو کەری دەبێت ( بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ) ، بڕوانە (144) .**

**(144) أ - V + P' + D'/N' ⟵ فرێزی کرداری ، بڕوانە (145 - أ)**

**ب- P' + V + D'/N' ⟵ فریزی کرداری ، بڕوانە (145- ب)**

**(145) أ- ئەز <u>کتێبەکێ بۆ ڤاناسێ دکڕم</u> .**

**ب- ئەز <u>کتێبەکێ دێ دەمە ئازادی</u> .**

**هەروەها بشڕوانە (149 ، 150) و هێڵکاری (16 ، 17)ی بەشی یەکەم.**

**هەندێ جار فرێزێکی ئاوەڵکرداری ، لە فراوانکردنی فرێزە کردارییەکەدا ڕۆڵ دەبینێت و لایەنێکی نادیاری ڕودانی کردارەکە دەخاتەڕو, جێکەوتەکەی لە دوای بکەری ڕستەکەوە و لە پێش بەرکارە ڕاستەوخۆکەوە دیاریدەکرێت، واتە جێکەوتەی پێکەوەهاتنی فرێزە ئاوەڵکرداری و پێشناوییەکان و سەرەو ڕیزبونیان لە فراوانکردنی فرێزی کرداریدا لەم زارەشدا، هەر بەهەمان شێوەی زاری کرمانجیی ناوەڕاستە کە لە (151) ی بەشی یەکەمداخرایەڕو، بڕوانە (146) .**

**(146) ئەز <u>ئەڤرۆ کتێبەکێ بۆ ڤاناسێ دکڕم</u> .**

**پێشتر ئەوە خرایەڕو کە کردارە بێهێز(Defective Verb)ەکان، وەك کردارە تەواوەکان ناتوانن لە ڕستەدا بەتەنیا دەربکەون، لەبەر ئەوە پێویستییان بە تەواوکەرێکی بەخورتی هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش بە چەشن و جۆرەکانی تری فرێزدا هەڵدەواسرێن ، لە خوارەوە دەخرێنەڕو:**

**1) فرێزی ناوی : بڕوانە (147).**

**(147) Defective Verb + N' ، بڕوانە (148)**

**(148) أ- ئەو <u>کوردە</u> .**

**ب- ڤاناس خویندکارە.**

2) فرێزی ئاوەڵناوی : بڕوانە (149)

(149) Defective Verb + A' ، بڕوانە (150)

(150) أ - ڤاناس زیرەکە .

ب- ئەو جوانە .

3) فرێزی دیارخەری : بڕوانە (151)

(151) Defective Verb + D' ، بڕوانە (152)

(152) أ- خویندکار کچەکە . (خوێندکارەکە کچێکە.)

ب- شەڕڤان کوڕەکوردەك بو.

4) فرێزی پێشناوی : بڕوانە (153)

(153) Defective Verb + P' ، بڕوانە (154)

(154) أ- مالا وە ل دهۆکێ یە . (ماڵی ئێوە لە دهۆکە.)

ب- نامە ب ئازادی بو . (نامەکە بە ئازاد بو.)

5) فرێزی ئاوەڵکرداری : بڕوانە (155)

(155) Defective Verb + ADVP ، بڕوانە (156)

(156) أ- ئاهەنگ نوکەیە . (ئاهەنگەکە ئێستایە.)

ب- یاری دوهی بو . (یارییەکە دوێنێ بو.)

## بەشی سێیەم

### 1/3 کۆی گشت یاسا بەدەستهاتووەکان لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا

### 1/3- 1) یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فرێزی ناویدا

**یەکەم/ فرێزی ناویی سادە**

N ⟵ N'

بۆ نمونە (ڤاناس ، کوڕ ، ئاو ، هێز ، شەرم ، من)

**دووەم/ دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی ناویی سادە**

(1) تاکبەند (Distributive) + N'

بۆ نمونە (تەنیا ئازاد ، هەر ڤاناس)

(2) ژمارە (Number) + N'

بۆ نمونە (سێ خوێندکار ، دو کوڕ)

(3) ڕادە (Quantifier) + N'

بۆ نمونە (هەندێك خوێندنگە ، تۆزێك نان)

(4) وشەی پرس + N'

بۆ نمونە (کام خوێندکار ، چەند پیاو )

(5) وشەی نیشانە (Demonstrative) + N'

بۆنمونە (ئەم خوێندکارە ، ئەم خوێندکارانە )

(6) بریناو + N'

بۆ نمونە (دکتۆر سۆران ، مامۆستا ئازاد ، حاجی کەریم)

(7) ناوی ئاوەڵکرداری + N'

بۆ نمونە (سەر شاخ ، بن بەرد)

(8) فرێزی ئاوەڵناوی (لەپلەی باڵادا) + N'

بۆ نمونە (باشترین کتێب ، ئازاترین پێشمەرگە)

(9) فرێزی ناوی + N'

بۆ نمونە (سێ تەن چیمەنتۆ ، چوار تەنەکە گەنم)

(10) سەرەو ڕیزبون و پێکەوەهاتنی دەرخەرەکان لە فرێزی ناویدا:

N' + Number + Demonstrative + Distributive

بۆ نمونە (هەر ئەم چوار خوێندکارە)

**سێیەم/ فرێزی ناویی خستنەپاڵ**

(1) N + [det + N] ⟵ فرێزی خستنەپاڵی خاوەندارێتی

بۆ نمونە (دەستی نەسرین ، هۆنراوەی نالی ، چاوی من ، ڤاسپەی کەو)

(2) N' + [det + N] ⟵ فرێزی خستنەپاڵی خاوەندارێتی

بۆ نمونە (تەماتەی دەشتی شارەزور ، هەناری هەڵەبجەی شەهید)

(3) N + [det + D'] ⟵ فرێزی خستنەپاڵی خاوەندارێتی

بۆ نمونە (دەستێکی ڤاناس ، چاوێکی من)

(4) N' + [det + D'] ⟵ فرێزی خستنەپاڵی خاوەندارێتی

بۆ نمونە (گەڕەکێکی شاری سلێمانی ، دوکانەکەی بازاڕی زێوەر)

(5) N + { det + [Det + A'] } ⟵ فرێزی خستنەپاڵی خاوەندارێتی

بۆ نمونە (کوڕەزیرەکانی ئێمە ، کچەجوانەکەی ئازاد)

(6) N + [det + N] ⟵ فرێزی ناوی خستنەپاڵ (خستنەپاڵی گشتی)

بۆ نمونە (ئاسۆی دەلاك ، بەنازی خەیات ، کاوەی ئاسنگەر)

(7) N + [det + N] ⟵ فرێزی ناوی خستنەپاڵ (خستنەپاڵی تایبەتی)

بۆ نمونە (شارۆچکەی دوکان ، چیای کۆڕەك )

## 2 -1/3 یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فرێزی دیارخەریدا

**یەکەم/ یاساکانی ڕۆنانی فرێزی دیارخەری**

(1) Det + N ⟵ فرێزی دیارخەری

بۆ نمونە (کوڕێك ، کتێبەکە ، خوێندکارەکان)

(2) D' + [det + N] ⟵ فرێزی دیارخەری

بۆ نمونە (دەستی پیاوەکە ، باوکی کوڕەکان ، هۆنراوەی شاعیرێك)

(3) D' + [det + D'] ⟵ فرێزی دیارخەری

بۆ نمونە (دوکانێکی بازاڕەکە ، شەقامەکانی شارەکە ، کوڕەکانی پیاوەکە)

(4) دەستەواژیلە (sub phrase) + Det ⟵ فرێزی دیارخەری

(5) یاساکانی دەستەواژیلە :

أ- [det + N] + N ⟵ دەستەواژیلەی ناویی سینتاکسی

بۆ نمونە ( مێژوی شار ، قوتابخانەی ناوەندی )

ب- [det + N] + N ⟵ دەستەواژیلەی ناویی مۆرفۆلۆژی

بۆ نمونە ( کوڕە کورد ، کچە کورد )

پ- [det + N]+ A ⟵ دەستەواژیلەی ئاوەڵناویی مۆرفۆلۆژی

بۆ نمونە ( کوڕە ئازا ، کچەجوان ، کوڕە زیرەك )

(6) D + [ N'] ⟵ فرێزی دیارخەری

بۆ نمونە (مێژوی شارەکە ، کوڕە کوردەکە) ، بڕوانە هێڵکاری ژمارە (5)ی بەشی یەکەم

(7) D + [ A'] ⟵ فرێزی دیارخەری

بۆ نمونە (کوڕە ئازاکە ، کچە جوانەکە) ، بڕوانە هێڵکاری ژمارە (6)ی بەشی یەکەم

(8) أ- det + N ⟵ فرێزی دیارخەری

بۆ نمونە (باوك + ی ، کوڕ + ی ، دەست + م)

بشڕوانە هێڵکاری ژمارە (5) ی بەشی یەکەم.

ب- det + D' ⟵ فرێزی دیارخەری

بۆ نمونە (کوڕەکە + ی ، خوێندکارەکان + ی ، دەستێك + م)

بشڕوانە هێڵکاری ژمارە (9) ی بەشی یەکەم.

## دووەم/ دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی دیارخەری

(1) تاکبەند (Distributive) + D'

بۆ نمونە (تەنیا کوڕەکە ، هەر کوڕەکوردەکە ، تەنیا کچە جوانەکە)

(2) ژمارە (Number) + D'

بۆ نمونە (سێ خوێندکارەکە ، دو کوڕەکوردەکە ، چوار کچەجوانەکە)

(3) ڕادە (Quantifier) + D'

بۆ نمونە (هەمو خوێندکارەکان ، چەند کورەکوردێك ، هەمو کچە جوانەکان)

(4) ناوی ئاوەڵکرداری + D'

بۆ نمونە (سەر شاخەکە ، ژێر دارەکە ، بن دیوارەکە)

(5) وشەی پرس + D'

بۆ نمونە (چ کوڕێك ، چ کتێبێك)

### 3 -1/3) یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناویدا

**یەکەم/ فرێزی ئاوەڵناویی سادە**

A ⟵ A' بۆ نمونە (زیرەك ، ئازا ، جوان)

**دووەم/ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی**

(1) A + [det + N] ⟵ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی

بۆ نمونە ( خوێندکاری زیرەك ، کچی جوان ، پیاوی باش )

(2) A + [det + D'] ⟵ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی

بۆ نمونە ( خوێندکارێکی زیرەك ، کچێکی جوان ، پیاوێکی باش )

(3) A + [ det + A' ] ⟵ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی

بۆ نمونە (شوتییەکی سوری گەورە ، سێوێکی زەردی جوان)

(4) A' + [ det + A' ] ⟵ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی

بۆ نمونە (شوتییەکی سوری شیرین و گەورە ، سێوێکی زەردی ناسك و جوان)

(5) [ A' ] + conj + [ A' ] ⟵ فرێزی ئاوەڵناوی

بۆ نمونە (شوتیی سور و سێوی زەرد ، کوڕێکی زیرەك و کچێکی جوان)

**سێیەم/ فرێزی ئاوەڵناوی لە سەر و تەواوکەر بەبێ خستنەپاڵ پێکهاتبێت**

(1) A + P' ⟵ فرێزی ئاوەڵناوی

بۆ نمونە ( لە ئازاد زیرەکتر ، لە من ئازاتر ، لە تۆ زویر )

(2) P' + A ⟵ فرێزی ئاوەڵناوی

بۆ نمونە (زیرەکتر لە ئازاد ، ئازاتر لە من ، جوانتر لە ئەو )

**چوارەم/ دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی ئاوەڵناوی**

(1) **تاکبەند** (Distributive) + A'

**بۆ نمونە (تەنیا خوێندکارێکی زیرەك ، هەر سێوی زەرد )**

(2) **ژمارە** (Number) + A'

**بۆ نمونە (سێ خوێندکاری زیرەك ، دو کوڕی باش ، سێ شوتیی گەورە)**

(3) **ڕادە** (Quantifier) + A'

**بۆ نمونە (زۆر زیرەك ، زۆر سارد ، زۆر کچی جوان ، زۆر چاوی شین)**

(4) **وشەی پرس** + A'

**بۆ نمونە (کام خوێندکاری زیرەك ، چەند کوڕی باش)**

(5) **وشەی نیشانە** (Demonstrative) + A'

**بۆنمونە (ئەم خوێندکارە زیرەکانە ، ئەو کچە جوانە)**

**4 -1/3) یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فرێزی پێشناویدا**

**یەکەم/ یاساکانی ڕۆنانی فرێزی پێشناوی**

(1) N' + (P) PREPOSTION ⟵ **فرێزی پێشناوی**

**بۆ نمونە ( بۆ ڤاناس ، لە هەولێر )**

(2) D' + P ⟵ **فرێزی پێشناوی**

**بۆ نمونە ( لە کوڕەکە ، بۆ پیاوە هەژارەکە ، بۆ کوڕەکوردەکە)**

(3) A' + P ⟵ **فرێزی پێشناوی**

**بۆ نمونە ( بە پیاوێکی پیر ، لە خوێندکارێکی زیرەك ، بۆ کچێکی جوان)**

**دووەم/ دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی پێشناوی**

(1) P' + Distributive

**بۆ نمونە (تەنیا بۆ ئازاد ، هەر لە باخەکە ، تەنیا بۆ پیاوی پیر)**

(2) P' + Number

**بۆ نمونە (سێ لە پیاوەکان ، چوار لە خوێندکارە زیرەکەکان)**

(3) P' + Quantifier

**بۆ نمونە (تۆزێك لە ئاوەکە ، زۆر لە ژورەوە ، هەندێك لە خوێندکارەکان)**

P' + Adverb (4)

بۆ نمونە (هێشتا لەماڵەوە ، هەرگیز لە خوێندن)

## 5 -1/3) یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵکرداریدا

### یەکەم/ یاساکانی ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵکرداری

ADVERB (1) ⟵ فرێزی ئاوەڵکرداری

بۆ نمونە (درەنگ ، زو ، ئێستا...)

ADVERB + N' (2) ⟵ فرێزی ئاوەڵکرداری

بۆ نمونە (شەو درەنگ)

ADVERB + [ det + N'] (3) ⟵ فرێزی ئاوەڵکرداری

بۆ نمونە (بەیانیی زو ، ساڵی پار)

### دووەم/ دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی ئاوەڵکرداری

ADV P + Distributive (1)

بۆ نمونە (هەر زو ، هەر درەنگ ، تەنیا ئەمڕۆ)

ADV P + Quantifier (2)

بۆ نمونە (زۆر درەنگ ، تۆزێك زو ، کەمێك خێرا)

ADV P + Number ژمارە (3)

بۆ نمونە ( سێ شەو ، دو ڕۆژ)

### سێیەم/ جێکەوتەی پێکەوەهاتنی فرێزە ئاوەڵکرداری و پێشناوییەکان

(بکەر(DP/NP) + (دەرخەرێك ئەگەر هەبێت) + ئاوەڵکرداری کات + ئاوەڵکرداری شوێن(ئەگەر هەبێت) + بەرکاری ڕاستەوخۆ (DP/NP) + بەرکاری ناڕاستەوخۆ (PP) + کردار (V) ) .

بۆ نمونە( من هەندێ شەو لەماڵەوە چیرۆك بۆ ڤاناس دەخوێنمەوە ).

( خوێندکارەکە هەر زو کتێبەکە بۆ مامۆستا دەباتەوە .)

## 6 -1/3) یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فرێزی کرداریدا

### یەکەم/ یاساکانی ڕۆنانی فرێزی کرداری (کرداری تەواو)

أ) ڕابردو و ڕانەبردوی تێنەپەڕ

(1) V ⟵ V'

بۆ نمونە (هاتم ، دەچین ، کەوتن )

(2) V + ADVP ⟵ فرێزی کرداری

بۆ نمونە (درەنگ هاتەوە ، ئێستا دەخەوین )

(3) V + P' ⟵ فرێزی کرداری

بۆ نمونە (بە پێ هات ، لە بێشکەکەدا دەنوێت)

(4) P' + V ⟵ فرێزی کرداری

بۆ نمونە (کەوتە حەوزەکەوە ، دەچینە ژورەوە)

(5) V + P' + ADVP ⟵ فرێزی کرداری

بۆ نمونە (ئێستا لە ژورەوە دانیشتووە .)، ( بەیانی زو بە پێ دەگەڕێینەوە.)

ب) ڕابردو و ڕانەبردوی تێپەڕ

(1) V + N' ⟵ فرێزی کرداری

بۆ نمونە (ئازادم بینی .) ، ( نان دەخۆم.)

(2) V + D' ⟵ فرێزی کرداری

بۆ نمونە (کوڕەکوردەکەم بینی.) ، (کتێبەکە دەکڕم.)

(3) V + A' ⟵ فرێزی کرداری

بۆ نمونە (کوڕێکی باشم ناسی.) ، (خوێندکارێکی زیرەك دەناسم.)

(4) أ- V + A'/D'/N' + ADVP ⟵ فرێزی کرداری

بۆ نمونە ( ئێستا ئازادم بینی.) ، (زو نان دەخۆم.)

(ئێستا کوڕەکەم بینی.) ، (زو نانەکە دەخۆم.)

(ئێستا کوڕێکی باشم بینی.) ، (سبەینێ کارێکی باش دەکەم.)

ب- V + P' + A'/D'/N' + P' + ADVP ⟵ فرێزی کرداری

بۆ نمونە (ئێستا لەژورەوە نامەم بۆ ئازاد دەنوسی.)

(ئێستا لەکتێبخانە نامەکە بۆ ئازاد دەنوسم.)

(ئەمڕۆ لە باخچەکە گوڵێکی سور بۆ ئازاد لێدەکەمەوە.)

پ- P' + V + A'/D'/N' + ADVP ⟵ فرێزی کرداری

بۆ نمونە (ئێستا پارە دەدەم بە هەژارەکە.)

( ئەمڕۆ کتێبەکەم خستە کتێبخانەکەوە.)

(بەیانیی زو گوڵێکی سورم دا بە ئازاد.)

**دووەم/ یاساکانی ڕۆنانی فرێزی کرداری (کرداری ناتەواو)**

(1) Defective Verb + N'

بۆ نمونە (ئازاد کوردە .)

(باوکم مامۆستابو.)

(2) Defective Verb + A'

بۆ نمونە (کچەکە جوانە.)

(خوێندکارەکە زیرەك بو.)

(3) Defective Verb + D'

بۆ نمونە (ئەوە کوڕە کوردەکەیە.) ، (ئەمە نامەکەیە .)

(4) Defective Verb + P'

بۆ نمونە (کلیلی دەرگاکە بەئازادە.) ، (دیارییەکە بۆ ئێوە بو.)

(5) Defective Verb + ADVP

بۆ نمونە (ئاهەنگەکە ئێستایە.) ، (بۆ نانی ئێوارە درەنگ دەبێت.)

## 2/3 کۆی گشت یاسا بەدەستهاتووەکان لە زاری کرمانجیی ژوورودا

### 2/3- 1) یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فرێزی ناویدا

**یەکەم/ فرێزی ناویی سادە**

N' ← N

بۆ نمونە (ڤاناس ، کوڕ ، ئاو ، هێز ، شەرم ، ئەز ، من)

**دووەم/ دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی ناویی سادە**

(1) تاکبەند (Distributive) + N'

بۆ نمونە (تنێ ئازاد ، هەر ڤاناس)

(2) ژمارە (Number) + N'

بۆ نمونە (سێ خویندکار ، دو کوڕ )

(3) ڕادە (Quantifier) + N'

بۆ نمونە (هندەك خویندنگە ، پیچەك نان)

(4) وشەی پرس + N'

بۆ نمونە (کیژ خوێندکار ، چەند میڤان )

(5) وشەی نیشانە (Demonstrative) + N'

بۆنمونە (ئەڤ خویندکارە ، ڤی کوری ، ڤێ کچێ ، ئەو کوڕ)

(6) بریناو + N'

بۆ نمونە ( مامۆستا ئازاد ، شێخ ئەحمەد ، حاجی کەریم)

(7) ناوی ئاوەڵکرداری + N'

بۆ نمونە (سەر چیایێ کۆرەکی ، بن بەری)

(8) فرێزی ئاوەڵناوی (لەپلەی باڵادا) + N'

بۆ نمونە (باشترین مامۆستا ، ئازاترین پێشمەرگە)

(9) فرێزی دیارخەری + N'

بۆ نمونە (سێ تەنێن چیمەنتۆیێ ، چار فەردێن شەکرێ)

(10) سەرەو ڕیزبون و پێکەوەهاتنی دەرخەرەکان لە فرێزی ناویدا:

N' + Number + Demonstrative + Distributive

بۆ نمونە (هەر ئەڤ چار خویندکارە)

**سێیەم/ فرێزی ناویی خستنەپاڵ**

(1) N + [det + N] ⟵ **فرێزی خستنەپاڵی خاوەندارێتی**

**بۆ نمونە (دەستێ نەسرینێ ، چاڤێ من ، قەپقەپا کەوێ)**

(2) N' + [det + N] ⟵ **فرێزی خستنەپاڵی خاوەندارێتی**

**بۆ نمونە (تریێ دەڤەرا شارباژێرێ ، سێڤا دەڤەرا بەرواریێ)**

(3) N + [det + D'] ⟵ **فرێزی خستنەپاڵی خاوەندارێتی**

**بۆ نمونە (دەستەکێ ڤاناسێ ، چاڤەکێ من)**

(4) N' + [det + D'] ⟵ **فرێزی خستنەپاڵی خاوەندارێتی**

**بۆ نمونە (مزگەفتەکا باژێرێ دهۆکێ ، بازارەکا باژێرێ هەولێرێ)**

(5) N + [det + N] ⟵ **فرێزی ناوی خستنەپاڵ (خستنەپاڵی گشتی)**

**بۆ نمونە (ئاسۆیێ دەلاك ، بەنازا خەیات ، کاوەیێ ئاسینگەر)**

(6) N + [det + N] ⟵ **فرێزی ناوی خستنەپاڵ (خستنەپاڵی تایبەتی)**

**بۆ نمونە ( چیایێ کۆرەکی ، زانکۆیا دهۆکێ)**

## 2/3 -2) یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فرێزی دیارخەریدا

**یەکەم/ یاساکانی ڕۆنانی فرێزی دیارخەری**

(1) Det + N ⟵ **فرێزی دیارخەری**

**بۆ نمونە (کوڕەك ، دەفتەرەك ، کچان ، مریشکان)**

(2) D' + [det + N] ⟵ **فرێزی دیارخەری**

**بۆ نمونە (بابێ کوڕا(ن) ، دیرۆکا باژێرا(ن) ، کوڕەکوردەك)**

(3) D' + [det + D'] ⟵ **فرێزی دیارخەری**

**بۆ نمونە (دوکانەکا بازاڕەکێ ، کوڕێن زەلامەکی)**

(4) **دەستەواژیلە** (Det + (sub phrase ⟵ **فرێزی دیارخەری**

(5) **یاساکانی دەستەواژیلە :**

أ- [ N + [det + N ⟵ **دەستەواژیلەی ناویی سینتاکسی**

**بۆ نمونە (دیرۆکا باژێری ، قوتابخانا ناوەندیی )**

ب- N + [det + N] ⟵ دەستەواژیلەی ناویی مۆرفۆلۆژی

بۆ نمونە ( کوڕە کورد ، کچە کورد )

(6) D + [ N'] ⟵ فرێزی دیارخەری

بۆ نمونە (دیرۆکا باژێرەکی ، کوڕە کوردەکی) ،

(7) أ- det + N ⟵ فرێزی دیارخەری

بۆ نمونە (باب + ێ ، دایك + ا ، کوڕ + ێن )

بشڕوانە هێڵکاریی ژمارە (5) و نمونەی (75) ی بەشی دووەم.

ب- det + D' ⟵ فرێزی دیارخەری بڕوانە (76)

بۆ نمونە (کوڕەك + ێ ، کچەك + ا )

بشڕوانە هێڵکاریی ژمارە (6) و نمونەی (76) ی بەشی دووەم.

دووەم/ دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی دیارخەری

(1) تاکبەند (Distributive) + D'

بۆ نمونە (تنێ کچەك ، هەر کوڕەکوردەك)

(2) ژمارە (Number) + D'

بۆ نمونە (سێ کچان ، دو زەلامان )

(3) ڕادە (Quantifier) + D'

بۆ نمونە (هەمی کوڕا(ن) ، گشت زەلامان)

(4) ناوی ئاوەڵکرداری + D'

بۆ نمونە (سەر روبارەکی ، بن بەرەکی)

(5) وشەی پرس + D'

بۆ نمونە (چ کوڕەك ، چ پەرتوکەك)

## 2/3- 3) یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فریزی ئاوەڵناویدا

**یەکەم/ فریزی ئاوەڵناویی سادە**

A ⟵ A' **بۆ نمونە (زیرەك ، ئازا ، جوان)**

**دووەم/ فریزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی**

(1) A + [det + N ] ⟵ **فریزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی**

**بۆ نمونە ( قوتابیێ زیرەك ، کچا جوان ، زەلامێ ئازا )**

(2) A + [det + D'] ⟵ **فریزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی**

**بۆ نمونە ( قوتابییەکێ زیرەك ، کچەکا جوان ، زەلامەکێ ئازا )**

(3) A + [ det + A' ] ⟵ **فریزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی**

**بۆ نمونە (شتییەکێ سۆرێ مەزن ، سێڤەکا زەرێ جوان)**

(4) A' + [ det + A' ] ⟵ **فریزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی**

**بۆ نمونە (شتییەکێ سۆرێ شیرین و مەزن ، سێڤەکا زەرێ ناسك و جوان)**

(5) [ A' ] + conj + [ A' ] ⟵ **فریزی ئاوەڵناوی**

**بۆ نمونە (شتییەکێ سۆر و سێڤەکا زەر ، کوڕێکی زیرەك و کچێکی جوان)**

(6) A + { [det + N ] + [det + N ] } ⟵ **فریزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی**

**بۆ نمونە ( کوڕێن مەیێن زیرەك ) (کوڕە زیرەکەکانی ئێمە)**

**(کچا منا جوان ) (کچە جوانەکەی من)**

**(پێشمەرگەییێن مەیێن ئازا) (پێشمەرگە ئازاکانی ئێمە)**

**سێیەم/ فریزی ئاوەڵناوی لە سەر و تەواوکەر بەبێ خستنەپاڵ پێکهاتبێت**

(1) A + P' ⟵ **فریزی ئاوەڵناوی**

**بۆ نمونە ( ژ ئازادی زیرەکتر ، ل من ئازاتر ، ل تە زیز )**

(2) P' + A ⟵ **فریزی ئاوەڵناوی**

**بۆ نمونە (زیرەکتر ژ ئازادی ، ئازاتر ژ من ، جوانتر ژ وێ )**

**چوارەم/ دەرخەرەکانی پێشەوەی فریزی ئاوەڵناوی**

(1) **تاکبەند** (Distributive) + A'

**بۆ نمونە (تنێ قوتابییەکێ زیرەك ، هەر سێڤا زەر )**

(2) ژماره (Number) + 'A

بۆ نمونه (چار قوتابیێن زیرەك ، دو کوڕێن باش ، سێ شتیێن مەزن)

(3) ڕاده (Quantifier) + 'A

بۆ نمونه (گەلەك زیرەك ، پیچەك نەساخ ، زۆر جوان)

(4) وشەی پرس + 'A

بۆ نمونه (کیژ قوتابیێ زیرەك ، چەند کوڕەکێن ئازا)

(5) وشەی نیشانه (Demonstrative) + 'A

بۆنمونه (ئەڤ کوڕێن زیرەك، ئەو کچێن جوان)

### 2/3- 4) یاسا بەدەستهاتووەکان له ڕۆنانی فرێزی پێشناویدا

**یەکەم/ یاساکانی ڕۆنانی فرێزی پێشناوی**

(1) PREPOSTION (P) + 'N ⟵ فرێزی پێشناوی

بۆ نمونه ( بۆ ڤاناسێ ، ب ترومبیلێ ، ل باژێڕی )

(2) D' + P ⟵ فرێزی پێشناوی

بۆ نمونه ( بو کچەکێ ، ژ زەلامەکی ، بو کوڕەکوردەکی)

(3) A' + P ⟵ فرێزی پێشناوی

بۆ نمونه ( ژ قوتابیێ زیرەك ، بو ژنەکا نەساخ ، ب کچکا جوان)

**دووەم/ دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی پێشناوی**

(1) Distributive + 'P

بۆ نمونه (تنێ بو زانکۆیێ ، هەر ل سەربانی ، هەر ژ دهۆکێڤە)

(2) Number + 'P

بۆ نمونه (چار ژ وان زەلامان ، دو ژ قوتابیێن زیرەك)

(3) Quantifier + 'P

بۆ نمونه (پیچەك ژ وی نانی ، گەلەك ب لەز ، هندەك ژ وان کچان)

(4) Adverb + 'P

بۆ نمونه (نوکه ل مالا وان ، ئێڤاری ل بازاری)

## 5 -2/3) یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵکرداریدا

### یەکەم/ یاساکانی ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵکرداری

(1) ADVERB ⟵ فرێزی ئاوەڵکرداری

بۆ نمونە (درەنگ ، زو ، هەرگیز ، نوکە...)

(2) ADVERB + N' ⟵ فرێزی ئاوەڵکرداری

بۆ نمونە (شەڤ درەنگ)

(3) ADVERB + [ det + N'] ⟵ فرێزی ئاوەڵکرداری

بۆ نمونە (سپێدێ زو ، سالا پار )

### دووەم/ دەرخەرەکانی پێشەوەی فرێزی ئاوەڵکرداری

(1) تاکبەند ADV P + Distributive

بۆ نمونە (هەر زو ، تنێ ئەڤرۆ)

(2) ڕادە ADV P + Quantifier

بۆ نمونە (گەلەك زو ، پیچەك درەنگ )

(3) ژمارە ADV P + Number

بۆ نمونە ( سێ شەڤ ، دو ڕۆژ)

### سێیەم/ جێکەوتەی پێکەوەهاتنی فرێزە ئاوەڵکرداری و پێشناوییەکان

| |
|---|
| (بکەر(DP/NP) + (دەرخەرێك ئەگەر هەبێت) + ئاوەڵکرداری کات + ئاوەڵکرداری شوێن(ئەگەر هەبێت) + بەرکاری ڕاستەوخۆ (DP/NP) + بەرکاری ناڕاستەوخۆ (PP) + کردار (V) ) . |

بۆ نمونە( ئەز ئەڤرۆ پەرتوکەکێ بۆ ڤاناسێ دکرم ).

### 2/3-5) یاسا بەدەستهاتووەکان لە ڕۆنانی فرێزی کرداریدا

یەکەم/ یاساکانی ڕۆنانی فرێزی کرداری (کرداری تەواو)

أ) ڕابردو و ڕانەبردوی تێنەپەڕ

(1) V ⟵ V'

بۆ نمونە (هاتم ، دچین ، نڤستی )

(2) V + ADVP ⟵ فرێزی کرداری

بۆ نمونە (نوکە نڤست.)

( زو دنڤیت. )

(3) V + P' ⟵ فرێزی کرداری

بۆ نمونە (ب ترۆمبیلێ دهێم .)

(ل سەربانێ دنڤیت.)

(4) P' + V ⟵ فرێزی کرداری

بۆ نمونە (دچینە دهۆکێ.)

(هاتیمە باژێڕی.)

(5) V + P' + ADVP ⟵ فرێزی کرداری

بۆ نمونە (نوکە ل سەربانێ دنڤیت.)

(ئەڤرۆ ب ترۆمبیلێ هات.)

ب) ڕابردو و ڕانەبردوی تێپەڕ

(1) V + N' ⟵ فرێزی کرداری

بۆ نمونە (من ئازاد دیت .)
(من تو دیتی.) } کرداری ڕابردوی تێپەڕ

(ئەز نامەیێ دنڤیسم.)
(ئەم نانی دخوین.) } کرداری ڕانەبردوی تێپەڕ

(2) V + D' ⟵ فرێزی کرداری

بۆ نمونە (من کوڕەك دیت .)
( من نامەیەك نڤیسی.) } کرداری ڕابردوی تێپەڕ

(ئەز کوڕەکی دبینم.)
(ئەز نامەیەکی دنڤیسم.) } کرداری ڕانەبردوی تێپەڕ

(3) V + A' ⟵ فرێزی کرداری

بۆ نمونە (من قوتابییێ زیرەك دیت .)
(مە گولێن جوان کڕین.) } کرداری ڕابردوی تێپەڕ

(ئەز قوتابیەکێ زیرەك دبینم .)
(ئەز گولێن جوان دکڕم.) } کرداری ڕانەبردوی تێپەڕ

(4) أ- V + A'/D'/N' + ADVP ⟵ فرێزی کرداری

بۆ نمونە ( من نوکە ئازاد دیت.)
(من نوکە کوڕەك دیت.)
(من نوکە قوتابییێ زیرەك دیت .) } کرداری ڕابردوی تێپەڕ

(ئەز نوکە ئازادی دبینم.)
(ئەز سوبەهی کوڕەکی دبینم.)
(ئەز سوبەهی قوتابییێ زیرەك دبینم.) } کرداری ڕانەبردوی تێپەڕ

ب- V + P' + A'/D'/N' + P' + ADVP ⟵ فرێزی کرداری

بۆ نمونە (من نوکە ل بەرڕەخێ ئاڤێ نامە بۆ ئازادی نڤیسی.)
(من نوکە ل بەرڕەخێ ئاڤێ نامەیەك بۆ ئازادی نڤیسی.)
(من نوکە ل بەرڕەخێ ئاڤێ نامەیەکا جوان بۆ ئازادی نڤیسی.) } ڕابردوی تێپەڕ

(ئەز سوبەهی ل بەرڕەخێ ئاڤێ نامەیێ بۆ ئازادی دنڤیسم.)
(ئەز سوبەهی ل بەرڕەخێ ئاڤێ نامەیەکێ بۆ ئازادی دنڤیسم.)
(ئەز سوبەهی ل بەرڕەخێ ئاڤێ نامەیەکا جوان بۆ ئازادی دنڤیسم.) } ڕانەبردوی تێپەڕ

پ- ADVP + A'/D'/N' + V + P' ⟵ فرێزی کرداری

بۆ نمونە (من نوکە ل بەررەخێ ئاڤێ نامە دانە ئازادی.)
(من نوکە ل بەررەخێ ئاڤێ نامەیەك بۆ ئازادی نڤیسی.) } ڕابردوی تێپەڕ
(من نوکە ل بەررەخێ ئاڤێ نامەیەکا جوان بۆ ئازادی نڤیسی.)

(ئەز سوبەهی ل بەررەخێ ئاڤێ نامەیێ ددەمە ئازادی.)
(ئەز سوبەهی ل بەررەخێ ئاڤێ نامەیەکێ ددەمە ئازادی.) } ڕانەبردوی تێپەڕ
(ئەز سوبەهی ل بەررەخێ ئاڤێ نامەیەکا جوان ددەمە ئازادی.)

**دووەم/ یاساکانی ڕۆنانی فرێزی کرداری (کرداری ناتەواو)**

(1) Defective Verb + N'

بۆ نمونە (ئازاد کوردە .)

(ڤاناس مامۆستابو.)

(2) Defective Verb + A'

بۆ نمونە (ڤاناس جوانە.)

(ئازاد زیرەك بو.)

(3) Defective Verb + D'

بۆ نمونە (ئەڤە کوڕەکە.)

(ئەڤە دەفتەرەك بو.)

(4) Defective Verb + P'

بۆ نمونە (مالامە ل دهۆکێ یە) ، (پەرتوك ب ئازادی یە.)

(5) Defective Verb + ADVP

بۆ نمونە (ئاهەنگ نوکەیە.) ،

(ژ بۆ نانێ ئێڤارێ زویە.)

(یاری دوهی بو.)


## 3/3 ) جیاوازیی نێوان ڕۆنانی چەشن و جۆرەکانی فرێز لە هەردو زارەکەدا


**لە بەشی یەکەمدا ڕۆنانی چەشن و جۆرەکانی فرێز بۆ زاری کرمانجیی ناوەڕاست ، بەپێی ئەو یاسایانەی دەستکەوتن ، بەسەر زاری کرمانجیی ژوروشدا ، سەرەڕای تایبەتێتییەکانی زارەکە تاقیکرانەوە ، بەشێوەیەکی گشتیی زاری کرمانجیی ژوروش بەپێی هەمان یاسا و دەستور ڕۆنانی فرێزەکانی بەرهەمدەهێنێت ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جیاوازییانەی خوارەوە بەدیدەکرێن :**

**یەکەم/**

**لە (ز ك ن) دا لە ڕۆنانی فرێزی خستنەپاڵی خاوەنێتیدا ، یەکێك لە یاساکانی بریتییەلە: N + { det + [Det + A'] } ، وەك (کوڕە زیرەکەکانی ئێمە ، کچە جوانەکەی ئازاد) ، بەڵام لە (ز ك ژ) دا ئەم یاسایە لەبەر نەبونی دەستەواژیلەی ئاوەڵناوی بەدیناکرێت ، بەڵکو لە واتادا بەرامبەرە بە فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی (کوڕێن مەیێن زیرەك) ، کە یاساکەی بریتییە لە : A + { [det + N ] + [det + N ] } ، بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر بڕوانە هێڵکاری ژمارە (1) و (2) ، کە هێڵکاری ژمارە (1) ڕۆنانی (کوڕە زیرەکەکانی ئێمە) لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا ڕوندەکاتەوە و هێڵکاری ژمارە (2) ڕۆنانەکە لە زاری کرمانجیی ژورودا ڕوندەکاتەوە .**

**هێڵکاری ژمارە (1)**






**هێڵكاری ژماره (2)**

**دووەم/ أ- لە زاری كرمانجیی ناوەڕاستدا ، یەكێك لە یاساكانی فرێزی دیارخەریی ، دەستەواژیلەی مۆرفۆلۆژیی ئاوەڵناوی تەواوكەری سەری فرێزەكەیە ، واتە (دەستەواژیلەی ئاوەڵناوی) جێكەوتەی تەواوكەر پڕ دەكاتەوە وەك (كوڕە ئازاكە)، بەڵام لە زاری كرمانجیی ژوردا فرێزێكی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی كە (كوڕێن ئازا) یە ، لەواتادا بەرامبەر فرێزی دیارخەریی (كوڕە ئازاكە) دەوەستێتەوە ، ئەمەش دەبێتە بەڵگەی ئەوەی كە هەر فرێزێكی دیارخەریی لە (ز ك ن)دا تەواوكەرەكەی لە دەستەواژیلەیەكی ئاوەڵناوی پێكهاتبو ، ئەوا لە (ز ك ژ)دا ، لە واتادا بەرامبەر فرێزێكی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی دەوەستێتەوە .**

**هەروەها دەروازەی فەرهەنگی دیارخەرەكان ، لە كرمانجیی ناوەڕاستدا جگە لە (Det + N) ، دو كەتیگۆریی سینتاكسی وەك زانیاری سینتاكسی هەڵگرتووە كە ئەمانەن:**

1- $D + [\ N\ ]$ (بڕوانه (73- ب پ) ی بەشی یەکەم).

2- $D + [\ A'\ ]$ (بڕوانه (73 ت ج) ی بەشی یەکەم).

بەڵام لە زاری کرمانجیی ژوورودا تەنها کەتیگۆرییەکی سینتاکسیی کە $\left(D + [\ N']\right)$ ە ، وەك زانیاری سینتاکسی هەڵگرتووە ، (بڕوانه (81  أ ب) ی بەشی یەکەم).

ب- لە (ز ك ن)دا بە پێی ئەو گریمانەیەی لە فرێزی دیارخەریدا خستمانەڕو ، کلیتیکی خاوەنێتی دەبێتە (det) و لەگەڵ تەواوکەرێکدا (D') بەرهەمدەهێنێت ، وەك (<u>دەستم</u> ، <u>کچەکەم</u>) ، ئەم یاسایە لە کرمانجیی ژوورودا بەدیناکرێت ، بەڵام لە واتادا لە (ز ك ژ) دا بەرامبەر بە فرێزێکی ناوی دەوەستێتەوە ، بۆ نمونە (<u>دەستێ من</u> ، <u>کچکا من</u>) ، ئەویش لەبەر ئەوەی لە زاری کرمانجیی ژوورودا کلیتیکی خاوەندارێتی نییە و ئەرکی خاوەندارێتی بە مۆرفۆسینتاکس جێبەجێ ناکرێت ، ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی ئەوەی کە فرێزی (دەستم / کچەکەم) لە کرمانجیی ناوەڕاستدا فرێزی دیارخەرین[1] و لە ڕۆناندا یەکسان نین بە فرێزی (دەستی من / کچەکەی من) بەڵام لە واتادا بەرامبەر بە فرێزی خستنەپاڵی ناویی دەوەستنەوە لە هەردو زارەکەدا ، هاوکات ئەو جێناوە کەسییە نەلکاوەی لە (ز ك ژ) دا ، لە دۆخی (Genative)دا ئەرکی دەرخەر دەبینێت لە فرێزێکی خستنەپاڵدا دەبێت لە دەستەی (من - مە) بێت.

پ- لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا ، یەکێك لە سەرە دیارخەرییەکانی فرێزی دیارخەری مۆرفیمەکانی /- ەکە/ ی تاك و /- ەکان/ ی کۆی ناسراوییە ، بەڵام لە زاری کرمانجیی ژوورودا مۆرفیمێکی تایبەت بە تاك و کۆی ناسراوی نییە وەك زاری کرمانجیی ناوەڕاست ، بەڵکو بە پێی چوارچێوەی قسەکردن ، لە ڕێی سەلیقەی زمانییەوە هەست بە ناسراویی ناوەکە دەکرێت ، لە کاتێکدا کە ناوەکە ، مۆرفیمی نەناسراوی لەسەر دەرنەکەوتبێت ، یان ئەرکی ناسراوییەکە بەهۆی کەرەسەی ترەوە جێبەجێ دەکرێت وەك ئاوەڵناوی نیشانە بۆ تاك و کۆی نزیك و دور[2] .

---

1- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه (60 ، 61 ، 62) ی بەشی یەکەم .

2- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه (1/2- 1- 1) ی بەشی دووەم .

سێیەم/ ژمارەی تەرتیبی لەزاری کرمانجیی ناوەڕاستدا ، دەبێتە دەرخەری پێشەوە و دەرخەری دواوەی فرێزی ناوی ، یاسای پێکهاتنیشی بریتییە لە (ژمارەی بنجی + /- ەم /،/- ەمین/) ، ئەو ژمارە تەرتیببییەی بەهۆی مۆرفیمی/- ەمین/ ەوە دروست دەبێت ، پەسەندترە وەك دەرخەری پێشەوەی فرێزەکە ، پێش دەرخراوەکە بکەوێت (بڕوانە (17- ب پ)ی بەشی یەکەم) ، بەڵام لە زاری کرمانجیی ژورودا بەشێوەیەکی چالاك دەبێتە دەرخەری دواوەی فرێزی ناوی (بڕوانە (69)ی بەشی دووەم ) ، هاوکات ژمارەی بنجی لە هەردو زارەکەدا جێکەوتەی دەرخەری پێشەوەی فرێزەکە پڕ دەکەنەوە ، بەڵام ژمارەی کەرتی لە هەردو زارەکەدا ، دەبێتە دەرخراو لە فرێزی خستنەپاڵدا.

چوارەم/ لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا مۆرفیمی خستنەپاڵ بریتین لە / - ی/ ، / - ە/ ، کە تەنها ئەرکی خستنەپاڵ جێبەجێ دەکەن دور لە ژمارە و توخم ، واتە لەگەڵ ناوی (تاك و کۆ) و (نێر و مێ)دا بەکاردێن و دەچنە سەر دیاخراوەکە ، بەڵام لە زاری کرمانجیی ژورودا مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ ، ئەرکی خستنەپاڵ و توخمیش بە پێی ژمارەی دیارخراوەکە جێبەجێ دەکەن ، بەم شێوەیە :

مۆرفیمی /- ێ/ بە دیارخراوی (نێر) ی (تاك)ەوە دەلکێت ، وەك (بابێ ئازادی ئەندازیارە .)

مۆرفیمی /- ا/ بە دیارخراوی (مێ) ی (تاك)ەوە دەلکێت ، وەك (زین خوشکا میرێ بۆتانێ بو.)

هەروەها مۆرفیمەکانی /- ێن ، ێد ، ێت/ بە دیارخراوی (کۆ) ی (نێر و مێ)وە دەلکێن ، وەك (بازێڕێن کوردستانێ جوانن.) ، (کوڕێد مە هشیارن.) ، (کچێت مە زیرەکن.) ، هەرچەندە پێشتر ئەوە ڕونکرایەوە ، کە لە نوسیندا زیاتر مۆرفیمی /- ێن/ بەکاردەهێنرێت و لە ئاخاوتنیشدا مۆرفیمی /- ێت/ زۆرتر بەکاردەهێنرێت ، ئەمەش ڕێژەییە ، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تری زارەکە دەگۆڕێت.

پێنجەم/ فرێزە ناوییە سادەکان و فرێزە دیارخەرییەکان لە زاری کرمانجیی ژورودا ، بەپێی توخم و جێکەوتەکەیان مۆرفیمی دۆخیان لەسەر دەردەکەوێت ، لەدۆخی بکەریدا لەگەڵ کرداری ڕابردوی تێپەڕدا و لە دۆخی بەرکاریدا لەگەڵ کرداری ڕانەبردوی تێپەڕدا ، وەك لە (2/1- 4- 1) ی بەشی دووەمدا بە وردی خرانەڕو .

بەڵام فرێزی خستنەپاڵی ناوی و خستنەپاڵی دیارخەریی بەهۆی مۆرفیمی خستنەپاڵەوە و فرێزە پێشناوییەکان بەهۆی پێشناوەکانەوە ، حوکمێکی خۆجێیەتییان هەیە و دەرکەوتنی مۆرفیمی دۆخەکەیان پەیوەندی بەکردارەوە نییە ، بۆ نمونە (بابێ ئازادی ، دایکا نەسرینێ ، کوڕێن زەلامەکی ، دوکانەکا بازاڕەکێ) ، (ل بازێڕی ، بو ڤاناسێ ، بو کچکەکێ ، ژ زەلامەکی) ، بەڵام لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا ئەمە بەدیناکرێت و جێکەوتەکان چەسپاون.

شەشەم/ فرێزی کرداریی لە زاری کرمانجیی ژورودا جگە لە مۆرفیمی دەمکاتی ڕانەبردو ، کە / د - /ە ، مۆرفیمی دەمکاتی داهاتوشی هەیە ، کە /دێ -/ یە ، بۆ نمونە :
(دچم ، دێچم) ، ئەوەی شایەنی باسە مۆرفیمی دەمکاتی داهاتو لە ڕستەیەکی کردار تێپەڕدا ، بەشێوەیەکی چالاك جێکەوتەکەی دەگۆڕێت و پێش فرێزە ناوییە بەرکارییەکە یان فرێزە دیارخەرییە بەرکارییەکە دەکەوێت ، هەروەها پێش فرێزی پێشناویش دەکەوێت ، ئەگەر هەبێت ، واتە دو جێکەوتە لە نێوان خۆی و ڕەگی کردارەکەدا بەجێدەهێڵێت ، بەڵام مۆرفیمی دەمکاتی ڕانەبردو هیچ جێکەوتەیەك بەجێناهێڵێت ، بۆ نمونە :
(ئەز نانی دخوم .) ، (ئەز نانی دێ خوم. / ئەز دێ نانی خوم.)
(ئەز دێ نامەی بو ئازادی نڤیسم.)
بەڵام لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا مۆرفیمی تایبەت بە دەمکاتی داهاتو نییە وەك (ز ك ژ) تا لەسەر ڕەگی کردارەکە دەربکەوێت ، بەڵکو بەهۆی فرێزی ئاوەڵکردارییی کاتەوە کاتی ئێستا و داهاتو دیاریدەکرێت ، بۆ نمونە (ئێستا نامەکە دەنوسم.) ، (سبەینێ نامەکە دەنوسم.).

حەوتەم/ فرێزی ئاوەڵکرداری لە هەردو زارەکەدا جێکەوتەیەکی چەسپاوی نییە ، بەڵکو توانای جێگۆڕکێکردنی هەیە ، بەڵام لە زاری کرمانجییی ژورودا ، لەوکاتەی کە فرێزێکی ئاوەڵکردارییی کاتی داهاتو ، لەگەڵ کردارێکی ڕانەبردوی کاتی داهاتودا بەکاردێت ، مۆرفیمی /دێ - / ی داهاتو ، جێگۆڕکێکردنی فرێزە ئاوەڵکردارییەکە سنوردار دەکات ، بەجۆرێك کە جێگۆڕکێکردنی لە پێش و یان پاشی فرێزە بکەرییەکە تێناپەڕێت ، بۆ نمونە :
(ئەز سبەهی دێ نامەی بو ئازادی نڤیسم. / سبەهی ئەز دێ نامەی بو ئازادی نڤیسم. ) ، بەجۆرێك ڕێگە نادرێت بە (⋆ ئەز دێ سبەهی نامەی بو ئازادی نڤیسم.)
(⋆ ئەز دێ نامەی سبەهی بو ئازادی نڤیسم.)

# ئەنجام

1- لەزاری کرمانجیی ناوەڕاست و زاری کرمانجیی ژورودا، مۆرفیمی خستنەپاڵ لە فرێزی خستنەپاڵی (ناوی و دیارخەری و ئاوەڵناوی) و (دەستەواژیلە)دا دەرخراو دەیهێنێت نەك دەرخەر، واتە لەڕوی واتاو ڕۆنانیشەوە سەر بە کەرتی یەکەمی فرێزەکەن، ئەمەش پەیڕەوی تیۆرەکە و ڕۆنانە سینتاکسییەکانی فرێزەکانی زمانی کوردی دەکات و فرێزەکە سەر کۆتا دەبێت نەك سەر سەرەتا، مۆرفیمی خستنەپاڵ لە زاری کرمانجیی ژورودا لەڕوی فۆڕمەوە لە مۆرفیمی خستنەپاڵی کرمانجیی ناوەڕاست جیاوازن، هەروەها لە (ز ك ن) دا تەنها ئەرکی خستنەپاڵ جێبەجێ دەکەن دور لە ژمارە و توخم، بەڵام لە (ز ك ژ) دا مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ، ئەرکی خستنەپاڵ و توخمیش بە پێی ژمارەی دیارخراوەکە جێبەجێ دەکەن.

2- ڕۆنانی فرێز لە زمانی کوردیدا لە هەردو زارەکەدا شەش چەشنن، کە بریتین لە (فرێزی ناوی ، فرێزی دیارخەری ، فرێزی ئاوەڵناوی ، فرێزی پێشناوی ، فرێزی ئاوەڵکرداری ، فرێزی کرداری)، هەمو فرێزەکانی زمانی کوردی جگە لە فرێزی پێشناوی لە ڕوی ڕۆنانەوە (سەر کۆتا)ن، بەڵام فرێزی پێشناوی سەر سەرەتایە، فرێزی پێشناوی لەو فرێزە کەتیگۆرییانەیە کەوا خاوەنی تایبەتیی خۆیەتی و بە پێی زمانەکان ئەگەرەکانی سنوردار دەکرێ، بەپێی ئەوەی زمانی کوردی لە زمانەکانی (SOV)یە دەبێ هەردەم سەر لە (PP)دا سەر کۆتا بێت، بەڵام ئەم ڕاستییە لە پرنسیپەکان دەردەچێت و دەچێتە چوارچێوەی پارامیتەرەکانی زمانی کوردی و سەری فرێزی بەند، سەر سەرەتا دەبێ و تەواوکەرێك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ.

3- فرێزی ناوی و فرێزی دیارخەریی دو جۆر فرێزن ، کە لە ڕوی ڕۆنانەوە جیاوازن و بەهۆی یاسای پێکهاتنیانەوە و بەهۆی دەرخەرەکانی پێشیانەوە خۆیان لەیەکتری جیادەکەنەوە .

4- بەپێی ئەو گریمانەیەی بۆ فرێزی دیارخەریی خرایەڕو، ئەو فرێزە مۆرفۆسینتاکسییەی بەهۆی کلیتیکی خاوەنێتییەوە دەربڕراوە، فرێزێکی دیارخەرییە، بەڵام دەربڕراوە سینتاکسییەکەی لەڕوی واتاوە بەرامبەرە بە فرێزێکی خستنەپاڵی ناوی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە فرێزێکی خاوەنێتی دەربڕراو بە کەرەسەی مۆرفۆسینتاکسیی لەڕوی ڕۆنانەوە یەکسان نییە بە فرێزێکی دەربڕراو بە کەرەسەی سینتاکسی، هەروەها لە زاری کرمانجیی ژورودا، لەبەر نەبونی کلیتیکی خاوەنێتی، خاوەنێتی لەو زارەدا بە مۆرفۆسینتاکس جێبەجێ ناکرێت.

5- هەر فرێزێکی دیارخەریی لە (ز ك ن)دا، تەواوکەرەکەی لە دەستەواژیلەیەکی ئاوەڵناوی پێکهاتبو، ئەوا لە (ز ك ژ)دا فرێزەکە بەهەمان واتا لەڕوی ڕۆنانەوە، بەرامبەر فرێزێکی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی دەوەستێتەوە، ئەمەش لەبەر نەبونی دەستەواژیلەی ئاوەڵناوییە لەو زارەدا.

6- لەبەرئەوەی زاری کرمانجیی ژورو زارێکی ئێرگەتیڤییە، فرێزە ناوییە سادەکان و فرێزە دیارخەرییەکان لە زاری کرمانجیی ژورودا، بەپێی توخم و جێکەوتەکەیان مۆرفیمی دۆخیان لەسەر دەردەکەوێت، لەدۆخی بکەریدا لەگەڵ کرداری ڕابردوی تێپەڕدا و لە دۆخی بەرکاریدا لەگەڵ کرداری ڕانەبردوی تێپەڕدا.

7- فرێزی خستنەپاڵی ناوی و خستنەپاڵی دیارخەریی بەهۆی مۆرفیمی خستنەپاڵەوە و فرێزە پێشناوییەکان بەهۆی پێشناوەکانەوە، حوکمێکی خۆجێیەتییان هەیە و دەرکەوتنی مۆرفیمی دۆخەکەیان پەیوەندی بەکردارەوە نییە .

8- مۆرفیمەکانی دۆخ لە زاری کرمانجیی ژورودا توخمیش دەردەبڕن، بەڵام ئەرکی ناسراوکردن جێبەجێ ناکەن ، چونکە ئەم مۆرفیمانە لە هەمو کاتێکدا ناچنەسەر ناو، هەروەها دەشچنە سەر ناوی تایبەتیش کە خۆیان ناسراون، لەبەر ئەوە جارێکی تر کردنی بەناسراو بێ بەها دەبێت، هەروەها دەشچنەسەر ناوێکی نەناسراو کە بەهۆی مۆرفیمی نەناسراوی /-ەك/ەوە نەناسراوییەکەی دەرخراوە.

9- دەرخەر و دەرخراو لە هەردو زارەکەدا هەمان سەرەو ڕیزبونیان هەیە، بەپێی یاسای سەرکۆتایی زمانی کوردی، دەرخەرەکانی پێشەوە سەری حوکمکەر نین، هەر لەبەر ئەوە لە فرێزەکاندا جێکەوتەی (Spec) پڕدەکەنەوە, کە جێکەوتەیەکی بێدۆخن، بەڵام دەرخەرەکانی دواوە لە چەپەوە بۆ ڕاست توانای حوکمکردنیان هەیە ، جگە لە فرێزی پێشناوی کە ئاراستەی حوکمکردنەکەی لە ڕاستەوە بۆ چەپە، چونکە پێشناوەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ حوکمی تەواوکەرەکەیان دەکەن.

10- لە (GB)دا لقە تیۆری (X- باڕ)، تیۆرییەکی گونجاوە بۆ ڕۆنان و شیکردنەوەی هەمو چەشن و جۆرەکانی فرێز لە زمانی کوردی دا.

# لیستی سەرچاوەکان

## 1- بە زمانی کوردی

### أ- کتێبەکان


1- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (1987)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی دووەم - جێناو، دار الحريه للگباعه ، بەغداد

2- ئومێد بەرزان برزو (2012)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، چاپی دووەم ، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

3- پ. ك. ك. کۆردۆیێڤ (1984)، ڕێزمانی کوردی بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، وەرگێڕانی لە ڕوسییەوە د. کوردستان موکریانی، چاپخانەی (الاديب البغدادی ).

4- سەباح ڕەشید قادر (2009)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

5- سەلام ناوخۆش (2008)، پوختەیەك دەربارەی زمانناسیی : مێژویی، بونیادگەری، چۆمسکی، چاپی دووەم، چاپخانەی کاروان، هەولێر.

6- صادق بهاوالدين ئامێدی (1987)، ڕێزمانا کوردی، کرمانجی یا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری، چاپا یەکێ، چاپخانا دار الشؤون الپقافيه العامه، بغداد.

7- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (2010)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

8- لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد (1976)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

9- لیژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە (2010)، زمان و ئەدەبی کوردی، کتێبێکی مەنهەجییە بۆ قۆناغی دەیەمی ئامادەیی، چاپی چوارەم ، چاپخانەی المستقبل ، لوبنان.

10- لیژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە (2011)، زمان و ئەدەبی کوردی، کتێبێکی مەنهەجییە بۆ قۆناغی دوانزەی ئامادەیی، چاپی شەشەم ، چاپخانەی المستقبل ، لوبنان.

11- محەمەدی مەحویی (2001)، ڕستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی .

12- محەمەد مەحویی و نەرمین عومەر ئەحمەد (2004)، مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی، چاپخانەی شارەوانی سلێمانی.

13- محمد طاهر گوهەرزی (1999)، ڕێزمانا کوردی زارێ کرمانجی، ژبەلاڤو کێت گوڤارا مەتین، چاپا ئێکێ، چاپخانا خەبات، دهۆك.

**ب- نامە ئەكادیمییەكان**

1- ئەبوبەكر عومەر قادر (2003)، بەراوردێكی مۆرفۆسینتاكسی لە زمانی كوردی و فارسی دا ، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

2- بەكر عومەر عەلی (1993)، بەستن و كرتاندن لە كوردیدا، نامەی ماجستێر، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین.

3- تارا موحسین قادر (2011)، زمانی كوردیی و مینیماڵ پرۆگرام، نامەی دكتۆرا، سكوڵی زمان، زانكۆی سلێمانی .

4- حاتەم ولیا محەمەد (2000)، فرێزی ناوی و فرێزی كاری لە كرمانجیی ژووروودا، نامەی ماجستێر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی.

5- حاتەم ولیا محەمەد (2006)، پەیوەندییە ڕۆنانییەكانی نواندنە سینتاكسییەكان، نامەی دكتۆرا، كۆلیجی زمان، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر.

6- دیار عەلی كەمال كەریم (2002)، ڕێزمانی كوردی ڕوانگەیەكی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماجستێر، كۆلێجی پەروەردە، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر.

7- فەرەیدون عەبدول محەمەد (1988)، نادیاری ، نامەی ماجستێر، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر.

8- ڤیان ئیبراهیم عەلی ئیبو (2015)، دوخ د زمانێ كوردیدا (گوڤەرا بەهدینی)، نامەی دكتۆرا ، سكوڵی ئاداب، زانكۆی دهۆك .

9- ڤیان سلێمان حاجی (2007)، كەرەسە بەتاڵەكان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، (شێوەزاری كرمانجیی سەرو) ، نامەی دكتۆرا ، كۆلێژی زمان ، زانكۆی سەلاحەدین .

10- قەیس كاكل تۆفیق (2002)، پەیوەندییەكانی نێو دەق، نامەی دكتۆرا، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین.

11- محەمەد عومەر عەول (2008)، كردەی تەواوكردن لە كرمانجیی خواروودا، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

## پ- گۆڤارەکان


1- ئەبوبەکر عومەر قادر (2007)، پارتیکڵ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (22) بەشی B.

2- بێستون حەسەن ئەحمەد (2012) ، ڕێکەوتنی نێوان بکەر و کردار لە ڕوی ژمارەوە لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (36)، بەشی B .

3- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف و کاروان عومەر قادر (2012)، کاریگەریی فەرهەنگ لە بنیاتی دروستە سینتاکسییەکاندا، مجله الاستاذ، کلیه التربیه ابن رشد  جامعه بغداد، العدد (200).

4- فەرەیدون عەبدول محەمەد (2012)، پاشماوەی سیستەمی ئێرگەتیڤیی لە کرمانجیی ناوەڕاستدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (37)، بەشی B.

5- فەرەیدون عەبدول محەمەد و ابوبەکر عومەر قادر(2010)، کەرەسە مۆرفۆسینتاکسییەکان لەکرمانجیی ژورودا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارە (27) ، بەشی B.

6- فەرەیدون عەبدول محەمەد و عادل ڕەشید قادر (2002)، دۆخ لە کرمانجیی ژووروودا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (9) ، بەشی B

7- محمد فاروق عومەر (1990)، دەستووری پێکەوەلکاندنی مرۆڤناو بەناوی باوك و باپیر و لەقەبەوە لەزمانی کوردی و چەند زمانێکی تردا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (126).


## ت- چاوپێکەوتن


1- پ. ی. د. عەبدولوەهاب خالید موسا، چاوپێکەوتن، بەرواری (2015/4/2)، زانکۆی دهۆك، دهۆك.

2- پ. ی. د. ئەبوبەکر عومەر قادر، چاوپێکەوتن، بەرواری (2014/10/8)، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

## 2- بەزمانی عەرەبی

1- جون لاينز (2001)، جومسكي ، ترجمة بيداء على العبيدي و نغم قحطان العزاوي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

2- نعوم جومسكى (1985)، جوانب من نظرية النحو، ترجمة مرتضى جواد الباقر، جامعة البصرة.

## 3- بەزمانی فارسی

1- تقى وحيديان كاميار 1389ھ (2010ز)، دستور زبان فارسى، بەرگى يەكەم چاپى دوازدەهەم ، تهران.

2- ويويان جيمز كوك 1374ھ (1995ز)، درامد بر دستورى جهانى چامسكى، مترجمان كورش لاچينى و فريد قائمى ، مركز انتشارات علمى دانشگاه ازاد اسلامى.

## 4- بەزمانی ئینگلیزی

1- Barwari, M. S. (2004), Topics in government and binding theory, with reference to English Northern Kurdish, Unpublished PhD dissertation, University of Salahadeen.

2- Black, Ch A. (1998), A step-by-step Introduction to the Government and binding Theory of Syntax, SIL - Mexico Branch and University of North Dakota. http:/www.sil.org/Americas/mexico/ling/ E002-intro GB. Pdf

3- Burton-Roberts, N. (1997), Analyzing sentences, Lancaster University.

4- Carnie, Andrew (2002), Syntax, A Generative Introduction, Black well publishing.

5- Chomsky, N. (1957), Syntactic Structure, Twelfth printing The Hague: mouton.

6- Chomsky, N. (1965), Aspects of the Theory of Syntax, Cambridge Massachusetts: MIT press.

7- Chomsky, N. (1981), Lectures on Government and Binding, Dordrecht: Foris.
8- Chomsky, N. (1982), Theory of Government and Binding, MIT press.
9- Chomsky, N. (1995), the Minimalist Program, Cambridge Massachusetts: MIT press.
10- Cook, V. J, and Mark Newson (1997), Chomsky's Universal Grammar, 2nd edition, Black well: Oxford
11- Crystal, D. (2003), a dictionary of Linguistics and Phonetics, 5th Edition, Black Well: Oxford.
12- Daniel W. Bruhn (2006), possessive Nominal Expressions in GB: DP vs. NP, http://linguistics.berkeley.edu/~dwbruhn/squib_final.pdf.
13- Fattah, M. M. (1997), A Generative Grammar of Kurdish, Unpublished Doctoral Dissertation, University of Amsterdam.
14- Finch, Geoffrey (2000), Linguistic term and Concepts, United States of America, Marin's Press, INC.
15- Fromkin, V. and Etal. (2000), an Introduction to Linguistic Theory, UK: Black well.
16- Fromkin, V. and Rodman, R. and Hymas, N. (2002), an Introduction to Languages, Thomson, U.S.A.
17- Haspelmath, M. (2002), Understanding Morphology, Arnold-Amember of the Hodder Headline Group: London.
18- Heagman, L. (1994), Introduction to Government and Binding Theory, Reprinted, 2nd edition, Oxford: Black well.
19- Huddleston, R. (1984), Introduction to the Grammar of English, Cambridge University press, Cambridge.
20- Leech, G. (2006), A Glossary of English Grammar, Edinburgh University press, Edinburgh.
21 - Martine Coene and Yves D'hulst (2003), From NP to DP: the syntax and semantics of noun phrase, Volume1. John Benjamin's Publishing Company, Amsterdam / Philadelphia.
22- Radford, A. (1997), Syntax: Minimalist introduction, Cambridge University press, Cambridge.

23- Robert, N. St. Clair (2011), Government Binding Theory, University of Louisville.http://www.structural-communication.com/Articles/govt-binding-theory.html

24- Tallerman, M. (1998), Understanding Syntax, Arnold A member of Hodder Headline Group, London.
25- Thomas, O. and Eugene, R. Kintgen. (1974), Transformational Grammar and the Teacher of English, Indiana University.
26- Trask, R. L. (1993), a dictionary of grammatical terms in Linguistics, Routledge: London.
27- Zeydan, A. I. (2002), A Syntactic study of prepositional phrases in the standard English and Bahdinani Kurdish, Salahadeen University, Hawler.

# مُلخَّص


هذا البحث، الذي أجري في اللغة الكوردية تحت عنوان "**هيكل العبارة في لهجتي كرمانج الأوسط و كرمانج الشمال**"، هو محاولة دقيقة، ونفذت علميا وموضوعيا، حيث أنواع وأقسام من العبارة وقواعدها هي في كل من اللهجتين وتم عرضها وفقا لنظرية الحكوم والتقيد ونظرية (X- بار) ويتجلى, وكما هو معروف هذه النظرية باسم "هيكل العبارة". بالإضافة إلى ذلك، تقوم فرضية هذه النظرية على تقسيم الفئات إلى رئيس ومكمل، الذي العبارة تحمل اسم رئيس. وقد قسم البحث إلى ثلاثة فصول:

وينقسم الفصل الأول أيضا الى ثلاثة أجزاء، يظهر في أول وحداتها الخلفية التاريخية لتطور هذه النظرية، هناك عرض الموضوعات الرئيسية لكل مرحلة مع أوجه القصور والعوامل لتطوير من مرحلة إلى مرحلة اخرى. تم تعيين وحداتها الثانية لشرح العبارة وهيكل عبارة كمصطلح تم توضيحها عن شروط وحدود ومستويات لغة مشتركة أو مشتركة تتعلق العبارة هو موضح. يتم عرض نوع بنية وحداتها الثالث وأنواع العبارة باللهجة الكرمانجية الأوسط.

ويتكون الفصل الثاني من وحدتين. في الوحدة الاولى تم توضيح بعض الميزات في بناء الجملة في لهجة الكرمانجية الشمالية. في وحدة ثانية تم توضيح هيكل العبارة وأقسامها في تلك اللهجة.

الفصل الثالث يتضمن القواعد والفروق بين كل من اللهجتين بأكملها. وفي خاتمة البحث، توصلنا الى بعض النتائج وعرضناهم بعدة نقاط، وواحد من النقاط المهمة هي:

هيكل العبارة في اللغة الكوردية من اللهجات الكوردية المذكورة، ستة أنواع، والتي هي (اسم العبارة، العبارة التحديدية، العبارة الوصفية، العبارة الظرفية، عبارة الجر وعبارة الفعلية)، وجميع العبارات في اللغة الكوردية باستثناء عبارة الجر وفقا لهياكلها الرئيس تقع في النهائية، ولكن العبارة الجر تقع في المقدمة، عبارة الجر هي من تلك العبارات القاطعة التي لديها خصوصيتها واستقلاليتها وفقا للغة، إمكانياته محدودة، واللغة الكوردية هي (SOV) منظم، ثم "رئيس" يجب دائما في (PP) يكون رئيس النهائي، ولكن هذه الحقيقة لا تلتزم بمبادئ ويعمل وفقا للمعايير الكوردية ورئيس في العبارة حرف الجر هو وجها الأولي، كما يختار مكملا لنفسها.

# Abstract

This research, conducted in Kurdish language under the title "***Phrase Structure in the Middle and Northern Kurmanji dialects***", is an attempt which has meticulously, scientifically and objectively been implemented, in which the types, kinds of phrase and their rules are in both dialects under Government and Binding Theory and according to (X-bar) is demonstrated; this theory is also known as "Phrase Structure". In addition, the hypothesis of the research is based on the division of the categories into head and complement, in which the phrase carries the name of head. The research is divided into three parts:

First part is subdivided in three other parts; the first sub-division shows the historical background of the development of the theory, there the main themes of each stage with its inadequacies and the factors for the development from one stage to another is presented. Second sub-division is set to explain phrase and phrase structure as terms and the limits and shared or common language levels related to phrase is illustrated. In The third sub-division type structure and kinds of phrase in the Middle Kurmanji dialect is explained.

The second part is made of two other sub-divisions; in the first one, few syntax features in Northern Kurmanji are clarified. In The Second, category structure and phrase types are dealt with.

Third part incorporates the entire rules and differences between both dialects. Finally, the conclusion of the research is demonstrated in several points, and below is one of the most crucial accomplished points in this research:

Phrase structure in the two mentioned Kurdish dialects, six types, which are (noun phrase, determiner phrase, adjectival phrase, adverbial phrase, prepositional phrase and verbal phrase), and all Kurdish language phrases except prepositional phrase according to their structures are head-final, but noun phrase is head-initial, prepositional phrase is from those categorical phrases which has its own independence and according to languages, its possibilities are limited, as Kurdish language is (SOV) structured, then, "head" must always in (PP) be head-final, but this fact does not abide by the principles and works in accordance with the Kurdish parameters and head in phrase preposition is head-initial, also chooses a complement for itself.